# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

هەینی ١ی خەزەڵوەری ١٣٩٤ _ ٢٣ی ئۆکتۆبری ٢٠١٥ | ژمارە: ٦٦٦ | www.kurdistanukurd.com


## بەشێک لە پێداویستییەکانی داعش لە لایەن ئێرانەوە دابین دەکرێ

دیپلۆماتێکی پێشووی ئێران ئاشکرای کردوە کە بەشێک لە پێداویستییە نیزامییەکانی گرووپی تێرۆریستیی داعش لە لایەن ڕژیمی ئێرانەوە دابین دەکرێ.

ئەبولفەزلی ئیسلامی، دیپلۆماتی پێشووی ئێران لە وڵاتی ژاپۆن، لە وتووێژێکدا باس لە هاوکاریی بەربڵاوی حکومەتی ئیسلامی ئێران لەگەڵ تاقمو گرووپە تێرۆریستییەکانی جیهان، بەتایبەت گرووپی تێرۆریستیی داعش دەکاو دەڵێ: لە وەتەی داعش لە ناوچەکە سەری هەڵداوە ئێران زۆرترین قازانجی لێکردوەو بە بیانووی هەبوونی ئەو گرووپە توانیویەتی جێگەو پێگەی خۆی زیاتر لە عێراقو سووریەدا قایمتر بکا.

ئەبولفەزلی ئیسلامی کە پاش هاتنە سەر دەسەڵاتی ئەحمەدینژاد لە ساڵی ٨٤ دا ئێرانی جێهێشت، لە وتووێژێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی «کەیهان» چاپی لەندەن باس لەوە دەکا کە لە کاتی کارکردنی دا لە وەزاەتی دەرەوەی ئێران، ئاگای لەوە بووە ئێران بە شێوەیەکی بەربڵاو پشتگیری تاقمو گرووپە توندڕەو و تێرۆریستییە دژ بە یەکەکانی کردووەو تەنانەت زۆر جار ئەو گرووپانە شەڕ لە نێوانیان دا هەبووەو ئێران هاریکاری کردوون بۆ نانەوەی پشێوی و ئاڵۆزی زیاتر.

**خالید عەزیزی:**

# ئەوەی بۆ حیزبی ئێمە گرینگە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە





لە کۆبوونەوەیەکی بەرینی تەشکیلاتی دا، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕاوبۆچوونی حیزبەکەی لە پێوەندی لە گەڵ ڕووداوەکانی ناوچەدا هێنایە بەر باس.

پێشنیوەڕۆی پینجشەممە، ٣٠ی ڕەزبەری ١٣٩٤ی هەتاوی و لە کۆبوونەوەیەکی گشتیی کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا، سکرتێری گشتیی حیزب، کاک خالید عەزیزی لە پێوەندی لە گەڵ چەند پرسێکی سیاسیی ڕۆژدا، سیاسەت و هەڵویستی حیزبەکەی هێنایە بەر باس.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات بە ئاوڕدانەوە لە ڕووداوە سیاسی و ئەمنییەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەت ئاڵۆزییەکانی سووریە، باسی لە ڕۆڵی زلهێزە جیهانییەکانی وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکاو ڕووسیە لە ڕووداوەکاندا کرد.

لە درێژەی ئەم تەوەرە لە باسەکەیدا بەڕێز عەزیزی ئاماژەی بە ڕۆڵی کۆماری ئیسلامی لە ڕووداوەکانی ناوچەکەدا کردوە وتی: ئێران لە ژێر تیشکی دوورکردنەوەی مەترسییەکان لە خۆی، بە شێوەی مەیدانی ڕۆڵی لە بشێوییەکانی ناوچەکەدا هەیەو وێدەچی حزووری ڕووسیە لە ناوچەکە قوەتی قەلبێک بێت بۆ کۆماری ئیسلامی. بەڵام لە کۆتایی دا زۆر زەحمەت دەبێ کە ئێران بتوانێ بە ئاسانی لەو بشێوییانە بە بێ خەسار ڕزگاری بێت.

لە درێـژەی قسەکانی دا بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان باسی لە ڕۆڵ و کاریگەریی کورد لە هاوکێشە ناوچەیەکان دا کردو پێش هەمووشتێک سەبارەت بە هەڵوێستی کورد بەرانبەر بە حزووری قودرەتە جیاوازە جیهانییەکان لە ناوچەکەدا وتی کە، پێویستە کورد لانیکەم لە کورتخایەن دا تەنیا خۆی بە بەرەیەکەوە نەبەستێتەوە. بەڕێزیان وتی ئێمە وەک کورد دەبێ هەوڵ بدەین زیاتر لە جاران لە سەر خەت بین و بە وردبینییەکی تایبەتەوە بەدواداچوونی ڕووداوەکان بکەین

سەبارەت بە هەڵوێست و ئەرکەکانی حیزبی دێموکرات لەم قۆناغەداو بەرانبەر بە ڕووداوەکانی ناوچەکە، خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات وتی: لەوانەیە هاتنی ڕووسیە بۆ ناو ڕووداوەکان و ناوچەکە بە پێی خوێندنەوەی کە لە سەر کورد هەیەتی، بە خراپ نەزانین. لە گەڵ ئەوەیکە دیسان پێداگرین لە سەر ئەوەیکە نابی کورد بەسەر جەمسەربەندییەکان دا دابەش بێت. حیزبی دێموکراتی کوردستان بە وردی بەدواداچوونی ڕووداوەکان دەکاو لە نەهایەت دا ئەوەی بۆ حیزبی ئێمە گرینگە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکراتە.

**بەیاننامە:**

## هەڵوێستمان لە بارەی ڕووداوە خوێناوییەکانی ئەم دوایانەی باشوور و باکووری کوردستانەوە

لە ڕۆژی هەینیی ڕابردوو ٩ی ئۆکتۆبرەوە، زنجیرە خۆپێشاندانێکی نارەزایەدەربڕین لە شارەکانی دوو پارێزگای سلێمانی و گەرمیانی هەرێمی کوردستان دەستیان پێ کردوە. دەسپێکی ئەم نارەزاییدەربڕینە لە شاری قەلادزێ بوو کە هێرشبردن بۆ سەر بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان و کوژران و بریندار بوونی چەند کەس لە خۆپێشاندەرانی لێ کەوتەوە. خۆپێشاندانی نارەزاییدەربڕین هەر ئەو ڕۆژە و ڕۆژانی دواتر چەند شار و شارۆچکەی دیکەشی گرتەوە کە لە زۆربەیان دا بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بوون بە ئامانجی بەردباران و سووتاندن. لە ئاکامی دەسرێژی پاسەوانانی ئەو بنکانە و ڕووبەڕوو بوونەوەی هێزە ئەمنیەتییەکان لە گەڵ خۆپێشاندەران، ژمارەیەکی دیکە گیانیان لە دەست دا و دەیان کەسیش بریندار بوون. نارەزایەتیدەربڕینی تێکەڵ بە توند و تیژی بە داخەوە هەتا ئێستاش بەردەوامە.

ڕۆژی شەممەی ڕابردووش متینگی ئاشتیانەی هادەپ(پارتی دیموکراتی گەلان) لە شاری ئانکارا بوو بە ئامانجی دوو تەقینەوەی تیرۆریستی و لە ئاکامی ئەو تەقینەوانە دا، نزیکەی ١٠٠ کەس لە بەشدارانی ئەو متینگە گیانیان لە دەست دا و ژمارەکیش بریندار بوون. ئەو متینگە جەماوەرییە بە بەشداریی کوردەکان و چەپەکانی وڵاتی تورکیە بۆ پشتیوانی لە بەرنامەکانی "هەدەپ" لە هەڵبژاردنی پارلمانیی ١ی نوامبری داهاتوودا پێک هاتبوو.

حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پێکهاتنی هەر دووی ئەم ڕووداوە خوێناوییانە بە داخەو بە بۆنەی گیان لە دەستدان و برینداربوونی ژمارەیەکی زۆر خەڵکی سڤیل لەم ڕووداوانە دا، لەگەڵ خەڵکی باکوور و باشووری کوردستان بە گشتی و بنەماڵەی قوربانییەکان بە تایبەتی، هاودەردی دەکا. پێکهێنانی متینگی ئاشتیخوازانە و ململانێی شارستانیانە لە ڕەوتی هەڵبژاردنێکی دیموکراتیک دا، هەر وەها خۆپێشاندان و نارەزایەتی دەربڕینی هێمنانە بە مافی بێئەملاو ئەولای خەڵک لە باکوور و باشوور و هەموو جێیەک دەزانین. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە هێرشی تیرۆریستی بۆ سەر متینگی ئاشتیانەی کوردەکان و چەپەکان لە ئانکارا مەحکووم دەکەین و، پەنابردن بۆ توند و تیژی نواندن بەرامبەر نارەزایەتیدەربڕینی خەڵک و هەر جۆرە کردەوەیەکی ناتەبا لە گەڵ حەرەکەتی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان، ڕەت دەکەینەوە.

ل ٢

## «پ ک ک» یەکلایەنە ئاگربەسی کاتیی ڕاگەیاند

پارتی کرێکارانی کوردستان لە بەر هەڵبژاردنەکانی پارلمانی تورکیەدا کە لە سەرەتای مانگی نۆڤامبردا بەڕێوەدەچێ، ئاگربەسی کاتی ڕاگەیاند.

ڕاگەیەندرانی ئاگربەس لە لایەن «پ ک ک» چەند کاتژمێر پاش ئەوە بوو کە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٨ی ڕەزبەر، دوو تەقینەوە دوابەدوای یەک لە وێستگەی شەمەندەفەری ئانکارا، هەر نەبێ ٣٠ کوژراو و ١٢٦ برینداری لێ کەوتەوە.

چالاکانی چەپو هێزە کوردییەکان لەسەر بانگهێشتی حیزبی دێمۆکراتیکی گەل، HDP و بە مەبەستی نارەزایەتیی دەربڕین بە بەردەوامیی توندوتیژییەکان لە باکووری کوردستان لەم شوێنە کۆ بوونەوە.

لە بەیاننامەی پارتی کرێکارانی کوردستاندا هاتووە کە «پ ک ک» بە مەبەستی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان لە کەشێکی هێمندا هێرشو پەلامارەکانی خۆی بۆ سەر هێزەکانی تورکیە ڕادەگرێ. لەم بەیاننامەیەدا ئاماژە بەوەش کراوە کە پ ک ک پلانی هیچ هێرشێکی نابێ، بەڵام بێتوو هێرشی بکرێتە سەر دەست دەکاتەوەو بەرگری لە خۆی دەکا.

پاش شکاندنی ئاگربەسی ٢ ساڵەی دەوڵەتی تورکیەو پ ک ک لە مانگی ژوئیەی ٢٠١٥، بۆ جارێکی دیکە توندوتیژیو شەڕ و ئاژاوە لە باکووری کوردستان پەرەی سەند. ئەرتەشی تورکیە لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا چەندین جار پەلاماری بنکەو بارەگاکانی «پ ک ک»ی لە ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان داوە و لە بەرامبەریشدا هێزەکانی پ ک ک چەند جار پەلاماری پۆلیسو هێزە نیزامییەکانی تورکیەیان داوەو لەو ماوەیەدا سەدان کەس لە دوولایەن کوژراوو بریندار بوون.

## کوژرانو بریندار بوونی ٣٣ کەس لە سیستانو بەلووچستان بە تەقەی هێزەکانی ڕێژیم

تەقەی ڕاستەوخۆی مەئموورە ئینتزامییەکانی ڕێژیم لە ماوەی ٦ مانگی سەرەتای ئەمساڵدا لە پارێزگای سیستان و بەلووچستان، ٣٣ کوژراو و برینداری لێ کەوتۆتەوە.

لە ماوەی ٦ مانگی سەرەتای ئەمساڵدا، لە پارێزگای سیستان و بەلووچستان ٢٧ کەس بە هۆی تەقەی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم کوژراونو ٧ کەسیش بریندار بوون، لە نێو ئەم کەسانەدا چواریان ژنو منداڵ بوون.

بەپێی ڕاپۆرتی کەمپەینی چالاکانی بەلووچ لە زۆربەی ئەم حاڵەتانەدا هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم تەنیا بە گومانی پێبوونی شتوومەکی قاچاغ وەک گازۆڵ تەقەیان لەم خەڵکە بێدیفاعە کردووە، بەڵام دوایە دەرکەوتوە کە جگە لە چەند کەسێک لەوانەی تەقەیان لێ کراوە، هیچ کامیان باری قاچاغیان پێ نەبووە تەقە کردنی هێزەکانی ڕێژیم لەوان هیچ پاساوێکی قانوونی هەڵناگرێ و تەنانەت لە هێندێک حاڵەتیشدا گوللە بەر کەسانی ڕێبوار کەوتووە.

لە نێو سەرجەم ئەم کەسانەدا تەنیا ٩ کەس لە نزیک هێڵی سنووریی بەلووچستان لە نێوان ئێرا و پاکستان تەقەیان لێ کراوە و بەم هۆیەوە یان کوژراون یا بریندار بوون و ئەوانی دیکە لە ئاواییەکان، جادە ترانزیتییەکان، پاسگاکانی سەر ڕێگای شارەکانو لە حاڵەتێکیشدا لە نێوەڕاستی شاردا تەقە لە خەڵک کراوە.

ئەم کەمپەینە لە درێژەدا ڕایگەیاندووە، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا مەئموورەکانی هێزی ئینتزامی پاش تەقە کردن شوێنی ڕووداوەکەیان بەجێ هێشتووەو بەرپرسایەتیی جینایەتەکانیان وە ئەستۆ نەگرتووە.




سەرنجێک لە دادپرسی لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا
٤



داهاتووی نارۆونی سووریە!
٥



ئاوڕێک لە پرۆژە و هێز و ستراتێژیی مووشەکیی ئێران
٦



سەپاندنی هەڵبژاردنەوە، خۆبواردنێکی ڕاشکاوانە
٧



دەژمنایەتی لەگەڵ ڕۆژئاوا تەنیا خاڵی هاوبەشی ئێران و ڕووسییە
٨

کوردستان
ژمارە: ٦٦٦
١ی خەزەڵوەری ١٣٩٤ _ ٢٣ی ئۆکتۆبر ٢٠١٥

### خالید عەزیزی:
## بە بێ دابەشبوون بە سەر جەمسەرەکاندا، پێویستە وەک کورد زیاتر لە جاران لە سەر خەت بین

لە کۆبوونەوەیەکی بەرینی تەشکیلاتی دا، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان راوبۆچوونی حیزبەکەی لە پێوەندی لە گەڵ رووداوەکانی ناوچەدا هێنایە بەر باس.

پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ پێنجشەممە، رێکەوتی ٣٠ی رەزبەری ١٣٩٤ی هەتاوی و لە کۆبوونەوەیەکی گشتیی کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا، بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب، کاک خالید عەزیزی لە پێوەندی لە گەڵ چەند پرسێکی سیاسیی رۆژدا، سیاسەت و هەڵویستی حیزبەکەی هێنایە بەر باس.

لە سەرەتای ئەم کۆبوونەوەیەدا کە بە سەدان کەس لە تێکۆشەرانی دێموکرات تیایدا بەشداربوون، بەڕێز سکرتێری حیزبی دێموکرات بە ئاوڕدانەوە لە رووداوە سیاسی و ئەمنییەتییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەت ئاڵۆزییەکانی سووریە، باسی لە رۆڵی زلهێزە جیهانییەکانی وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکاو رووسیە لە رووداوەکاندا کرد.

لەم پێوەندییەدا بەرێزیان وتی: ئەمڕۆژانە ئاڵوگۆڕو رووداوەکان زۆر خێراتر لەوە دەچنە پێش کە پێشبینی دەکران. بەتایبەت هاتنی رووسیە بە کردەوە بۆ نێو گۆرەپانەکە هێندەی دیکە رووداوەکانی ئاڵۆزتر کردوە. هەر بۆیە خوێندنەوەی رووداوەکانی دیقەتی زیاتریان پێویستە.

لە درێژەی ئەم تەوەرە لە باسەکەیدا بەڕێز کاک خالید عەزیزی ئاماژەی بە رۆڵی کۆماری ئیسلامی لە رووداوەکانی ناوچەکەدا کردوە وتی: ئێران لە ژێر تیشکی دوورکردنەوەی مەترسییەکان لە خۆی، بە شێوەی مەیدانی رۆڵی لە بشێوییەکانی ناوچەکەدا هەیەو وێدەچی حزووری رووسیە لە ناوچەکە قوەتی قەلبێک بێت بۆ کۆماری ئیسلامی. بەڵام لە کۆتایی دا زۆر زەحمەت دەبێ کە ئێران بتوانێ بە ئاسانی لەو بشێوییانە بە بێ خەسار رزگاری بێت.

لە درێژەی قسەکانی دا بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان باسی لە رۆڵ و کاریگەریی کورد لە هاوکێشە ناوچەییەکان دا کردو پێش هەمووستێک سەبارەت بە هەڵوێستی کورد بەرانبەر بە حزووری قودرەتە جیاوازە جیهانییەکان لە ناوچەکەدا وتی کە، پێویستە کورد لانیکەم لە کورتخایەن دا تەنیا خۆی بە بەرەیەکەوە نەبەستێتەوە. بەڕێزیان وتی ئێمە وەک کورد دەبێ هەوڵ بدەین زیاتر لە جاران لە سەر خەت بین و بە وردبینییەکی تایبەتەوە بەدواداچوونی رووداوەکان بکەین و بە پێچەوانەی رەوتی رووداوەکانی چەن دەیەی رابردوو، ئێستا کورد لە رووداوەکانی ناوچەکەدا فاکتەرێکی بەرچاو و کاریگەرە.

سەبارەت بە هەڵوێست و ئەرکەکانی حیزبی دێموکرات لەم قۆناغەداو بەرانبەر بە رووداوەکانی ناوچەکە، خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات وتی: لەوانەیە هاتنی رووسیە بۆ ناو رووداوەکان و ناوچەکە بە پێی خوێندنەوەی کە لە سەر کورد هەیەتی، بە خراپ نەزانین. لە گەڵ ئەوەیکە دیسان پێداگرین لە سەر ئەوەیکە نابی کورد بەسەر جەمسەربەندییەکان دا دابەش بێت. حیزبی دێموکراتی کوردستان بە وردی بەدواداچوونی رووداوەکان دەکاو لە نەهایەت دا ئەوەی بۆ حیزبی ئێمە گرینگە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکراتە.

لە پێوەندی لە گەڵ هەرێمی باشووری کوردستان و رۆلی ئەم بەشە لە کوردستان وەک یەکەیەکی سیاسیی خاوەن دەسەڵات لە ناوچەکەدا، بەڕێز خالید عەزیزی وتی: کارتی بەرەندەی هەرێمی باشووری کوردستان شەر لە گەڵ بەرەی تێرۆرەو ئەمەیش مەوقعیەتی هەرێمی لە ئاستیکی بەرز دا پیناسە کردوە. بەڵام ئەوەی جێی نیگەرانییە، رووداوەکانی ئەم دواییانەی ناوخۆی باشووری کوردستانە. هێزە سیاسییەکانی هەرێم نابێ ئیزن بدەن کێشە ناوخۆییەکانیان لە قورساییان لە سەر ئاستی رووداوەکانی ناوچەو شەر بە دژی داعش کەم بکاتەوە.

هەر لە پێوەندی لە گەڵ کێشە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان دا سکرتێری حیزبی دێموکرات وتی: ئێمە وەک حیزبی دێموکرات دەخاڵەت لە کاروباری باشووری کوردستان دا ناکەین و تەنیا هیوادارین کە کێشە ناوخۆییەکانیان نەبێتە هۆی دابەزینی قورسایی رۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە رووداوەکانی دەورووبەردا. بەڕێز عەزیزی وتی: ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دانیشتمان لە گەڵ هێزە سیاسییەکانی باشووری کوردستاندا هەوڵمان داوە باس لە مەترسییەکانی ئەم کێشە ناوخۆییانە بکەین و بە چاوی هیواو هومێدەوە روانیومانەتە دەسکەوتەکانی هەرێمی کوردستان.

لە پێوەندی لە گەڵ بارودۆخی ئەمڕۆی تورکیەو کێشەی کورد لەم بەشە لە کوردستاندا بەڕێز عەزیزی بە ئاوڕدانەوە لە هەوڵ و تێکۆشانی سیاسی و مەدەنی و جەماوەریی کورد لە باکووری کوردستان، پێی وابوو کورد لەم بەشە لە کوردستان زۆر باش توانیویەتی لە مەجالەکان کەڵک وەربگرێت و بەرەوپێش بچێت. بەڵام بەرێزیان نیگەرانیی خۆی لە رووداوەکانی ئەم چەند مانگەی دوایی لە تورکیەو باکووری کوردستان دەربرێ و وتی: لە دوایین هەڵبژاردنەکانی پارلمانی لە تورکیەدا کورد توانی دەسکەوتێکی باش وەدەست بێنێ کە بەداخەوە بە هۆی باش عەمەڵ نەکردنی دەوڵەتی ئەردۆغان و هێندێک لایەنی کوردی کە دەیانتوانی دان بە جەرگی خۆیان دا بگرن و بیانوو بەدەستەوە نەدەن، ئێستا وەزعەکە باش نیە. بەڵام ئەوەی بۆ کورد لە باکوور گرینگە و پێویستە کاری لە سەر بکرێ گەرانەوەیە بۆ سەر مێزی دانووستان و بەرەوپێشبردنی پرۆژەی ئاشتەوایی لە تورکیە.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا کاک خالید عەزیزی باسی لە بارودۆخی ئەمڕۆ ئێران کردو بە ئاماژەدان بە سازانی کۆماری ئیسلامی و رۆژاوا لە سەر پرسی ناوکی، پێیان وابوو ئێران لە سەر ئاستی دەرەکی دا توانیویەتی کرانەوەیەک لە خۆی نیشان بدات و بۆ جاریکی دیکە سەرنجی کۆمەڵگای نیونەتەوەیی بۆ لای خۆی رابکێشێ، بەڵام لە سەر ئاستی ناوخۆیی دا رێژیم بێ بەرنامەیەو شتێکی وا نەکراوە کە خەڵک هەست بە گۆڕان بکەن و پێی هیوادار بن.

لە چەند بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا بەرێز کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان باسی لە چەند پرسێکی ناوخۆیی نێو رێزەکانی حیزبی دێموکرات کرد کە لە لایەن تێکۆشەرانی بەشداری کۆبوونەوەکەوە بە گەرمی یەوە پێشوازییان لێ کرا.



### سکرتێری گشتی حدک:
## هیچ هێزێکی پارچەکانی دیکەی کوردستان نابێ دەخاڵەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا بکا

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەڵێ: «لە گەڵ ئەوەیکە پێوەندییەکی وڵامدەر لە نێوان هێزەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دا بە دی ناکرێ و تا ئێستا گوتارێکی هاوبەشی سیاسیمان نییە، بەڵام گەشبینم بە داهاتوو.

بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وتوێژێکی تایبەت لە گەڵ کاناڵی تلویزیۆنیی (کەی. ئێن. ئێن) لە پێوەندیی لە گەڵ چەند پرسێکی تایبەت بە حیزبی دێموکرات و رۆژهەڵاتی کوردستان دا روانگە و بۆچوونەکانی خستە روو.

بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم وتوێژەیدا روو بە خەڵکی کوردستان لە پێوەندیی لە گەڵ هەڵوێستیان سەبارەت بە پرسی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی مەجلیسی شوورای ئیسلامی ئێران وتی: لە گەڵ ئەوەیکە جارێ کاتی هەڵوێست گرتن نیەو چەند مانگێکمان بۆ هەڵبژاردنەکان ماوە، بەڵام خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بە هەموو پێکهاتە جۆراوجۆرەکانییەوە، بە شیعەو سووننی و یارسان و ئایینەکانی دیکەوە دەبێ تەنیا وەک کورد هەڵوێستیان هەبێ و داخوازییەکانیان روو بە دەسەڵات بەرز بکەنەوە.

لە بەشێکی دیکەی وڵامەکانی دا بەڕێزیان روو بە چالاکانی مەدەنی و سیاسی لە نێوخۆی وڵات وتی: ئەوان پێویستە بەدواداچوون بۆ داخوازییەکانیان لە دەوڵەتی رووحانی بکەن و لە داواکانیان پاشگەز نەبنەوە.

لە پێوەندی لە گەڵ جۆری روانینی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ پرسی هەڵبژاردنەکان لە نێوخۆی ئێران بەڕێز کاک خالید عەزیزی وتی: ئێمە وەک حیزبێکی سیاسی هەوڵ دەدەین لە دەرفەتەکان بۆ مەترەح کردنەوەی ویست و داخوازەکانی خەڵکی کوردستان کەڵک وەربگرین. بۆیە زۆر جار لە کاتی هەڵبژاردنەکانی ئێران دا پێمان باش بووە لە خانەی بەرژەوەندیی پرسە سیاسییەکانی خەڵکی کوردستان دا، داوا لە چالاکانی سیاسی و مەدەنی بکەین کە چالاکانە بەشداریی پرسەکە بن و داخوازەکانیان مەترەح بکەنەوە. بۆیە ئێمە بە تەعەهوودەوەو لە خانەی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان دا بۆ جۆری هەڵوێستمان بەرانبەر بە پرسە سیاسییەکان لە نێوخۆی وڵات دەڕوانین.

هەر لەم دیدارە تایبەتەیدا لە گەڵ کاناڵی کەی. ئێن. ئێن، بەڕێز سکرتێری حیزبی دێموکرات باسی لە شێوازەکانی خەباتی حیزبی دێموکرات کردو لە وڵامی پرسیارێک دا سەبارەت بە وتوێژی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە گەڵ دەسەڵاتدارانی تاران، وتی: ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان هەرگیز موخالیفی وتوێژ لە گەڵ رێژیمی ئێران نەبووین و پێمان وایە تەنیا رێگەچارەی چارەسەریی پرسی کورد دانووستان وتوێژکردنە.

لە پێوەندیی لە گەڵ ئێران و داهاتووی پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا، بەڕێز خالید عەزیزی بە زمانێکی رەخنە گرانە، نیگەرانیی خۆی لە پێوەندیی نێوان هێزە سیاسییەکانی ئەم بەشە لە کوردستان دەربڕی و وتی: بەداخەوە ئێمە وەک هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان پێوەندییەکی باش و یەکگرتووانەمان لە گەڵ یەکتردا نیە و هەڵوێستمان بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامی ئێران لاوازە و وڵامدەری ئەم قۆناغە نیە. بەرێزیان هەر لەم پێوەندییەدا وتی: ئێمە بە باشی ئاگاداری ئاڵوگۆڕەکان لە ناوچەکەدا هەین، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا نەمانتوانیوە گوتارێکی هاوبەش لە نێوخۆمان دا بۆ چونیەتی خۆرێکخستنمان و رووبەرووبوونەوە لە گەڵ رووداوەکان چێ بکەین. ئێمە پێویستیمان بە پێناسەکردنەوەیەکی نوێ لە ئێران و داهاتووی خۆمان هەیە، کە بەداخەوە هێندێک لە هێزە سیاسییەکان بە هۆی چەقینیان لە پێناسە کۆنەکان دا، توانایی دەرکی ئێستاو ئایەندەیان نیە.

سەبارەت بە پێوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە گەڵ هێزو لایەنەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان دا بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات وتی: ئێمە لە گەڵ هەموو هێزەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان دا پێوەندییەکانمان لە ئاستێکی باش دایە و راشکاوانە و بەردەوام رامانگەیاندووە کە هیچ هێزێکی پارچەکانی دیکەی کوردستان نابی دەخالەت لە کاروباری رۆژهەڵاتی کوردستان دا بکا.

سەبارەت بە خوێندنەوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و پلانی ئەم حیزبە بۆ داهاتوو، بەرێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان وتی: ئێمە وەک حیزبی دێموکرات راشکاوانە رەخنەمان لە رابرووی خۆمان گرتووەو بە گرینگییەوە دەڕوانینە رۆڵی چالاکانی نێوخۆی وڵات و هەوڵمان داوە لەم چەند ساڵەی دوایی دا بە پێوەندی گرتن بە چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی نێوخۆی وڵات و بەتایبەت چالاکانی سیاسی و مەدەنی، پێوەندییەکی باش لە نێوان




## سەردانی پارتی یەکیەتیی دێموکڕاتیک لە دەفتەری نوێنەرایەتیی حدک لە هەولێر

شاندێکی پارتی یەکیەتیی دێموکڕاتیک « پە یە دە« سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی لە هەولێر کرد.

رۆژی سێ شەممە ٢١ی رەزبەر شاندێکی پێوەندییەکانی پارتی یەکێتی دێمۆکراتی « پە.یە.دە « لە هەولێر پێکهاتوو لە یاسین کۆبانیو ئالان سلیڤی سەردانی نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی لە هەولێر کرد و لە لایەن ئیبراهیم زێوەیی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو حسن کاکیلی، کادری پێوەندییەکانی حیزب لە هەولێر پێشوازییان لێ کرا .

لەو کۆبوونەوەیەدا ئیبراهیم زێوەیی پیرۆزبایی بەستنی کۆنگرەی « پەیەدە «ی لە شاندی پارتی یەکیەتیی دێموکڕاتیک کردو، دواتر کۆمەڵێک بابەتو پرسی پێوەندیدار بە کێشەی کورد لە هەموبەشەکانی کوردستان ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کرا.لەو دانیشتنەدا ئاڵووگۆڕە نوێیەکان لە خۆراوای کوردستان، باکوورو



ڕۆژهەڵاتو هەروەها ڕەوتی ڕووداوەکان لە باشووری کوردستان هاتنە بەر باسو دوو لایەن خوێندنەوەو سیاسەتی حیزبی خۆیان لەو پێوەندییەدا هێنایە بەرباس.

لە کۆتایی دانیشتنەکەشدا پێداگری لە سەر بەردەوامیی پێوەندی دوولایەنەی نێوان حیزبی دێمۆکراتو پەیەدە، رۆژهەڵاتو رۆژاوای کوردستان کرایەوەو چۆنیەتیی بەهێزترکردنی ئەو پێوەندییانە تاوتوێ کران.

### درێژە:
## هەڵوێستمان لە بارەی ڕووداوە خوێناوییەکانی ئەم دوایانەی باشوور و باکووری کوردستانەوە

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر گرژی و ئاڵۆزییەکانی نێو هەرێمی کوردستان، پێمان وایە ئەم جۆرە ڕووداوانە کێشە و قەیرانەکانی هەرێمی کوردستان قووڵترو کەلێنی نێوان هێزە سیاسییەکان لە گەڵ یەکترو مەودای نێوان ئەو هێزانە و خەڵکی ناڕازی گەورەتر دەکەنەوە. ئەگەرهەموو لایەنەکان بەرپرسانە ڕووبەڕووی ئەم گرژی و ئاڵۆزییانە نەبنەوە و بە زوویی لە پارلمان و لە دانیشتن و ڕێککەوتنی نێوان سەرکردایەتیی هێزە سیاسییەکان دا، وڵامێکی شیاو بە ناڕەزایەتییەکانی خەڵک نەدەنەوە و چارەسەر بۆ کێشەکان نەدۆزنەوە، پڕۆسەی سیاسی و سەقامگیری لە هەرێمی کوردستان دەکەوێتە مەترسی و بە دوور نازانرێ جارێکی دیکە مێژووی تاڵی دەیەکانی ڕابردووی ئەم هەرێمە دووپات بێتەوە . بانگەوازی ئێمە بۆ هەموو لایەنەکان، وشیاری ، پشوودرێژی، هەستکردن بە بەرپرسایەتی و پەنابردن بۆ دیالۆگ و دانیشتن و ڕێککەوتن لە پێناو بەرژەوەندییە نەتەوەیی و گشتییەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستانە.

لە پێوەندی لە گەڵ ئەو هەڕەشە و بەربەستانەش دا کە بە تازەیی و لە رابردووش دا لە تورکیە ڕووبەڕووی هەدەپ و بەشداریی چالاکانەی کوردەکان لە پڕۆسەی هەڵبژاردنەکان دا بوونەوە، هیوادارین دەستەکانی پشتی ئەم کردەوە تیرۆریستیانە ئاشکرا و ڕیسوا بکرێن. هومێدیشمان وایە هەر وەک لە ڕابردوو دا ئەم جۆرە تاوانانە نەیانتوانیوە خەڵکی باکووری کوردستان لە قۆزتنەوەی دەرفەتە سیاسییەکان بۆ بردنە پێشی پرسی رەوای خۆیان سارد بکەنەوە، ئەمجارەش بە شێلگیرییەکی زیاترەوە لە مەیدان دابن ودەرفەتی هەڵبژاردنی داهاتوو بە باشترین شێوە بۆ سەلماندنی سەنگی خۆیان و بەرەو پێشبردنی پرسی نەتەوەیی و سیاسیی خۆیان بە کار بێنن.

حیزبی دیموکراتی کوردستان
دەفتەری سیاسی
١١ی ئۆکتۆبری ٢٠١٥
١٩ی ڕەزبەری ١٣٩٤

## هەوڵی زانکۆی ڕازیی کرماشان بۆ کردنەوەی کۆلیژی زمانی کوردی



زانکۆی رازیی کرماشان هەوڵی دامەزراندنی کۆلیژی زمانی کوردی دەدا.

لە درێژەی رەوتی پەرەگرتنی خوێندنو وەشان بە زمانی کوردی لە ئێران دا، راوێژکاری پارێزگاری کرماشان ئاشکرای کرد کە پلانی دامەزراندنی کۆلیژی زمانی کوردی لە زانکۆی رازیی ئەو شارەیان پێشکەش بە کاربەدەستانی وەزارەتی زانست کردوە.

رەمەزان دێهنەوی لەم بارەوە رایگەیاند کە ئەگەر پلانەکەیان پەسند بکرێ، ئەوە کۆلیژی کوردی لە زانکۆی رازیی کرماشان لە ساڵی خوێندنی داهاتووە خوێندکار وەردەگرێ.

وتیشی کە ئەگەرچی پێشتر قەرار بوو کۆلیژی بەشی کوردی لە شاری سنە بکرێتەوە بەڵام ئەوان هەوڵەکانی خۆیان بۆ دامەزراندنی ئەو بەشە لە شاری کرماشان چڕ کردەوەو قەرارە ئەم کۆلیژە لە زانکۆی رازیی کرماشان بکرێتەوە.

دێنهەوی، راوێژکاری پارێزگاری کرماشان لەم بارەوە رایگەیاند کە ئەوان بە تەمان بە شێوەیەکی گشتی‌تر کۆلیژی ئایینو مەزهەبە جیاوازەکان لە پارێزگای پارێزگای کرماشان کە خوێندنو فێرکردنی زمانی کوردی لە بەرنامەی کاریی خۆی دا هەیە، لە شاری کرماشان بکرێتەوەو ببێ بە تەوەری سەرجەم پارێزگاکانی رۆژهەڵاتی کوردستان.

## بەشداریی کۆمیتەی ئاڵمانی حدک لە خۆپیشاندانێک بە دژی کۆماری ئیسلامی



خۆپیشاندانێک بۆ مەحکومکردنی سیاسەتی ئێعدامو سەرکوتی خەڵک لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، شاری کۆڵنی ئاڵمان بەڕێوەچوو.

لەو خۆپیشاندانەدا ئەندامانی کۆمیتەی حیزب لە ئاڵمان بەشدارییان تێداکرد.

بە مەبەستی مەحکوومکردنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیو دەربڕینی دەنگی نارەزایەتی بەندکراوانی سیاسی ئێرانو کوردستان، لە خۆپیشاندانێکدا کە بەبۆنەی ١٠ ی ئۆکتۆبر، ڕۆژی دژ بە ئێعدام لە شاری کۆلن ڕێکخرابوو، کۆماری ئیسلامیی ئێران سەبارەت بە جێبەجێ کردنی حوکمی ئێعدام بە تایبەت ئێعدامی زیندانیانی سیاسی مەحکوم کرا.

لەم کۆبونەوەیەدا چەندین وتار بە دوو زمانی کورد و ئاڵمانی سەبارەت بە دژایەتی لەگەڵ حوکمی ئێعدامو مەحکومکردنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران خوێندرایەوە، هەروەها پەیامی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی لە وڵاتی ئاڵمان لەلایەن سوڵتان گوڵاوی پێشکێش کرا.

## سەپاندنی سزای ٦ ساڵ زیندان و ٢٢٣ قامچیی بەسەر سینەماکارێکی کورددا

کەیوان کەریمی، سینەماکاری کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بڕیاری دادگای شۆڕشی شاری تاران سزای ٦ ساڵ زیندانی لەگەڵ لێدانی ٢٢٣ی قامچیی بەسەردا سەپا.

لقی ٢٨ ی دادگای شۆڕشی شاری تاران کەیوان کەریمی، سینەماکاری لاوی خەڵکی بانەی بە تۆمەتی»پڕۆپاگەندە بە دژی کۆماری ئیسلامی» ئیسلام» دادگایی کردوە و سزای قورسی ٦ ساڵ زیندانی و هەروەها لێدانی ٢٢٣ی قامچیی بەسەردا سەپاوە.

کەیوان کەریمی، دەرهێنەری کوردی خەڵکی شاری بانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە زۆربەی بەرهەمە سینەماییەکانی پێشاندانی کێشە و مەینەتییەکانی کورد لە ئێرانە.

ئەو پێشتریش لە کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٣ دا بە هۆی بەرهەمهێنانی فیلمی «نووسینی شار» دەستبەسەر کرا.



فیلمی «سنووری شکاو» بەرهەمێکی دیکەی کەیوان کەریمییە کە بە ڕوونی تیشکی خستۆتە سەر ژیانی کۆڵبەرانی کورد و دۆخی نالەباری ژیانیان. ئەو فیلمە تا ئێستا لە ٦٥ فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیدا پیشان دراوە و ١١ خەڵاتی نێودەوڵەتیی وەرگرتوە، کە خەڵاتی فستیڤاڵی « تولفا» لە ئیتالیا یەک لەوانە.

هەروەها فیمی «ژن و مێردی کرێکار» یەکێکی دیکە لە فیلمەکانی ئەم دەرهێنەرە کوردە کە لە ساڵی رابردو خەڵاتی باشترین فیلمی لە فێستیڤاڵی «سوررئالید»ی وڵاتی کۆلۆمبیای وەدەست هێنا.

فیلمی «نووسینی شار» نوێترین بەرهەمی کەیوان کەریمییە کە هێشتا لە ئێران بە شێوەی گشتی نەخراوەتە بەر چاوی بینەران، ئەم فیلمە باس لە مێژی دیوارنووسی و گرافیکە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی پاش شۆڕشی ئێران دەکات.

## بەرز بوونەوەی سەدی ٥٥ی ڕێژەی ژنانی سەرپەرستی خێزان لە ئێران



ژمارەی ژنانی سەرپەرستی خێزان لە ئێران هەر دێو زیاد دەبێو کاربەدەستانیش دەڵێن ئەوە خۆی خەسارێکی دیکەی بە خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی ئێران زیاد کردوە.

سەرۆکی ڕێکخراوی بێهزیستیی ئێران دەڵێ: لە ساڵی ٧٠ی هەتاوی‌دا ژمارەی ژنانی سەرپەرستی بنەماڵە لە ئێران١ میلیۆن و ٢٠٠ هەزار کەس بوو، لە ساڵی ٨٥ ئەم ئامارە گەیشتە ١ میلیۆن و ٦٠٠ هەزار کەسو، لە ساڵی ٩٠ هەتا ٢ میلیۆن و ٥٠٠ هەزار کەس زیادی کردوە، ئەوەش نیشانەی پەرەسەندنی سەدی ٥٥ ی ئەم خەسارە کۆمەڵایەتییەیە.

بەپێی ئاماری ڕاگەیەندراو لە لایەن جێگرایەتیی کاروباری ژنان و بنەماڵەی بنیاتی سەرکۆماری زیاتر لە سەدی ٧٠ی ژنانی سەرپەرستی خێزان نەخوێندەوارن.

سەرۆکی ڕێکخراوی بێهزیستیی ئێران دەڵێ: ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییە لە پەنا گۆڕینی ئۆلگووی مەسرەفی موعتادەکان لە مادەی سوننەتییەوە بۆ ماددەی هۆشبەری سەنعەتی، نەبوونی سۆز و خۆشەویستی و کەمبوونەوەی کاتی پێکەوەبوون بە گرینگترین خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای ئێران دادەنرێن.

سەرۆکی ڕێکخراوی بێهزیستیی ئێران وێڕای ڕاگەیاندنی بەداخبوون لە بابەت ڕەوتی ڕوو لە زیاد بوونی خەسارە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێران گوتی: لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا نەتەنیا هیچ کام لە خەسارە کۆمەڵایەتییەکان لە کەمییان نەداوە، بگرە بە بەردەوامی زیاتر دەرکەوتوونو ئاسەواری خراپیان بەرچاوتر بووە.

## بەرزبوونەوەی سەدی ١١ ڕێژەی تەڵاق لە مەهاباد



لە ٦ مانگی سەرەتای ئەمساڵداو بە بەراورد لە گەڵ ٦ مانگی سەرەتای ساڵی رابردوو، ڕێژەی تەڵاق لە مەهاباد سەدا ١١ زیادی کردوە.

بەرپرسی ئیدارەی سەبتی ئەحواڵی شاری مەهاباد گوتی کە لەم ماوەیەدا ڕێژەی تەڵاق پتر لە سەدی ١١ بەرز بۆتەوەو ئەم ڕێژەیە لە نێو شار لە سەدا ٩ و لە گوندەکانی دەوروبەری مەهاباد گەیوەتە سەدی ١٢.

بە پێی قسەکانی میکاییلی، بەرپرسی ئیدارەی سەبتی ئەحواڵی شاری مەهاباد لە ٦ مانگی سەرەتای ئەمساڵدا ٣٠٢ بابەتی تەڵاق تۆمار کراوە کە لەم ژمارەیە ٢٤٣ بابەتیان لە نێو شاری مەهاباد بووەو ٥٩ بابەتی دیکەش لە گوندەکان ڕوویان داوە.

ئەم بەرپرسە باسی لە کەمکردنی ڕێژەی پێکهێنانی ژیانی هاوبەشیش کردو گوتی لە ماوەی ٦ مانگی سەرەتای ئەمساڵدا هەزار و ١١٨ بابەتی پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش لە شاری مەهابادا تۆمار کراوە، کە ئەم ڕێژەیە لە چاو ٦ مانگی سەرەتای ساڵی رابردوو ١٣٢ حاڵەت لە کەمی داوە.

ڕەحیم خۆش پەرواز، بەرپرسی سەبتو ئەحوالی سەردەشتیش باس لە دابەزینی لەسەدا ١٤ی ئاماری پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش لەو شارە دەکا.

کارناسانی کۆمەڵایەتی ئاماژە بەوە دەکەن کە بێکاری، گیرۆدەبوون بە مادە سڕکەرەکانو خۆدزینەوە لە بەرپرسیارەتی بنەماڵەیی بە سێ هۆکاری سەرەکی بەرزبوونەوەی ڕێژەی تەڵاقو هەروەها لە کەمیدانی پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش دادەنرێن.

## بەشداریی نوێنەری حدک بۆ کاروباری یەکیەتیی ئورووپا لە سمیناری ئەمنیەتیی قەفقازدا

لە وڵاتی بلژیک سمینارێک بۆ باس لەسەر چۆنیەتیی ئەمنیەتو گەشە لە ناوچەی ستراتژیکی قەفقاز بەڕێوەچوو.

ڕۆژی دووشەممە، ٢٠ ی ڕەزبەر بە هاوکاری دوو ناوەندی لێکۆڵینەوەی «فرید» و «کاسکید›› و بە خانەخوێی سەفارەتی گورجستان لە بروکسێل سمینارێک لە پێوەندی لەگەڵ ڕۆڵی یەکیەتیی ئورووپا، تورکیە، روسیە، آمریکاو ئێران لە ئەمنیەتو گەشەی مەڵبەندی ستراتژیکی قەفقاز بەرێوەچوو.

لەم سمینارەدا نزیک بە سەد کەس لە سەفیر، نوێنەرایەتی ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە، نوێنەرایەتی کۆمیسیۆنی یەکیەتیی ئورووپا، پارلمانی ئورووپا و ناتۆ تێیدا بەشدار بوونو کاوە ئاهەنگەری، نوێنەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ کاروباری یەکیەتیی ئورووپا لەسەر بانگهێشتی بەرێوەبەرانی سمینارهکە بەشداریی تێدا کردبوو.

لە پانێلی یەکەمدا لەسەر ڕۆڵی یەکیەتیی ئورووپا لە بەرەو پێشبردنی دێموکراسیو گەشەو ئەمنیەتی ناوچە



لە لایەن « جۆس بۆنسترا» ، « ناتانلی ساباناداز»و «گونار ویگاند››وە چەند وتارێک پێشکەش کرا.

پانێلی دووهەم تەرخان کرابوو بۆ لێکدانەوە لە سەر ڕۆڵی ئەکتەرەکانی خاریجیو وڵاتانی شوێندانەر لە ناوچەدا. پانێڵ گێڕان پێیانوابوو کە ڕۆژئاوا نابێ روسیە بە پێی پێوەرەکانی خۆی چاو لێبکا، بەڵکوو پێویستە لە ڕەقابەتێکی سالمدا رووسیە ئەوجۆرەی کە هەیە قەبووڵ بکرێ.

لەسەر ئێرانیش زیاتر تەئکید لە سەر بێ‌توانابوونی ئێڕان لە ڕەقابەت لەو مەنتەقەیەدا کرا و وەک ئەکتەرێکی لاواز ناوبردرا.

## کۆچی دوایی تێکۆشەرێکی دێرینی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سوید

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٦ی ڕەزبەری ٢٧١٥ی کوردی، ئەندامی لە مێژینە و تێکۆشەری نێو ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، کاک عەلی شێخە، ناسراو بە عەلی حاجی حەسەنی دۆڵەگەرمی، بە هۆی نەخۆشییەکی کتوپڕ لە شاری یۆتۆبۆری وڵاتی سوید ماڵ ئاوایی لە ژیان کرد.

کاک عەلی شێخە کەسایەتی ناسراو و خۆشناوی ناوچەکانی سەردەشت و بیتوێن و پشدەر، یەکێک لەو ڕۆڵە تێکۆشەر و گەل خۆشەویستانەی ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی کوردایەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، کە چ سەردەمی ڕژیمی پاشایەتی و چ دوای هاتنە سەرکاری ڕێژیمی ئیسلامی لە ئێراندا، هەموو کات پشتگیر و پشتیوانی شۆڕش و بزووتنەوە ڕەواکەی بوو.

پاش هێرشی سوپای داگیرکەر بۆ ناوچەی سەردەشت و زێدی ژیانی کاک عەلی، واتە دۆڵەگەرم، ناوبراو ئامادە نەبوو لە ژێر سێبەری ڕەشی ئەو ڕێژیمەدا دانیشت و بە ناچار ڕووی لە باشووری کوردستان کرد. بە درێژایی ساڵانی مانەوە لە باشووری کوردستانیش، هەموو کات پشتگیر و پشتیوانی شۆڕش و حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو. بە هۆی سوور بوونی لە سەر هەڵوێستی و مل نەدان بۆ ویست داخوازییەکانی داودەزگای ئیتلاعاتی ڕێژیمی ئیسلامی، چەندین جا لە باشووری کوردستانیش کەوتە بەر هەڕەشە دووژمن، هەر بۆیە لە ساڵانی کۆتایی دەیەی ٩٠ی زایینی دا ڕووی لە هەندەران کرد و لە وڵاتی سوید گیرسایەوە.

ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پرسە و سەخۆشی خۆی ئاڕاستە بنەماڵە و کەس و کاری کۆچکردوو و بە تایبەت خەڵکی دۆڵەگەرم و ناوچەی سەردەشت بە گشتی دەکا و خۆی لە خەمی لە دەست چوونی دا بە شەریک و بەشدار دەزانێ



## دەسبەسەر کرانی بەرپرسی ماڵپەڕی روانگە لە مەهاباد

هێزە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی هێرشێکی بەرینیان بۆ سەر ماڵپەڕی روانگە دەست پێ کردوەو وێڕای دەستگرتن بە سەر ماڵپەڕەکە، بەرپرسو یەکێک لە ئەندامانی دەستەی نووسەرانی ئەو ماڵپەرەیان دەستبەسەر کردو هاوکات دەستیان بە سەر ماڵپەڕەکەش دا گرت.

بە پێی هەواڵی ئاژانسی هەواڵدەریی موکریان، حەسەن شێخ ئاقایی، بەرپرسی سایتی روانگە، رۆژی چوارشەممە ١٥ی ڕەزبەر لە دەوافرۆشیەکەی خۆی لە شاری مەهاباد لە لایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە دەستبەسەر کرا. هاوکات یوونس قوربانی فەڕ، یەکێک لە ئەندامانی شورای نووسەرانی ماڵپەڕەکەش دەسبەسەر کرا کە دوای چەند کاتژمێر ئازاد کرا.

هێرش و دەستبەسەرکردنی حەسەن شێخ ئاقایی، بەرپرسی سایتی روانگە لە کاتێک دا بوو کە هەمان رۆژ بەرێوەبەرانی ئەو ماڵپەڕە رایانگەیاند کە ماڵپەڕەکە چیدی لە ژێر دەستی ئەوان دا نەماوە و بەرپرس نین لەو بابەتانەی کە لەمەودا لە ماڵپەڕەکە دا بڵاو دەبنەوە. هەر هەمان ڕۆژیش هەواڵێک هاتە سەر ماڵپەڕەکە کە بە شان و باڵی عەلی خامنەیی دا هەڵدەگوت.



کوردستان
ژمارە: ٦٦٦
١ی خەزەڵوەری ١٣٩٤ _ ٢٣ی ئۆکتۆبر ٢٠١٥

# سەرنجێک لە دادپرسی لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا



عومەر باڵەکی

تاوان کردەوەیەکە بە هۆی تاکەکانی کۆمەڵگا روودەدا و وەک نەخۆشییەک وایە کە هەر کاتێک روودەدا زیان بە کۆمەڵگا دەگەیێنێ و لە بەرامبەردا کۆمەڵگاش ئەو مافە بە خۆی دەدا کە تاوانبار دەسبەسەر بکا و سزای بدا. بەڵام لە دنیای ئێستادا ناتوانی هەر لەگەڵ روودانی تاوان، تاوانبار کراو سزا بدەی، چونکە دەرکەوتنی هۆکار و بکەری تاوان پێویست بە لێکۆڵینەوە و وەدواکەوتنی لایەنە پەیوەندیدارەکان هەیە. واتە بۆ ئەوە پێشگیری لە تاوان و تاوانکاری بکرێ پێویستە کۆمەڵێک رێکاری تایبەتی رەچاو بکرێ کە کۆی ئەو رێکارانە پێیان دەگوترێ «رێبازی دادپرسی سزادان». ئامانج لە بەرێوەبردنی ئەو رێکارانە بۆ ئەوەیە کە پێشگیری بکرێ لەوەی کە کەسانی بێتاوان تووشی لێکۆڵینەوەو سزادان بن و لە هەمان کاتدا زەمانەتی بەسزاگەیاندنی تاوانباران دەکا. گرینگی «رێبازی دادرسی سزادان» بەو رادەیەیە پێوانەیەکە بۆ هەڵسەنگاندنی رادەی رێزدانان بۆ پاراستنی ماف و ئازادییە تاکەکەسییەکان لە هەروڵاتێکدا.

دوای رووخانی رژیمی پاشایەتی و هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی یەکێک لەو مافانەی کە سرنجی پێ نەدرا و بێ بایەخ کرا مافی دادپرسییەکی دادپەروەرانە بوو، چونکە دەسەڵاتدارانی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو بۆ ئەوەی لە رێگای ترس و تۆقاندن، خۆیان بەسەر گەلانی ئێراندا بسەپێنن دەبوایە لە رێکارەکانی دادپرسی سزادان خۆ دەرباز بکەن و بۆ ئەو مەبەستە دادگاکانی شۆرشیان دامەزراند.

ساختار و پێکهاتەی ئەو دادگایانە لەسەر پایە و ئەساسی نیزامی قەزایی ئیسلامی دامەزرابوو کە لە چەند ئەسڵێکی بنەرەتی پێرەویان دەکرد وەک «وحدت قاضی» واتە پێکهاتەی دادگا لە یەک قازی دەبێ و «یەک قۆناغی دادگا » واتە هەر لەو دادگایە دا حوکمی دەرچوو لەلایەن قازییەوە دەرەجەی ئیجرایی بەخۆیەوە دەگرێ. بەو جۆرە حوکمی دادگای شۆرش کە بە هۆی حاکمی شەرعەوە دەردەچوو، بە هیچ جۆر پێویستی بە پێداچونەوەی دووبارە بە حوکم و چاوەدێری دیوانی بەرزی وڵات تێیدا بوونی نەبوو. بەو شێوەیە نیزامی دادپرسی کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستا درێژەی بە حەیاتی خۆی داوە. کەوابوو بە تێروانینێکی ساکار بۆمان دەردەکەوێ کە مەودایەکی زۆر لە نێوان «رێبازی دادپرسی سزادان» لە ئێران لەگەڵ پێوانەکانی نێونەتەوەیی بۆ دادپرسی هەیە و دەتوانین بە راشکاوی بڵێین رێبازی دادپرسی کۆماری ئیسلامی بەستێنی زۆربەی بابەتەکانی پێشێل کرانی مافی مرۆڤە. ئەگەر لە روانگەیەکی دیکەشەوە بۆی بروانین دەبینین لەگەڵ بەشی سێهەم لە یاساکانی بنەرەتی ئێران کە باسی مافی گەل دەکا و بە روونی لەگەڵ ئەسڵەکانی ٢٢ و ٢٣ و ٣٦ کە باس لە شێوەی هەڵس وکەوت لەگەڵ مافی تاک دەکا لە ناتەبایی دایە.

بە پێی هەموو رێوشوێنە یاساییەکان هەر کەس دەسبەسەردەکرێ دەبێ بە زووترین کات بزانێ بۆ دەسبەسەرکراوە ولە هەمان کاتدا ئازاد بێ پەیوەندی بە پارێزەرەکەیەوە بکا و بنەماڵەکەی لە دەسبەسەرکرانی خۆی ئاگادار بکاتەوە. چونکە ئەو رێکارانە وەک زەمانەت وایە بۆ ئەوەی کەسێک بێ سەرشوێن نەکرێ و رێگری بکرێ لە کردارێک کە لە سەرەوەی قانوون بێت، بەڵام بە پێچەوانەوە لە کۆماری ئیسلامی و لە ماوەی ئەو ٣٧ ساڵە زۆرن ئەوانەی کە دەسبەسەرکراون بەڵام نازانن بۆ گیراون، یا بێ سەروشوێن کراون و بنەماڵەکەیان بە شوێن و مەکانیان نازانن.

لە روانگەی پەیماننامە نێونەتەوەییەکانی پێوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤەوە بێجگە لەوە کە لەسەرەوە باسمان کرد پێویستە کەسێک کە دەسبەسەر دەکرێ، لە دادگایەکی ئاشکرا و سەربەخۆدا دادگایی بکرێ، بە پێی ماددەی ١٤ی پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافی مەدەنی و سیاسی هەر تاکێک مافی خۆیەتی پەروەندەکەی لە دادگایەکی دادپەروەر ئاشکرا و سەربەخۆ و بێ لایەن‌دا پێڕاگەیشتنی بۆ بکرێ، بەڵام دادگاکانی ئێران بە تایبەتی لە تاوانە ئەمنیەتییەکاندا بە پێچەوانەی ئەو پەیماننامەیە کە ئێران خۆشی ئیمزای کردوە هەڵسوکەوت دەکەن. بە پێی ماددەی ٩ی یاسای مەدەنی ئێران تەواوی ئەو پەیماننامە و رێککەوتنە نێودەوڵەتیانەی کە ئێران ئیمزای کردون لە نێوخۆی ئێراندا حوکمی قانون وەردەگرن و کۆماری ئیسلامی دەبێ پێیان پابەند بێ، بەڵام دەبینین دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی نەک بەو یاسایانە پابەند نین، بەڵکوو رۆژ بە رۆژ زیاتر یاسا "نەنووسراوە"کانی خۆیان لە سەر گیراو و دەسبەسەرکراوەکاندا پیادە دەکەن. کەسانێک لە چینی جۆراوجۆری کۆمەڵگا وەک روناکبیر و شاعیر و نەقاش و هونەرمەند و... بە تاوانی سەیر و سەمەرە دەسبەسەر دەکرێن و تەنانەت بە بیانۆی شەرعی و ئەمنیەتی دەچنە نێو ژیانی شەخسی کەسەکان و زۆر جاران قازی و لێکۆڵەرەوەکان لە سەر مافی شەخسی کەسەکان بڕیار دەدەن بێ ئەوەی ئەو کەسە رازی بێ یا سکالای لە سەر کەس هەبێ، بۆ نموونە: نوێترین شتی سەیروسەمەرەی دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی‌دا ئەوەیە کە خانمە هونەرمەندێکی کاریکاتۆریست بەتاوانی بێ حورمەتی بە کاربەدەستانی بەرزی کۆماری ئیسلامی دەگیرێ و لە رەوتی دادگادا پەروەندەیەکی دیکەی بۆ ساز دەکەن کە گۆیا پێوەندی نامەشروعی لە گەڵ پارێزەرەکەی‌دا هەیە بەو بەڵگەیە کە دەستی لەناو دەستی پارێزەرەکەی ناوە، حاکم بۆ ئەوەی دڵنیا بێ کە هیچ پێوەندییەکی ناشەرعێ ئەنجام نەداوە، حوکمی کردوە لە رێگای دوکتوری تایبەتەوە لە کچێنی ئەو خانمە خاترجەم بن، لەحالەتێکدا بە پێی هەموو یاسا نووسراوەکانی سەرزەوی لێکۆڵینەوە و سکالا دەربرێن لە سەر ئەو بابەتە تەنیا مافی ئەو خانمە و بنەماڵەکەیەتی نەک کەس یان کەسانی دیکە.



بە پێی قانون داواکاری گشتی یا حاکم کاتێک دەتوانێ سکالا لە سەر کەس یان کەسانێک تۆمار بکا کە زیانیان بە مافی گشتی گەیاندبێ، ئەوە لە حالێکدایە کە داواکاری گشتی دەزگای قەزایی ئێران لە سەر زۆر پەروەندە کە زیانیان بە کۆمەڵگای ئێران گەیاندووە خۆی گێل کردووە و بە سەریان‌دا تێپەر بووە. بۆ نموونە: قازی مورتەزەوی کە ئاخرین پۆستی جێگری دادستانی دەزگای قەزایی ئێران بوو، تاوانبارە بە چەندین تاوانی کوشتن و لە نێوبردن و گەندەڵی ماڵی، بەڵام دادگا بە سەری‌دا تێپەر دەبێ و بە زیندانێکی کەم ماوە و جەریمەیەکی کەمی ماڵی مەحکووم دەکرێ. کە چی هەر لەو دادگایانەدا رۆژانە لاوانی ئازادیخوازی ئێران و کوردستان تەنیا بە تاوانی ئەوە کە داواکارن وەک مرۆڤ بژین، بێ بەزەیانە بە ئێعدام مەحکوم دەکرێن.

بۆیە لە ئاکامدا بۆمان دەر دەکەوێ کە دادگاکانی ئێران لە سەر پێویستی ئەمنیەتی و پارێزگاری لە کۆماری ئیسلامی دامەزراون، نەک بۆ پارێزگاری لە ماف و کەرامەتی تاکەکانی کۆمەڵگای ئێران، چونکە لەو دادگایانەدا بە هیچ جۆر مافی تاوانبارکراو ناپارێزرێ و ئەساسی ئەو دادگایانە لە سەر تاوانبارکردنی دەسبەسەرکراوەکانەوە دامەزراوە، لە حالێکدا بە پێی پێوانە نێودەوڵەتییەکان دابین‌کردن و رەچاوکردنی مافی تاوانباران لە کاتی دادگایی کردن‌دا پایەو ئەساسی مەشروعییەت دانە بە هەر حوکم و بڕیارێکی قەزایی کە لە لایەن قازی دادگاوە دەردەچێ.

لە کۆتایی‌دا دەتوانین بە راشکاوی بڵێین کە پێکهاتنی دادگاکانی شۆرش بە پێچەوانەی یاسا و رێساکانی باو لە ئێران‌دایەو، لە هیچ جێگایەکی یاسای بنەرەتی کۆماری ئیسلامیش‌دا باس لە پێکهاتەو، ئەرکی دادگاکانی شۆرش نەکراوە کە ئەوە خۆی ئیرادە و نوقسانێکی قانوونییە لە رەوتی دادپرسی و دادوەری لە نیزامی قانونی ئێراندا..

# بەردەوامی کوژرانی فەرماندەکانی سپا لە سووریە



مسعود رەواندووست

لە چەند رۆژی رابردوودا چەند جار هەواڵی کوژرانی فەرماندەکان و ئەندامانی پایەبەرزی سپای پاسدارانی ئێران لە سووریە بڵاو بۆتەوە. لە نێو هەموو ئەو پاسدارانەی کە لە سوریە کوژراون، ناوێک بۆ گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا وەبیرهێنەرەوەی زۆر جینایەت و خوێنرێژی کوماری ئیسلامی لە کوردستان‌دایە: پاسدار حوسێنی هەمەدانی.

ناوبراو کە بە کەسی ژمارەی ٢ی سپا ناسرابوو یەکێک لە پایەبەرزترین ئەندامانی سپای پاسداران بوو کە لە دوای دەسپێکردنی شەڕ و تێکهەڵچوونە نێوخۆییەکانی سووریە نێردرایە ئەو وڵاتە و وەک جێگری قاسم سولەیمانی بەشداریی لە شەڕی دژی ئۆپۆزیسیۆنی سووری دەکرد. ناوبراو یەکێک لە فەرماندە پایەبەرزەکانی سپای پاسداران بوو کە بۆ پاراستنی رێژیم لە هیچ کارێک سڵی نەکردۆتەوە و لە راپەڕینەکەی ساڵی ١٣٨٨ی خەڵکی ئێران‌دا وەک فەرماندەی سپای "محمد رسول الله" دەورێکی سەرەکیی لە سەرکوتی راپەڕینەکە و، کوشتن و بریندارکردن و گرتنی ناڕازییان‌دا گێڕا.

هەمەدانی لە شەڕی دژی ئازادیخوازان و خەباتکارانی کورد لە کوردستاندا دەوری بەرچاوی هەبووە و وەک یەکێک لە فەرماندەکانی سپا فەرماندەیی هێزی داگیرکەری کۆماری ئیسلامیی لە داگیرکردن و وێرانکردنی کوردستان‌دا کردوە. هەروەها لە سەرکوتی خۆپێشاندەرانی کووی دانیشگا لە هاوینی ١٣٧٨دا بەشداربووە. حوسێن هەمەدانی لە لیستی ئەو بەرپرسانەی رێژیم‌دا بوو کە بەهۆی بەشداری لە سەرکوتی خەڵک و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، رۆژی ١٣ی ئاوریلی ٢٠١١ لە لایەن یەکیەتیی ئورووپاوە گەمارۆیان بەسەردا سەپا. ناوبراو رۆژی پێنجشەممە ١٦ی رەزبەر لە شاری حەلەب بە دەستی دژبەرانی رێژیمی بەشار ئەسەد کوژرا.

دوای راپەڕینەکەی خەڵکی سووریە لە دژی رێژیمی دیکتاتۆری بەشار ئەسەد، ئێران وەک هاوپەیمان و پشتیوانی بەشار ئەسەد بە کردەوە و بە هەموو تواناوە وێڕای سپای سووریە شەڕێکی تەواو عەیاری لەدژی خەڵکی راپەڕیوی ئەم وڵاتە دەست پێکرد کە تا ئێستا لەپێناو راگرتنی دەسەڵاتی ئەسەد و هەروەها پاراستنی باسکێکی تیرۆری رێژیمی تاران لە ناوچەکە، سەدان هەزار کەس لە خەڵکی سووریەی بە ژن و منداڵ و پیر و لاوەوە کردۆتە قوربانی و بەشی زۆری ئەم وڵاتەی وێران کردوە.




هەر لە سەرەتای ئەم شەڕە ماڵوێرانکەرەوە ئەگەرچی ئێران رایگەیاندوە هێزەکانی سپای پاسداران تەنیا ئەرکی راوێژکاریان لەم وڵاتەدا هەیە، بەڵام بە کردەوە هەزاران ئەندامی سپا لەو وڵاتەدا خەریکی شەڕکردنن لەگەڵ دژبەرانی ئەسەد و تا ئێستا لەو ماوەیەدا جگە لە کوژرانی دەیان پاسدار چەندین فەرماندەی سپا کوژراون.

ئەم رەوتی کوژرانی فەرماندەکانی سپا لە سوریە لە کاتێکدا زیاد دەکا کە رووسیە بە شێوەیەکی راستەوخۆ هاتۆتە نێو شەڕەکە و بە وتەی خۆی هێرشی ئاسمانی دەکاتە سەر هێزەکانی داعیش، بەڵام نیگەرانیی ئەوە هەیە کە ئەو هێرشە بۆسەر هەموو ئۆپۆزیسیۆنی سووری بێ. هەر لەم چوارچێوەیەدا چەند رۆژێکە هاوپەیمانانی بەشار ئەسەد بە رووسیە و ئێرانیشەوە خۆیان بۆ هێرشێکی سەراسەری و بەرین بۆسەر ئۆپۆزیسیۆنی سووری و گرتنەوەی شارەکانی باکووری ئەم وڵاتە ئامادە دەکەن.

دیارە بەشداریی راستەوخۆی رووسیە لە کێشەی سووریە وەک دژکردەوەیەک و سیاسەتێکی نوێی رووسیە لە بەرامبەر مەیدانداریيە ناکارامەد و زۆرجار هەڵەکانی رۆژئاوا و بە تایبەت ئەمریکا لە ناوچەکەدا دەتوانێ ببێتە هۆی گەرمترکردنی ئاگری شەڕ و ئاڵوگۆڕ لە هاوکێشەکاندا.

دیارە ئەو رەوتە بە رواڵەت بەرەی لایەنگرانی بەشار ئەسەد بەهێزتر دەکا و شانسی درێژکردنەوەی خۆڕاگریی بەشار ئەسەد بۆ ماوەیەکی دیکە زیاد دەکا، بەڵام بێگومان جگە لە وێرانترکردنی ئەم وڵاتە و کوژرانی ژمارەیەکی زیاتر لە خەڵکەکەی، تێچوو و هەزینە ماددی و ئینسانییەکانی ئێرانیش وەک یەکێک لە بەشدارانی ئەم شەڕە زیاد دەکا.

لە کاتێکدا کە رووسیە خۆی بۆ بەشداریی زیاتر لە شەڕەکەدا ئامادە دەکا، لە لایەن گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکانەوە هەڕەشەی دووبارە بوونەوەی ئەزموونی ئەفغانستانی لێ دەکرێ و هۆشداریی پێدەدرێ کە ئەو هەڵەیە دووبارە نەکاتەوە.

هاوکات لەگەڵ ئەم رووداوانە کوژرانی فەرماندەکانی سپای پاسداران دەتوانێ تاکتیکی نوێی ئۆپۆزیسیۆنی سووریە بێ کە لە بەرامبەر هەڕەشەکانی لایەنگرانی ئەسەددا هەوڵ دەدەن بە لێدانی فەرماندە و سەرکردە سەربازییەکانی ئێران زەبری کاریگەرتر لەم بەرەیە بدەن و لەمپەر لە بەرامبەر ئەو هێرشەدا دروست بکەن کە بڕیارە بەرێوەبچێ.

بە گشتی ئەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە پێی سیاسەتە دەستدرێژیکارانەکانی و بە هێزێکی وەک سپای پاسداران کە بە تایبەتی بۆ بەرێوەبردنی سیاسەتە چەوتەکانی رێژیم پەروەردە کراوە، بەرێوەی دەبا، بەفیڕۆدانی سەروەت و سەرمایەی ماددی و مرۆیی ئێرانە لەپێناو راگرتنی دەسەڵاتی دیکتاتۆریی رێژیم و هەموو ئەو هێز و لایەن و رێژیمە سەرەڕۆیانەی لە بازنەی بەرژەوەندکانی رێژیمی تاران‌دان و، هەربۆیە کوژرانی پاسدار و فەرماندەکانی سپای پاسداران لە سووریە و لوبنان و فەلەستین و هەر شوێنێکی دیکەی جیهان و بەفیڕۆدانی میلۆنان دۆلار لە سەروەت و سامانی وڵات باجێکە کە خەڵکی ئێران بۆ سیاسەتە هەڵەکانی کۆماری ئیسلامی دەیدەن.

# داهاتووی ناڕوونی سوورییە!



ڕەزا محەممەدئەمینی

ڕۆژی شەممە ٢٥ی ڕەزبەر(١٧ی ئۆکتۆبر)، فرانک والتێر شتان مایێر، وەزیری کار و باری دەرەوەی وڵاتی ئاڵمان لە چوارچێوەی بەشداری لە دانیشتنی سەرەتایی" کۆنفرانسی ئەمنیەتی مونیخ" کە لە تاران بەڕێوەچوو، سەردانی ئێرانی کرد و لەگەڵ محەممەد جەوادی زەریف، وەزیری دەرەوە و رووحانی سەرۆک کۆمار و لاریجانی سەرۆکی مەجلیسی ڕێژیم کۆبۆوە و کێشەی شەری ناوخۆیی سووریە و گرژییەکانی نێوان کۆماری ئیسلامی و وڵاتی عەرەبستانی سعوودی و دەرئەنجامەکانی هێنایە بەرباس و گفتوگۆ.

کێشە و شەری نێوخۆیی سووریە کە ئەوە بۆ نیزیکەی پێنج ساڵ دەچێ ئەو وڵاتە تێوەیگلاوە، بۆتە قەیرانێک کە لە ڕاستی دا لە هەموو ڕوویەکەوە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بگرە وڵاتانی ڕۆژئاوایی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردوە و هەتا دێ ئەو قەیرانە مەترسیدارتر و ئاڵۆزتر و ڕێگا و ئەگەرەکانی چارەسەر کرانی لاوازتر دەبێ. ئەو کێشەیە بە دەستێوەردانی وڵاتانی ناوچە، بەتایبەت ئێران و تورکیە و عەرەبستانی سعوودی کە بە هەموو شێوەیەک لە قووڵبوونەوەی ئەو قەیرانەدا ڕۆڵی بەرچاو و کاریگەریان هەیە، لە کێشە و شەرێکی ناوخۆیی هاتۆتە دەرێ و بە کردەوە سووریە بۆتە مەیدانی ململانی ئەو وڵاتانە. کۆماری ئیسلامی وەک ئاڵاهەڵگری ئیسلامی شیعە لەهەموو ڕوویەکەوە پشتیوانی لە مانەوەی ڕێژیمی زاڵ بەسەر سووریەدا دەکات کە لە کەمینەی عەلەوی پێکهاتوە، و تورکیە و عەرەبستانی سعوودیش بۆ تێکشکاندنی دەسەڵاتی بەشارئەسەد، چ لە باری مەشق و ڕاهێنانی سەربازی و چ بە دانی چەک و چۆڵ و یارمەتی لۆجێستیکی، لە بەناو"ئۆپۆزیسیونی میانەرەو"ی ئەو وڵاتە پشتیوانی دەکەن.

لەو بەینەدا ئامریکاو هاوپەیمانەکانی کە لەسەرەتادا لەبەرانبەر کوشتار و بەکارهێنانی چەکی شیمیایی بە دژی خەڵکی نارازی ئەو وڵاتە و جینایەتە لە ئەژمارنەهاتوەکانی ڕێژیمی سووریە، بە توندی خوازیاری لەسەرکارلادانی بەشارئەسەد و ڕێژیمەکەی بوون، ئێستا وەک دیار و بەرچاوە، کەلێن لەبۆچوون و سیاسەتەکانیاندا کەوتوە و وێدەچێ لە سەر داهاتووی سیاسی سووریە و ڕێگەچارەی دەرباز بوون لەو قەیرانە، زۆریش لەگەڵ یەک هاوڕا نەبن. لەڕاستی دا ئەوە کە دانیشتنی سەرەتایی کۆنفرانسی ئەمنیەتی مونیخ لە تاران دەبەسترێ و وڵاتی ئاڵمان وەک گەورەترین وڵاتی ئورووپایی ئامادە بووە لەگەڵ ڕێبەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەو قەیرانە تاووتوێ بکات، هەڵگری ئەو ڕاستییەیە. جگە لە فەرانسە کە ئێستاش ڕژدە لەسەر سیاسەتی سووریە بەبێ بوونی بەشارئەسەد، زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی و تەنانەت ئامریکاش هاتوونەتە سەر ئەو باوەرە کە رووخاندنی ڕێژیمی سووریە، لانی کەم لە کورتخایەن و لەو بارودۆخەدا، ئەگەر نامومکین نەبێ، زۆر ئاستەمە.

دیارە ئەگەر لەسەرەتادا، ئەوە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بوو کە بە ناردنی چەک و چۆڵ و تەقەمەنی و هێزی پسپۆر و شارەزا، وێڕای قوڵەچۆماغە دەسکردەکەی خۆی، واتە حیزبوڵڵای لوبنان، پشتیوانی لە رژێمی بەشار ئەسەد دەکرد، ماوەیەکە دەبینین کۆماری ئیسلامی بە ناردنی هێزێکی زۆر و کۆک و پوشتە لە سپای بە نێو "قودس" و میلیشیا شیعەکانی پاکستان و ئەفغانستان و تەنانەت عێراق، بەکردەوە هاتۆتە ناو جەرگەی شەرەکە و ڕاشکاوانە ڕایگەیاندوە بە هەموو توانایەوە بۆ مانەوەی ڕێژیمی بەشارئەسەد تێدەکۆشێ و لەو پێناوەدا ئامادەی هەر چەشنە بەربەرەکانی‌یەکە لەگەڵ نەیارانی ڕێژیمی سووریە. هەر لەو پێوەندی‌یەدا ڕۆژ نی‌یە نەبینین و نەبیسین چەند کەس لە چەکدارانی کۆماری ئیسلامی لە شەری سووریە دا کوژراون و تەنانەت لەو ماوەیەدا سێ سەرکردەی گەورەی سەربازی ڕێژیم بە ناوەکانی، حوسێن هەمەدانی و حسونی‌زادە و حەمید موختار بەند کوژراون.

جگە لەوەش، دەبینین لەپاش هاتنە مەیدانی بەکردەوەی ڕووسیە بۆ نێو قەیرانی سووریە، لەلایەک کێشەکەی لە چوارچێوەی نێو ناوچەیی هێناوەتە دەرێ و قەیرانەکەی زۆر ئاڵۆزتر و مەترسی‌دارتر کردوە و لەلایەکی دیکەش باڵانسی هێزی بە روونی بە قازەنجی بەشار ئەسەد و کۆماری ئیسلامی ئێراندا شکاندۆتەوە. هێرشە ئاسمانی‌یەکانی فرۆکە شەڕکەرەکانی ڕووسیە بۆ سەر داعەش و بەتایبەت بۆسەر ئۆپۆزیسیونی سووریە کە بەشێکیان لەلایەن توورکیە و ئامریکاوە پشتیوانی دەکرێن، نیشانی داوە ڕووسیە لێبڕاوە وێڕای کۆماری ئیسلامی، نەهێڵن سێناریوی دژبەرەکانیان لە ناوچە(تورکیە و عەرەبستان...) و لەئاستی جیهانیشدا، ئامریکا و هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانی بە دژی ڕێژیمی بەشار ئەسەد سەربگرێ. هەر ئێستا دەبینین هێزە هاوبەشەکانی بەشارئەسەد و کۆماری ئیسلامی و حیزبوللای لوبنان کە لەو ماوەیەدا هێزێکی زۆری بۆ سووریە ناردوە، بە پشتیوانی فرۆکە شەڕکەرەکانی ڕووسیە، هێرشی بەرین و بەربڵاویان لە بەرەکانی شەر لە دەوروو بەری شاری"حەڵەب" وەک گەورەترین شاری ئەو وڵاتە دەستپێکردوە و توانیویانە چەند ناوچەیەک کونترۆڵ بکەنەوە.

هەر لەو پێوەندی‌یەدا و بەتایبەت لەپاش سەردانی قاسم سولەیمانی وەک نوێنەری خامەنەیی و سپای پاسداران بۆ موسکۆ و دیدار لەگەڵ سەرکردەکانی ئەو وڵاتە، دەبینین بەکردەوە "دیوی شەر" لە لایەن ڕووسیە و کۆماری ئیسلامی ئێران و سووریە و عێراق بۆ شەر بە دژی هەموو نەیارانی ڕێژیمی بەشار ئەسەد لە سووریە و داعەش لە عێراق پێکهاتوە. دیارە دەوڵەتی عێراق کە بۆخۆی سەرقاڵە بەدەست شەری داعەشەوە، سەرەڕای پشتیوانی سیاسی لە رژێمی بەشار ئەسەد، بەشێوەی فەرمیی هێزی بۆ ئەو وڵاتە نەناردوە، بەڵام لەو ماوەیەدا دەنگۆی ئەوە هەیە کە بەشێک لە ملیشیا شێعەکانی عێراق، کە ڕاستەوخۆ لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە پێک‌هێندراون و چەک و پێداویستی‌یان بۆ دابین کراوە، لە بەرەکانی شەر بە دژی داعەشەوە لە عێراق، بۆ سووریە و بۆ شەری دژ بە ئۆپۆزسیۆنی ئەو وڵاتە ڕاگوێزراون.

شک لەوەدانی‌یە وڵاتی سووریە و ڕێژیمی بەشارئەسەد وەک دوایین پێگەی ڕووسەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەریای مەدیتەرانە گرینگی تایبەتی لە سیاسەتی ئێستراتێژیکی ئەو زلهێزەدا هەیە و ڕووسیە بەباشی دەزانێ بۆ ڕاگرتنی بەرژەوەندی‌یەکانی و پاوان کردنەوەی سووریە، دەبێ بەهەموو شێوەیەک، تەنانەت بەشێوەی دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ، پشتیوانی لە بەشارئەسەد بکات. لەڕاستی دا ڕووسیە لەپاش داگیرکردنی شێوەدوورگەی "کریمە" و دەستێوەردانی ئاشکرا لە شەڕ و نائارامی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی ئۆکراین، کە لەگەڵ نارەزایەتی و گەمارۆی ئابووری ئامریکا و هاوپەیمانەکانی بەرەوروو بوو، نیشانی داوە چیدی لە ئاست گوشارەکانی "ناتۆ" و پێشرەوی‌یەکانی ئەو ڕێکخراوە بۆ سنوورەکانی بێ‌دەنگ نابێ و ئەو پۆتانسیێلە بەهێزەی سەردەمی سۆڤیەتی پێشووی بۆ پاراستنی بەرژەوەندی‌یەکانی هەر ماوە و ئامادەیە تەنانەت لە سووریەش حزووری هەبێ. هەر لەو پێناوەدایە کە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران، لانی‌کەم لە قەیرانی سووریەدا پەیمانی بەستووە و هاوتەریب بوون.

دیارە هەر لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی ڕووسیە لە ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست و پشتیوانی لێبڕاوانەی ئەو وڵاتە لە ڕێژیمی زاڵ بەسەر سووریە دایە کە دەبینین، ڕۆژی سێشەممە ٢٨ی ڕەزبەر(٢٠ی ئۆکتۆبر)، لە سەردانێکی کوتوپڕ و نەهێنی‌دا بەشارئەسەد، سەردانی ڕووسیە دەکات و بۆ ماوەی سێ سەعات لەگەڵ سەرۆکی ئەو وڵاتە، پۆتین لە پێوەندی لەگەڵ چۆنییەتی درێژەدان و بەهێزکردنی هاوکاری‌یە سەربازییەکانی ڕووسیە، مژوولی ئاخاوتن دەبێ. ئەوە یەکەم سەردانی بەشار ئەسەد بۆ دەرەوەی سووریەیە، لەپاش هەڵگیرسانی ئاگری شەری نێوخۆیی لەو وڵاتەدا و چاوەڕوان دەکرێ لە چەند ڕۆژ و حەوتووی داهاتوودا، ڕووسەکان نەک هەر بە چڕکردنەوەی هێرشە مووشەکی و بۆمبارانە ئاسمانی‌یەکانیان، بەڵکوو بە ناردنی هێزی سەربازی و بەشداری ڕاستەوخۆ لە شەڕەکان بە دژی نەیارانی ئەسەددا، یارمەتی مانەوەی ئەو ڕێژیمە لەسەر دەسەڵات بدەن. دیارە هەر لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا پێنج سەربازی ڕووسیە لە شەرەکان‌دا کوژراون و ئەوەش دەربڕی ئەو ڕاستییەیە کە ڕووسەکان بە هاوکاری هەمەلایەنە و چڕوپڕی کۆماری ئیسلامی، بە تەواوی خۆیان ئامادەی شەرێکی یەکلاکەرەوە لەگەڵ نەیاران و دژبەرانی بەشارئەسەد لە نێو سووریە و تێکشکاندنی هەیمەنەی ئامریکا و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەدا کردوە.

هەڵبەت ئامریکا و هاوپەیمانەکانی لە ناوچە و لە دەرەوە، ڕخنەی توونديان لە هێرشە مووشەکی و بۆمبارانە ئاسمانی‌یەکانی ڕووسیە گرتوە و داوایان لێکردوە سنوورێک بۆ ئەو هێرشانە دابنێ و هێزەکانی سپای ئازادی سووریە و ئۆپۆزسیۆنی میانەڕەو نەپێکێ، بەڵام روسەکان هەتا ئێستا بێ‌گوێدان بەو ڕخنە و بانگەوازانە، ڕایانگەیاندوە کە لە هێرشەکانیان بۆ سەر تێرۆڕیستەکان‌دا بەردەوام دەبن. کۆماری ئیسلامیش لەو بەینە دا باش دەزانێ کە لەبەر هاتنە مەیدانی بەکردەوەی ڕووسیە، بەرەی ئێران، سووریە و عێراق(شێعەکان کە زۆرینەن) زۆر بەهێز بووە و ئەگەری ڕووخانی ڕێژیمی بەشارئەسەد بە دەستی ئۆپۆزیسیۆن و بە هاوکاری ئامریکا و هاوپەیمانە ناوچەیی و دەرەکی‌یەکانی زۆر کەم بۆتەوە. هەروەها کۆماری ئیسلامی باش دەزانێ وڵاتانی ئۆرووپاییش(تائێستا جگە لە فەڕانسە) لەلایەک لەبەر هۆکاری هاتنە کایەی ڕووسیە و گۆرانی باڵانسی شەر بە قازانجی بەرەی سووریە و ئێران و لەلایەکی دیکە، نادێمۆکراتیک بوونی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن، کەتەنانەت"بەرەی نوسرەت"ی سەربە ڕێکخراوی تێرۆریستی ئەلقاعیدەشی تێدایە، بۆڕووخانی ڕێژیمی بەشارئەسەد لانی کەم وەک چەند مانگی ڕابردوو مکوور نین. جگەلەوەش ئۆرووپا بەگشتی و بەتایبەتی ئاڵمان و وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەو قارەیە، هەر ئێستا لەگەڵ کێشەی کۆچی بەکۆمەڵی سەدان هەزار پەنابەری سووریە و وڵاتانی دیکە بەرەوروون کە دەیانهەوێ بەهەر جۆرێک بێ خۆیان بگەیێننە ئەو وڵاتانە. هەربۆیەش خوازیارن بەهەرشێوەیەک بێ، شەرو ئاژاوە لە سووریە نەمێنی و لەو سۆنگەیەوە تەنانەت بە بوونی بەشار ئەسەدیش لە داهاتووی سیاسی ئەو وڵاتە ڕازین.

داهاتووی سیاسی وڵاتی شەرلێدراوی سووریە ناڕوونە و هەرکام لە وڵاتانی تێگلاو لەو قەیرانە لە ڕوانگەی سیاسەت و بەرژەوەندی‌یەکانی خۆیان داهاتووی سیاسی سووریە دیاری دەکەن و تێدەکۆشن بۆ وەدیهێنانی. کۆماری ئیسلامی و ڕووسیە و بەشارئەسەد و ڕێژیمەکەی تێدەکۆشن بەهەرشێوەیەک و بەهەر نرخێک بێ، دۆخەکە بگەرێننەوە پیش ڕاپەرینی نارەزایەتی خەڵکی و وەک پێشوو کەمینەی عەلەوی‌یەکان کە تەنیا ١٣لەسەدی حەشیمەتی ئەو وڵاتەن، دەسەڵاتی ڕەهایان بەدەستەوە بێ. بەپێچەوانە، لە ناوچە، تورکیە و عەرەبستان سعوودی و باقی وڵاتانی عەرەبی، جگە لە عێراق، ڕژدن لەسەر ڕووخاندنی ڕێژیمی بەشار ئەسەد و هاندەری سەرەکی ئامریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوایین بۆ دەستێوەردان و پراکتیزە کردنی سیاسەتەکەیان. لەدەرەوەش هەر وەک ئاماژەی پێکرا کۆدەنگی‌یەکی پتەو نی‌یە بۆ گرتنەبەری سیاسەتێکی هاوشێوە لە ئاست ئەو قەیرانەو، وادیارە ئاڵمان و ئۆتریش و بەگشتی ئەو وڵاتانەی کەوتوونەتە بەر تەوژمی پەناخوازان، چیتر چاوەڕوانی هەنگاوەکانی سەرۆک کۆماری دێمۆکڕاتی ئامریکا، باڕاک ئۆباما ناکەن.

سەرەڕای ئەوەی قەیرانی خوێناوی سووریە، کە شیرازەی ئەو وڵاتەی هەڵتەکاندوە و زۆر تراژێدی مرۆیی لێکەوتۆتەوە کە کۆمەڵگای بەشەری پێ‌تاسەبار بووە، ناکرێ ئەو ڕاستی‌یەش چاوپۆشی لێبکرێ کە ئەو قەیرانە خوێناوی‌یە دەرفەتێکی سیاسی لەباری بۆ ئەو بەشە لە کوردستان ڕەخساند کە وەک گەلێکی ستەم‌لێکراو و تەنانەت حاشالێکراو، بوونی خۆی بسەلمێنێ و لە مەیدانی بەربەرەکانی لە هەموو بوارەکاندا لێهاتوویی خۆی نیشان بدات. ڕاستە کوردەکان کەوتنە بەر هێرشی دڕندەترین ڕێکخراوی شێوە دەوڵەتی داعەش کە لە باری چەکی قورس و ئامرازەکانی شەرەوە، زۆریش تەیار و کۆک و پۆشتەیە و لەو سۆنگەیەوە، زەرەرو زیانێکی لەڕادەبەدەری ماڵی و گیانیان لێکەوت، بەڵام توانیان بە بەرخۆدان و لەخۆبردوویی بێ‌وێنە، بەتایبەت لە شەرە بەناوبانگەکانی کۆبانێ، بیرو ڕا و هاوخەمی و هاودەردی تەواوی خەڵکی جیهان و هاوکاری سەربازی و مرۆیی ئامریکاو هاوپەیمانەکانی بۆلای خۆیان و ڕەوا بوونی بەرخۆدانیان ڕابکێشن و نیشان بدەن شیاوی ئەوەن لە داهاتوو و لە هاتنەکایەی هەر سێناریۆیەک دا حیسابیان بۆبکرێ. سەرەڕای پێناخۆش‌بوون و نارەزایەتی تووندی تورکیە؛ ئامریکا و وڵاتانی هاوپەیمانی ئامادەن لەشەر بەدژی داعەش ڕۆڵی سەرەکی بدەن بە شۆڕشگێرەکانی" یەپەگە و یەپەژە" و هاوکاری نیزامی‌یان بکەن. شک لەوەدانی‌یە قەیرانی سووریە بەهەرلایەک دا بکەوێتەوە، ڕۆژئاوای کوردستان ناگەرێتەوە بۆ سەردەمی حاشالێکرانی لە کاتی دەسەڵاتی سەرەڕۆیانەی "ئەسەدەکان".

لە کۆتایی‌دا جێی وەبیر هێنانەوەیە کە بڵێن لە ئاکامی ئەو شەرە خوێناوی‌یەدا، جگە لە لایەنە بەرهەڵستکارەکان کە بە هەزاران چەکداریان لێ‌کوژراوە، وەک ناوەندە هەواڵگری‌یەکان دەڵێن، نیزیکەی سێسەد هەزار کەس لە خەڵکی بێ‌تاوانی سووریە کوژراون و بە میلیونان کەسیش لە ترسی گیان لەدەست دان، لە ماڵ و زێدی خۆیان ئاوارە بوون و بە ناچاری ڕوویان لە وڵاتانی دراوسێی سووریە کردوە. ئەو ڕێژەیە لە کوژرانی خەلکی بێ‌تاوان و ئەو ئاوارە بوونە بەکۆمەڵە، نیشان دەدات کە ڕێژیمە سەرەڕۆیەکانی وەک ڕێژیمی بەشار ئەسەد و هاوپەیمانە دژی گەلی‌یەکانی وەک کۆماری ئیسلامی بۆ مانەوەیان لەسەر دەسەڵات لە هیچ چەشنە کۆمەڵکوژیی و جینایەتێک خۆنابوێرن. هەربۆیەش وڵاتانی ڕۆژئاوایی، بەتایبەت بریتانیا و فەرانسە کە لەڕاستی‌دا لەسەر ئەساسی ڕێککەوتنی"سایکس پیکۆ" لە ساڵی ١٩١٦ و لەپاش کۆتایی شەری جیهانی یەکەم، وڵاتی سووریەیان بەبێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازی‌یە ئایینی و ئەتنیکی‌یەکان دامەزراندوە و هەروەها باقی زلهێزەکان، دەبێ بۆ نەهێشتنی شەر و کوشتاری بەکۆمەڵ و بەرگری کردن لە دووبارە بوونەوەی تراژیدیای وەک ئەوەی لە سووریە ڕووی دەدات؛ لەڕێگای ئاشتیخوازانە و بەدوور لە بەربەرەکانی سیاسی و شەر و لە مەترسی‌هاویشتنی کۆمەڵگای بەشەری، تێبکۆشن کێشە ناوچەییەکان بەشێوەیەک چارەسەر بکەن کە لە قازانج و بەرژەوەندی نەتەوە مافخوراوەکان‌دا بێ و بۆ قازانج و بەرژەوەندی ئابووری کورتخایەن، دەرفەت و دەرەتان بە ڕێژیمە دژی گەلی و سەرەڕۆکانی وەک کۆماری ئیسلامی نەدەن کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەنە مەیدانی تەراتێنی خۆیان.



# ئاوڕێک لە پرۆژە و هێز و ستراتێژیی مووشەکیی ئێران



**موختار نەقشبەندی**
**وەرگێر: مەسعوود ڕەواندووست**

تاقیکردنەوە مووشەکییەکانی ئەم دواییانەی ئێران ڕەنگدانەوەیەکی بەربڵاوی لە ڕاگەیەنە ناوچەیی و جیهانییەکان‌دا هەبوو و، ئەمریکا ئەم تاقیکردنەوەی بە بەرنامەی پەرەپێدانی مووشەکە بالستیکەکان بە توانای هەڵگرتنی کڵاوەی ناوکی بەستەوە و بە پێشێلکردنی بڕیارنامەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیی زانی، ئەگەرچی سەلماندنی ئەو ئیدیعایە کە مووشەکی "عماد" بە مەبەستی هەڵگرتنی کڵاوەی ناوکی دروست کراوە و تاقیکراوەتەوە زۆر سەختە، چونکە تەنیا جیاوازیی مووشەکە بالستیکە دوورهاوێژ و نێوەندهاوێژە ناوکی و ئاساییەکان لە جۆری کڵاوەکەیان‌دایە نەک لە مووشەکەکان، بەڵام چونکە بە گشتی مووشەکە نێوەندهاوێژ و دوورهاوێژەکان کە لە پێکانی ئامانجەکاندا ورد و دەقیقن زیاتر بۆ هەڵگرتنی کڵاوەی ناوکی بەکاردەهێنرێن، ئەم تاقیکردنەوەیە بووە هۆی نیگەرانیی زیاتر لە بەرنامە نیزامییەکانی ئێران.

بۆ تاوتوێ کردنی ئەوەی کە بۆچی بەرنامە مووشەکییەکەی ئێران هەم بۆ خۆی و هەم بۆ وڵاتانی ناوچە و ئەمریکا گرنگییەکی تایبەتی هەیە، پێویستە ئاوڕێک لە پرۆژە و هێز و ستراتێژیی مووشەکیی ئێران بدەینەوە.

**پرۆژە مووشەکییەکانی ئێران:** هەوڵی ئێران بۆ داڕشتن و دروستکردنی مووشەک بۆ سەردەمی شەڕی ٨ ساڵە لەگەڵ عێراق دەگەڕێتەوە کە بەهۆی لاوازیی زۆر لە هێزی هەوایی‌دا دەستی‌دایە کڕینی مووشەک بۆ هێرش کردنە سەر بەغدا لە شەڕی وێرانکردنی شارەکاندا. ڕێژیمی ئێران دوای شەڕ هەوڵێکی زۆری بۆ داڕشتن و دروستکردنی مووشەک دەست پێکرد. پسپۆڕانی نیزامیی ئێران بە یارمەتیی ئەو تێکنۆلۆژییەی لە وڵاتانی وەک کۆریای باکووریان کڕی، لە سەرتاکانی دەیەی 70ی هەتاوییەوە توانیان لە زۆربەی نموونەکان‌دا لە مووشەکە بالستیکەکان کۆپی هەڵگرنەوە و ڕێژیم بەردەوام بۆ مەبەستە سیاسی و پروپاگەندەییەکانی، تاقیکردنەوە مووشەکییەکانی وەک پرۆژە و دەسکەوتی نەتەوەیی لە بواری تێکنۆلۆژی‌دا ناو بردوە، بەڵام وێکچوونی لەڕادەبەدەری مووشەکە ئێرانییەکان لەگەڵ نموونە چینی و کۆرەیی و ڕووسییەکان پێچەوانەی ئەم ئیدیعایانەی ڕێژیم پیشان دەدا. بۆ نموونە یەکێک لە سەرکەوتووترین مووشەکەکانی وشکانی بۆ دەریای ئێران مووشەکی "خلیج فارس"ـە کە بە سووتەمەنیی ڕەق و خێرایی سەرووی دەنگ و مەودای 300 کیلۆمەتر، مەترسییەکی گەورەیە بۆسەر هێزی دەریایی وڵاتانی عەرەبی دەوری کەنداوی فارس و تەنانەت تەنانەی کەشتییە ئەمریکییەکان و، لە ٧ ساڵ لەوە پێشەوە دوای تاقیکردنەوە کەوتۆتە بواری بەرهەمهێناوە. بەڵام ئەم مووشەکە لەسەر بنەمای مووشەکی "فاتح ١١٠" دروستکراوە کە ئەمریکا چینی بە هاوکاری لەگەڵ ئێران بۆ دروستکردنی ئەم مووشەکە تاوانبار کردوە! ئێران ساڵی ١٣٨٥ خێراترین ئەژدەری جیهانی بەناوی "حوت" تاقیکردەوە و ئیدیعای کرد کە ئەم مووشەکە بە تەواوی خۆجێی‌یە و بە دەستی پسپۆڕانی نێوخۆیی دروستکراوە، بەڵام ئەو زانیاریانەی لە لایەن ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ڕۆژئاواوە بڵاوبوونەوە نیشانیان‌دا کە ئەم مووشەکە زۆر شێوەی مووشەکی "اشکوال"ی ڕووسی دەدا کە ساڵی ١٩٧٧ی زایینی واتە ٢٩ ساڵ پێش ئێران بەرهەمی هاتوە!

زنجیرە مووشەکەکانی شەهاب کە بەناوبەنگترین مووشەکە زەمین بە زەمینەکانی ئێرانە و گرینگترینیان مووشەکی "شهاب 3" یە بە سووتەمەنیی شل و مەودای ١٣٠٠ بۆ 1700 کیلۆمەتر دەبڕێ (بە گوێرەی قورسایی کڵاوەکەی) کە لەسەر بنەمای مووشەکی نۆدۆنگی کۆریای باکوور داڕێژراوە و ساڵی ١٣٧٧ تاقیکرایەوە و دواتر نموونە پێشکەوتووترەکانی وەک "قدر" تاقی کرانەوە و بەرهەمهاتن و زۆربەی کارناسان مووشەکی "عماد" کە چەند ڕۆژ لەوەپێش تاقیکرایەوە بە نموونەی پێشکەوتوتری "شهاب 3" دەزانن. مووشەکی "سجیل 2" یەکێک لە باشترین مووشەکەکان بە سووتەمەنیی ڕەقە کە مەودای ٢٠٠٠ کیلۆمەتر دەبڕێ و لە ساڵی ١٣٨٨ەوە دوای تاقیکردنەوەی سەرکەوتووانە کەوتە بواری بەرهەمهێناوە و بەهۆی کەڵک وەرگرتن لە سووتەمەنیی ڕەق زۆر خێرا ئامادەی عەمەلیات دەبێ و هەربۆیەش یەکێک لە گرنگترین پرۆژە مووشەکییەکانی ئێرانە.

**هێزی مووشەکی:** بۆ تاوتوێ کردنی هێزی مووشەکیی هەر وڵاتێک دەبێ چەندێتی و چۆنیەتیی و هەروەها هێزی ئیتلاعاتیی و شناسایی وەبەرچاو بگیرێ. ئاماری وردی زمارەی مووشەکە کورت هاوێژ و نێوەندهاوێژەکانی ئێران لەبەردەست نیە و ڕێکخراوە ئیتلاعاتییە ڕۆژئاوایی و ناوچەییەکان هەڵسەنگاندنی جیاوازیان بۆی هەیە و ئاماری لە نێوان 1000 بۆ 2000 مووشەک بڵاو دەکەنەوە کە کەم بوونی سەکۆی هاویشتنی مووشەک، ڕێگە بە کەڵک وەرگرتنی هاوکات لە بڕێکی زۆری ئەم مووشەکانە نادا. لەباری چۆنیەتییەوە بە پێچەوانەی ئیدیعاکانی ڕێژیم، مووشەکە ئێرانییەکان تێکنۆلۆژییەکی پێشکەوتوویان نیە و ناتوانن ئامانجە لە پێشرا دیاریکراوەکان بپێکن. بۆ وێنە نموونە سەرەتاییەکانی مووشەکی "شهاب 3" نزیک 190 مەتر هەڵەی پێکانیان هەبوو کە ئەم ڕادەیە بۆ هێرشکردنە سەر ئامانجە نیزامییەکان یەکجار زۆرە. تاقیکردنەوەی "عماد" چەند ڕۆژ لەوەپێش نیشاندەری باشتربوونی تێکنۆلۆژیی مووشەکیی ئێرانە لە بواری هیدایەت کردن و کۆنترۆڵی مووشەکدا، بەڵام بۆ بەرهەمهێنانی زۆری ئەم مووشەکە کاتێکی زۆر پێویستە. هەروەها ئێران بەهۆی نەبوونی ماهوارەی جاسوسی و هەروەها پەهباد و فرۆکەی پێشکەوتووی سیخوڕی توانای دۆزینەوە ناسینی وردی ناوچە نیزامییەکانی لایەنی بەرامبەری نیە کە ئەوە ڕێگرە لە کەڵک وەرگرتنی باشی مووشەکەکان لەدژی ئامانجە نیزامییەکان دەگرێ، بە تایبەت کە لە کاتی شەڕدا دوو لایەن بەردەوام لە هەوڵی جێگۆرکێ بە ئامێر و کەلوپەلەکانی خۆیاندان بۆ ئەوە شوێنەکەیان نەناسرێ و هەر ئەوە دۆزینەوەی پێشوەختی کەلوپەلی نیزامیی لایەنی بەرامبەر بێ سوود دەکا. بۆ وێنە بێ ئاگایی لە شوێنی ڕاگرتنی فرۆکە شەڕکەرەکان و نەبوونی مووشەکی ورد و دەقیق، دەستی ئێران لە هێرشکردنە سەر پێگە هەواییەکانی لایەنی بەرامبەر دەبەستێ و ژمارەی مووشەکەکانی ئێرانیش ئەوەندە نیە کە بە مووشەک هاوێژی و بارانی مووشەک مەسەلەی کەمبوونی زانیاری و لاوازیی تێکنۆلۆژیکی خۆی قەرەبوو بکاتەوە و پێگە هەواییەکانی دوژمن لەنێوبەرێ. مووشەکە وشکانی بۆ دەریاکانی ئێران بە تایبەت "خلیج فارس" هەڕەشەیەکی جیددیە بۆ سەر کەشتییەکانی لایەنی بەرامبەر. بەڵام بەوەبەرچاوگرتنی باڵادەستیی هەوایی ئەمریکا و لەسەرتربوونی ڕێژەیی عەرەبستان، کەنارەکانی ئێران زیاتر لە چەند ڕۆژ ناتوانن بۆ هاویشتنی مووشەک بۆ دەریا بەکاربهێنرێن و بە کردەوە مووشەکە وشکانی بۆ دەریاکانی ئێران لە بەرامبەر ئەمریکادا کاراییان نابێ. چونکە سیستمە دژە مووشەکەکانی ئیسرائیل، عەرەبستان و وڵاتانی دەوری کەنداو و ئامریکا زۆربەی مووشەکەکانی ئێران لە ئاسمان‌دا دەتەقێننەوە.

**ستراتێژیی مووشەکیی ئێران:** ئێران بەهۆی لاوازیی زۆر لە هێزی ئاسمانی‌دا بەهۆی گەمارۆکان و بێ توانایی لە بەرهەمهێنانی فرۆکەی مودێرنی نیزامی‌دا هەوڵ دەدا هێزی مووشەکی وەک جێگرەوە یان تەواوکەری هێزی ئاسمانی بۆ هێرش بۆسەر بەرژەوەندییەکانی لایەنی بەرامبەر بەکاربێنێ، بەڵام بەهۆی کەمبوونی ژمارە و دەقیق نەبوونی مووشەکەکانی لە هێرش بۆ سەر ئامانجە دیاریکراوەکان‌دا و هەروەها لاوازیی زانیاری و شناسایی ناتوانێ کەڵکی دڵخواز لە هێزی مووشەکی بۆ هێرش بۆ سەر ئامانجە نیزامییەکان وەرگرێ، هەربۆیە لە کاتی هەڵگیرسانی شەڕدا مووشەکەکان زیاتر بۆ هێرش بۆسەر شارەکان و دروستکردنی ترس و دڵەڕاوکێ بەکاردێنێ و زۆر کەم دەست دەبا بۆ هێرش بۆ سەر ناوەندە نیزامی و ئابوورییەکان. هەروەک فەرماندە و کارناسە نیزامییەکانی ئێران چەندین جار لە بەرنامە تەلەڤیزیۆنییەکاندا ڕایانگەیاندوە کە لێدانی مووشەکێک لە تێلاویو دەبێتە هۆی کۆچ کردنی پێچەوانە و هەڵاتنی جوولەکەکان لە ئیسرائیل. دیارە ئەگەر لە نێوان ئێران و ئەمریکا یان عەرەبستان شەڕ هەڵگیرسێ لە مووشەکەکانیان بۆ زەبر وەشاندن لە دامەزراوە نەوتییەکان و بردنەسەری نرخی نەوت و زیان گەیاندن بە ئابووریی جیهان و بردنەسەری تێچووی لایەنی بەرامبەر کەڵک وەردەگرن.

بەوەبەرچاوگرتنی لاوازیی هێزی ئاسمانیی ئێران و لەبەردەستدا نەبوونی بۆمهاوێژی پێشکەوتوو، مووشەک تەنیا ئامرازی هەڵگرتنی کڵاوەی ناوکییە بۆ ڕێژیم و هەر ئەوەش هۆکاری سەرەکیی نیگەرانی لە بەرنامە مووشەکییەکانی ئێران لەم ساڵانەی دوایی‌دا بووە و درێژەدان بە تاقیکردنەوەکان و هەوڵی ئێران بۆ پەرەپێدان و باشترکردنی جبەخانە مووشەکییەکەی بۆتە هۆی نیگەرانی لە لادانی ئێران لە ڕێککەوتنە ناوکییەکان و هەوڵدان بۆ دروستکردنی چەکی ئەتۆمی ئەگەر ئیمکاناتەکەی لەبەردستدابێ. چ لە ساڵانی پێشوودا و چ ئێستاش کاریگەرییە دەروونی و ڕەوانییەکانی مووشەکەکانی ئێران لە هێزی ڕاستەقینەیان زیاتر بووە کە هۆکارەکەی شەڕی ڕەوانیی ڕێژیمی ئێران و گەورە کردنەوەی هێزی مووشەکی بۆ دروتکردنی ترس و دڵەڕاوکێ بووە.



> بەوەبەرچاوگرتنی لاوازیی هێزی ئاسمانیی ئێران و لەبەردەستدا نەبوونی بۆمهاوێژی پێشکەوتوو، مووشەک تەنیا ئامرازی هەڵگرتنی کڵاوەی ناوکییە بۆ ڕێژیم و هەر ئەوەش هۆکاری سەرەکیی نیگەرانی لە بەرنامە مووشەکییەکانی ئێران لەم ساڵانەی دوایی‌دا بووە

## ڕۆژەڤی ئێران

# شانۆی پێکەنیناوی مەجلیس



**حەسەن شێخانی**

هەر لە سەرەتاوە مەجلیس ڕۆڵێکی وای لە پرۆسەی دانوستانە ناوکییەکاندا نەبوو. دوای نیهایی کرانی بەرجام لە لایەن ئێران و وڵاتانی ٥+١ەوە، باسگەلێکی زۆر سەبارەت بە ڕۆڵ و پێگەی مەجلیس لە پەسندکرانی بەرجام دا هاتەئاراوە. سەرەڕای داخوازی و پێداگریی راستی توندئاژۆ و بەرەی پایداری لە مەجلیس دا، دەوڵەت ئامادە نەبوو کە بەرجام لە دووتوێی پرۆژەیاسایەک پێشکەشی مەجلیس بکا. سەرەنجام دوای قسەکانی خامنەیی سەبارەت بە تاووتوێ کردنی بەرجام لە شوێنە یاساییەکاندا، کۆمیسیۆنێکی تایبەتی بۆ تاووتوێ کردنی بەرجام لە لایەن مەجلیسەوە پێکهات کە زۆرینەی ئەندامەکانی لە ئوسوولگەرا توندئاژۆکان پێک دەهات. شێوەی کاری ئەو کۆمیسیۆنە و بانگهێشت کردنی شارەزایانی پێوەندیدار و بەرپرسانی پێشوو و ئێستای کەیسی ناوکی، چۆنیەتی بڵاوکردنەوەی باسەکانی ئەو کۆمیسیۆنە لە لایەن دەنگ و ڕەنگەوە و، چۆنیەتی ئامادە کردنی ڕاپۆرتی ئەو کۆمیسیۆنە مقۆمقۆ و موناقشەی زۆری لێ کەوتەوە. سەرەڕای زیاتر لە ٤٠ ڕۆژ کاری بەردەوام، ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی تایبەتی بەرجام نەبوو بە بنەمای بڕیاردانی مەجلیس. سەرەنجام گەڵاڵەی جێبەجێ کردنی بەرجام کە لە لایەن کۆمیسیۆنی ئاسایشی نەتەوەیی و سیاسەتی دەرەوەی مەجلیس ئامادە کرابوو بە پەسندی مەجلیس گەیشت و دوای تەییدی شۆرای نیگابانیش بە دەوڵەت ڕاگەیەنرا و بەم شێویە دوای ٢-٣ مانگ کیشمەکێشی لایەنگران و دژبەرانی بەرجام، بە شێوەیەکی فەرمی ئیجازەی جێبەجێ کردنی بەرجام بە دەوڵەت درا. لەم بارەوە پێویستە بگوترێ کە:

١ـ قبووڵ کردنی بەرجام لە لایەن ئێرانەوە، بەو واتایە بوو کە پێشتر بە پەسەندی بنیاتە دەسەڵاتدارەکانی کۆماری ئیسلامی گەیشتووە و ئەوەی دواتر لە چوارچێوەی کۆمیسیۆنی تایبەتی بەرجام لە مەجلیس دا دیتمان، زیاتر ڕواڵەت سازی و شانۆسازییەک بوو بۆ لاسایی کردنەوەی کۆنگرەی ئەمریکا لە تاووتوێ کردنی بەرجام دا و هەوڵێک بوو بۆ ڕازی کردنی دژبەرانی بەرجام بە تایبەت لە مەجلیس دا.

٢ـ دوای نیهایی کرانی بەرجام لە مانگی پووشپەڕ دا، خامنەیی وریایی دا کە بەرجام نەبێتە هۆی دروست بوونی دووبەرەکی و دوودەستەیی لە سیستم دا. خامنەیی و بەرپرسانی پلەبەرزی کۆماری ئیسلامی بەردەوام ئەوە دووپات دەکەنەوە کە ئامانجی ئەمریکا لە قۆناغی دوای بەرجام ئەوەیە کە لە نێو سیستم دا دووبەرەکی دروست بکەن و لە ڕێگەگەلی جۆراوجۆرە لە دەزگا بڕیارساز و بڕیاردەرەکانی کۆماری ئیسلامی دا نفووز بکەن. ئامانجی دەزگای ڕێبەریی ئەوە بوو کە لە چوارچێوەیەکی مودیرییەت کراودا بەرجام لە مەجلیس دا تاووتوێ بکرێ و بەر لە تەواوبوونی وادەی ٣ مانگە بۆ ڕاگەیاندن و پەسندی بەرجام، مەجلیس لە دووتوێی پەسندکراوێک دا بە شێوەیەکی یاسایی ئیجازەی جێبەجێ کردنی بەرجام دەربکا. لە ڕاستیدا کاری مەجلیس ڕەهەندێکی ڕواڵەتی هەبوو. بەو پێیە مەجلیس نەدەبوو پێچەوانەی ئەمە بجووڵێتەوە و بە درێژکردنەوەی ڕەوتی تاووتوێ کردنی بەرجام، هەڵوێستێکی پێچەوانەی سەرووی سیستم بگرێ و بەرجام ڕەد بکاتەوە.

یەکەم: ئەوەی کە کۆمیسیۆنی تایبەتی بەرجام ئامادە کردن و پێشکەش کردنی ڕاپۆرتەکەی وەدوادەخست. ئەم مەسەلەیە لەگەڵ ڕەخنەی عەلی لاریجانی بەرەوڕوو دەبێ و وەک دەگوترێ دوای چەندین جار وریاکردنەوەی عەلی لاریجانی سەرۆکی مەجلیس، سەرەنجام کۆمیسیۆنی تایبەتی بەرجام ڕاپۆرتەکەی پێشکەش دەکا کە وەک ئاماژەی پێکرا تەنیا وەک بەیاننامەیەکی لێهات و نەبوو بە بنەمای کاری مەجلیس.

دووەم: دوای پەسندکرانی «کلیات»ی گەڵاڵەی جێبەجێ کردنی بەرجام، توندئاژۆکان دەیانویست بە خستنە ڕووی پێشنیارگەلی زۆر، کە خۆی لە ٢٠٠ پێشنیار دەدا، ڕەوتی پەسندکرانی وردەکارییەکانی درێژ بکەنەوە و لە ڕاستیدا ڕێ لە پەسند کرانی ئەو گەڵاڵەیە لانیکەم لە وادەی خۆیدا بگرن. ئەوان دەیانویست بە لاسایی کردنەوەی کۆنگرەی ئەمریکا و بە ڕەچاوکردنی «فیلی باستێر» لە چەشنی ئێرانییەکەی! دەنگدان لە سەر گەڵاڵەکە پەک بخەن کە بە گەیشتنی پەیامێک لە لایەن نووسینگەی ڕێبەرییەوە، سەبارەت بەوەی کە دەبێ گەڵاڵەکە بە گۆڕانکارییەکی زۆر کەم پەسند بکرێ، ئەو تاکتیکەی دژبەرانی بەرجام پووچەڵ کرایەوە. ئەوە بوو وردەکارییەکانی گەڵاڵەکە لە ماوەی کەمتر لە ٢٠ خولەک دا! بە پەسندی مەجلیس گەیشت و ڕۆژی دواییش زۆر بە خێرایی لە لایەن شۆرای نیگابانەوە تەیید کرا. «کلیات»ی گەڵاڵەی جێبەجێ کردنی بەرجام بە ١٣٩ دەنگی موافیق و ١٠٠ دەنگی دژبەر بە پەسەند گەیشت، لە حاڵێکدا وردەکارییەکانی بە ١٦١ دەنگی موافیق و ٥٩ دەنگی دژبەر پەسند دەکرێ. کەم بوونەوەی بەرچاوی دەنگی دژبەران و زوو تەییدکرانی گەڵاڵەکە لە لایەن شۆرای نیگابانەوە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە سیستم نەیدەویست لەمە زیاتر ڕەوتی تاووتوێ و پەسند کردنی گەڵاڵەی جێبەجێ کردنی بەرجام درێژ بێتەوە و لەوە زیاتر دووبەرەکی لایەنگران و دژبەرانی بەرجام قووڵ بێتەوە و درێژە بکیشێ. قسەکانی ئەحمەدی جەننەتی لە وتاردانی نوێژی هەینی تاران دا کە دەڵێ بەرجام تەواو بوو و نابێ لە کۆبوونەوە گشتییەکاندا باسی لێ بکرێ، پەیامێکە بۆ تەندئاژۆکان کە کۆتایی بە دژایەتییان لەگەڵ بەرجام بێنن و وەبیرهێنانەوەی ئەوەیە کە بەرجام بە پێی بڕیاری سیستم قبووڵ کراوە و جێبەجێش دەکرێ. هەروەها سەلمێنەری ئەو حوکمە حکومەتییەیە کە بە شێوەیەکی ناڕوون بە مەجلیس ڕاگەیەندرا کە دەبێ پرسی بەرجام کۆبکرێتەوە.

شانۆکە لەوەدایە کە لە جێدا نەدەبوو مەجلیس بە دەرکردنی یاسایەک ڕێ لە جێبەجێ بوونی بەرجام بگرێ و زێدە لەوەش بە حوکمێکی حکومەتی کە لە ڕاگەیاندنی ئاشکرای،خۆیان بوراد، لە ماوەی کەمتر لە ٢٠ خولەک دا ڕۆڵی ڕواڵەتی و لەپێشدا دیاریکراوی مەجلیس کۆتایی هات.

کوردستان
ژمارە: ٦٦٦
١ی خەزەڵوەری ١٣٩٤ _ ٢٣ی ئۆکتۆبر ٢٠١٥

# سەپاندنی هەڵبژاردنەوە؛ خۆ بواردنێکی ڕاشکاوانە



**عەزیز مەعرووفی**

تورکیە ١ی نوامبر هەڵبژاردنی پێشوەختەی پارلمانیی بەڕێوە دەبات. سەپاندنەوەی هەڵبژاردنی پێشوەختە، بۆ قەیرانی پێک نەهاتنی حکوومەتی ئیعتلافی لە پاش هەڵبژاردنەکەی ٧ی حوزەیران لەو وڵاتە دایە. دەزانین لە ئاکامی ئەو هەڵبژاردنەدا، ئاپەکە ٢٥٨، جەهەپە ١٣٢، مەهەپە ٨٠ و هەدەپە ٨٠ کورسیان وەدەست هێنا. بە پێی ئاکامی ئەو هەڵبژاردنە، دەبوو بە بەشداری پارتە براوەکانی هەڵبژاردن، حکومەتێکی هاوبەش پێکهێنرابا. خۆ ئەگەر ئاکەپە تخوونی وەها پێویستی و ڕاستییەک نەبوو، بە لایەنی کەمەوە دەکرا لەگەڵ یەکێک لە سێ پارتەکەی دیکە حکومەت پێکبهێنێ. نە تەنیا ئەوە، بەڵکو ئاکەپە بە ڕێنوێنی و چاوساغی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆمار، بە چەشنێک وڵاتی تووشی قەیران کرد و ڕێی بۆ شەرو تێکهەڵچوون خۆش کرد، کە بژاردەیەک جیا لە بژاردەی هەڵبژاردنەوەی سەر لە نوێ نەمێنیتەوە.

وەک ئاماژەی پێکرا، ئاکاپە خۆی لە قەرەی حکومەتی هاوپەیمان نەدا، چونکە؛ لە لایەک بۆ ئەو پارتە، لە پێش هەموویان دا بۆ ئەردۆغان سەخت بوو مل بۆ ئاکامی هەڵبژاردنەکان ڕاکێشێ کە هەوراز لە ١٠ساڵ دەسەڵاتداری یەکەمی تورکیە بوو، لە لایەکی دیکەش هەدەپە بە سەر تیغی ڕێژەی ١٠٪ دا سەرکەوتبوو. بەڵام ئاخۆ هەڵبژاردنەوەی پێشوەختە دەتوانێ مزگێنی وەها سەرکەوتنێک بۆ ئەردۆغان و ئەحمەد داووئۆغڵوو و بە گشتی بۆ پارتەکەیان وەدی بێنێ کە ئارەزووی بۆ دەکەن؟ بۆ ئەوەی کورتە وڵامێکی یەکلاکەرەوەمان بێتە دەست، بەرهەمی شیتەڵی چەند دەهۆ و پیلانی ئەردۆغان و داودئۆغڵوو دەردەخەین؛

### تەقاندنەوەی متینگەکانی هەدەپە

٥ی حوزەیران، دوو ڕۆژ بەر لە هەڵبژاردن، لە متینگی هەدەپە لە دیاربەکر لە ئاپۆڕای سەدان هەزار کەسی دا، ڕاست لەو کاتەدا سەلاحەددین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی هەدەپە پێ دەخاتە سەکۆی بانگەشەی متینگ، تەقینەوەی خۆ کوژیی ڕووی دەدا، بەو هۆیەوە ٤ کەس گیانی خۆیان لەدەستدا. ٢٢ی تەموز لە پرسوس، خاڵی پێکەوە بەسترانی باکور و ڕۆژئاوای کوردستان، لە نێو لاوانی سۆسیالیست دا کە خەریکی خۆ ڕێکخستن و کاردروستایی بە مەبەستی هەڵگرتنی فیلمێکی بەڵگەیی لە سەر وێرانەکانی کۆبانی بوون، تەقینەوەیەکی خۆ کوژیی ڕووی داو ٣٢ کوڕ و کچی ئازادیخواز تێدا بوون بە قوربانی. دوایین تەقینەوە، تەقینەوەی خۆکوژیی لە دڵی ئانکارا، لە « متینگی ئاشتی» هەدەپە ڕووی دا، لەو کارەساتە تاڵەدا ١٠٢ کەس کە زۆربەی زۆریان لە ئەندامانی هەدەپە بوون، کران بە سووتمانی سیاسەتی خۆ دزینەوەی ئاکەپە لەو شکستە یەک لە دووا یەکانەی تووشی بووە. ڕەنگە بە جێ بێ وەبیر بێنینەوە کە هەموو پارتەکانی دیکەش، وەک هەدەپە متینگ دەگرن، کەچی تەنیا متینگ و ئاپۆڕای هەدەپە دەکرێنە ئامانج، چونکە جیا لەوەی پارتی دەسەڵاتدار و تەواوەتی سیستمی تورکیە لە ئاست شۆڕش و پێشەوەچوونی خەباتی باکوری کوردستان دۆش داماون، لایەنێکی ڕوون و ئاشکراشی ئەوەیە ڕێ لە پێشەنگی ڕێبەرانی نێوخۆی ئەو شۆڕشە لە نێو ئاپۆڕای خەڵکی خۆیان و متینگەکان ببەستن، تەنانەت دەکرێ ئەو کردوە قێزەونانە بە ڕێخۆشکردن بۆ هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر گیان و سلامەتی ئەو ڕێبەرانە چاو لێ بکەین. ڕەنگە ئەو هۆیە وایکردبێ، هەدەپە متینگی هەڵبژاردنەکانی هەڵپەساردبێ. لە هەر سێکی تەقینەوەکاندا، پەنجەی تومەت و تیرۆرەکان بۆ داعش ڕادەکێشرێ، ئیدی حاشای لێ ناکرێ بکەرانی تێرۆرەکان هاوڵاتی تورکیە و ئەندامی داعشن. هەر وێڕای ئەوەش خۆکوژەکان بۆ دەزگای پۆلیس و سیخوری تورکیە ناسراون، بۆیە پاساو هەڵناگرێ تورکیە وا بە ئاسانی چاو لە کار و تێرۆرەکانی ریکخراوی ترۆریستی داعش دەرحەق بە کورد بنووقێنێ و لێگەرێ وا بە ئاسانی ئەو ڕێکخراوە تێرۆریستە متینگ و لێک کۆبوونەوەی کوردەکان خەڵتانی خوێن بکات.

### پرۆسەی ئاشتی!

ئەگەرچی لە پشت پردەوە هاندانێکی بەهێز هەبوو کە هەدەپە، بۆ هەڵبژرادنە پارلمانییەکەی سەرەتای هاوین، بە لیستی پارت بەشداری هەڵبژاردنەکان بێ، بەڵام ئەو هاندانە زۆری نەخایاند. لە سەرۆککۆمار ڕا بگرە هەتا سەرۆک وەزیران، وەزیر و ڕاوێژکارانی حکومەت و دەسەڵات بە پانەوە کەوتنە چاندنی تۆوی ناهومێدی و پرینگاندنەوەی جەماوەری باکوری کوردستان لە هەدەپە! یەکێک لە گەورە ڕاویژکارانی سەرۆک وەزیر، ئەو کات کووتی چ خۆش دەبێ ئەگەر هەدەپە لە ژێر بەربەستی ١٠٪ بمێنێتەوە، هەروەها ئەگەر هەدەپە ئەو ڕێژەیە تێپەڕێنێ ئەوا ئاسەوارێک لە پرۆسەی ئاشتی نامێنێ. هەر ئەو کات، ئەردۆغان داوای لە خەڵکی تورکیە کرد ٤٠٠ نوێنەر لە پارتەکەی نابراو ساغ بکەنەوە تاکوو پرۆسەی ئاشتی ڕەوتی ڕاستەقینەی! خۆی بپێوێ. لە پاش تەقینەوەی متینگی هەپەدەش دا بە ئاشکرا کوتی ئەگەر ٤٠٠ نوێنەرمان نادەنێ ئەو تەقینەوە و شەڕ و ئاڵۆزیانە ڕوو دەدەن.

### شەڕی پەکەکە ـ ئەرتەشی تورکیە

بە دوای تەقینەوەکەی پرسوس دا، شەڕ و تێکهەڵچوونێکی کەم وێنە لە نێوان هێزەکانی پەکەکە و ئەرتەشی تورکیە هاتۆتەوە گوڕێ. بیانووی دەوڵەت ئەوەیە دەڵێ، پەکەکە دوو پۆلیسی دەوڵەتیی کوشتوون، بیانووی پەکەکەش بۆ کوشتنیان ئەوە بوو کە ئەو دوو پۆلیسە هاوکاری و چاوساغییان بۆ داعش کردوە. لە ئاکامی ئەو شەڕ تێکهەچوونانەدا کە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی باکووری کوردستانی تەنیوەتەوە تاکو ئێستا زیاتر لە ٧٠٠ کەس بوونەتە قوربانی و شەهید بوونی دەیان پارتیزانی پەکەکەشی بە دواوەوە بووە. لە درێژەی شەڕ و ڕووداوەکانی ٣–٢ مانگی ڕابردوودا، کوردستان بە چەشنێکی کەم وێنە میلیتاریزە کراوە، مەترسی جۆراوجۆر هەڕەشە لە چارەنووس و ماڵ و ژیانی خەڵک دەکات، تەنانەت بە بیانووی شەڕ و نائارامی کەشێکی ئەمنییەتی و دۆخی کودەتایی بۆ ڕێگرتنی کوردەکان بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان هەڕەشە لە چارەنووسی دەنگەکانی هەدەپە دەکات. لە لایەکی دیکەش، بێزاری لە سیاسەتی ئەردۆغان بۆ دیزە بەدەرخۆنە کردنی ئاکامی هەڵبژاردن و پێک نەهێنانی حکومەتی ئیعتلاف و دەست پێکرانەوەی شەڕ، چین و توێژەکانی کۆمەڵگە و تەنانەت هێندێک چینی نێو ئەرتەش و بنەماڵەی کوژراوانی شەڕەکانیشی گرتۆتەوە. هەڵەی ئەردۆغان و دارو دەستەکەی لەو دۆخەدا ئەوەندە گەورەیە، بە هەڵەی پەکەکە لە کوشتنی دوو پۆلیسەکەی ڕوحا تێ هەڵناهێنرێتەوە. لێ ئاکەپە بۆ دەست پێکردنەوەی دەورێکی دیکە لە قەڵاچۆ کردنی کورد و گۆڕەوشار دانی خەباتی سیاسی و شەقامی کورد لە هۆیەک دەگەڕا بیانوو بداتە دەست پەکەکە تاکوو شەڕ و شۆڕ هەڵبگیرسێتەوە.

حاکم کردنەوەی دۆخی شەڕ و کۆشتار، میلیتاریزە کردنی کوردستان، ڕێ خۆش کردن بۆ تەقاندنەوەی متینگەکانی هەدەپە، بە کارەسات دانانی سەرکەوتنی بەرەی سیاسی کوردو، خۆ دزینەوە لە پێکهێنانی حکومەتی هاوپەیمانی، هەموویان بۆ سەپاندنەوەی هەڵبژاردنەوەی پێشوەختەن. ئەو هەڵبژاردنەی دەکرێ بە تاقیکردنەوەی ئەزموونی تاقیکراوی دابنێین. هەڵبژرادنەوەیەک کە لە بنەڕەت دا بۆ خۆبواردنی ئاکەپە، ئەردۆغان و دەسەڵاتی تورکیە بۆ کێشەی ڕەوای کورد دەگەڕێتەوە بە دووای دوو مەبەست دا وێڵە؛ یەکەم، ئاکەپە ڕێژەی پێویست بۆ وەدەست گرتنەوەی حکومەت وەدەست بێنێ، بۆ ئەمەش بە حاکم کردنی سەناریۆیەکانی سەرەوە، هەدەپە لە ژێر ڕێژەی ١٠٪ بهێڵێتەوە. هەروەها لە بەرامبەر ئەوەشدا بە توند کردنی گوتاری ڕەگەزپەرستانە، مەهەپە لە ژێر ئەو ڕێژەیەدا بهێڵێتەوە. دووهەم، لە هەمووی گرینگتر، ئەردۆغان و پارتەکەی لەو حاڵەتەدا، دەیانهەوێ درێژە بە سیاسەتی پرۆسەی ئاشتی بدەن، پرۆسەیەک کە وتوویژو ئاکامەکانی لە ژوورە تاریکەکان دا بکەن بە ئەمری واقع بە سەر کێشەی کورد لە باکوری کوردستان دا.



حاکم کردنەوەی دۆخی شەڕ و کۆشتار، میلیتاریزە کردنی کوردستان،
ڕێ خۆش کردن بۆ تەقاندنەوەی متینگەکانی هەدەپە، بە کارەسات دانانی
سەرکەوتنی بەرەی سیاسی کوردو، خۆ دزینەوە لە پێکهێنانی حکومەتی
هاوپەیمانی، هەموویان بۆ سەپاندنەوەی هەڵبژاردنەوەی پێشوەختەن

ئامارەکانی پاش هەڵبژاردنی هاوین نیشانیان دا، ئاکەپە کەمترین دەنگی لە چینی لاو و کەم تەمەنی تورکیەدا هێناوەتەوە. لە ٧ی حوزەیران بۆ ١ی نوامبر لە سەرانسەری تورکیەدا ٣ میلیۆن دەنگ دەری لاو بە دەنگدەرانی تورکیە زیاد بووە. ئابووری تورکیە، بەرەو داکشانێکی زۆر چووە، بێکاری، نەبوونی و گرانی بەرۆکی خەڵکی ئەو وڵاتەی گرتووە. شەڕ و تێکهەڵچوون و ئاڵۆزی هەڕەشە لە دانیشتوانەکەی دەکات و نیگەرانێکی زۆر کۆمەڵگاکەی داگرتووە، ڕەنگە تەنیا چارەیەک کە بۆ دەرباز بوون لەو قەیرانە بەژانە شک دەبەن ئەوە بێ کە لە ١ی نوامبر ئاکاپە وەها بێننە خوارێ کە تەسلیمی ئیرادەی خەڵکی بکەن، بە دووری دەزانم تکاو داوای ئەردۆغان، داودئوغڵوو و ئاکەپە بێتە دی.

---

له ڕۆژهەڵاتەوە...

# کۆچ یا هەڵتەکانی مکانیزمەکانی گۆڕانخوازی!



**خالید محەممەدزادە**

ڕاپۆرتەکانی کۆچکردنی ئێرانییەکان زیاتر قسەکردن بووە لە سەر کۆچی نوخبەو بژاردەی ئێرانی بۆ دەرەوەی ولات بە جۆریک کە بانکی نێودەولەتی جیهانی لە تازەترین راپۆرت دا دەڵێت: ئێران لە نێوان (٩١) وڵاتی جیهان کە تێیاندا کۆچ بووەتە دیاردە، پلەی یەکەمی هەیە. بە پێی ئامارەکان سالانە (١٥٠) هەزار دەرچووی زانکۆکان ئێران بە جێ دەهێڵن.

ئەمە تەنیا ئاماری نارەسمی کۆچی نوخبەو بژاردەی ئەم وڵاتەیە بۆ ئۆروپاو ئامریکا کە بیگۆمان ئەم کۆچە لە سەر ئاستی هاوڵاتی، ریژەیەکی بەرچاوتر تۆمار دەکات. دۆخی شپرزەی ئابووری، بیکاری، قەیرانی سیاسیو لە کوردستانیش دا جگە لە هوکارە هاوبەشەکانی کۆچ لە ئێران، هەڵاواردنی سیاسی، نەتەوەیی، هەڵاواردنی ئایینیو ئابووریو روانگەی ئەمنییەتی بۆ کوردستان، پرسی کۆچی کردوە بە پرسو خواسێکی هەمیشەیی.

ئەگەرچی ئامارێکی رەسمی لە سەر کۆچ لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە بەر دەستدا نیە، بەڵام کۆچی سیاسی لە رۆژهەلاتی کوردستان میژووی خوی هەیەو بە تایبەت لە دوای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامیو چرکردنەوەی سەرکوتو قەدەغەکردنی چالاکی سیاسیو حیزبی، بە سەدان چالاکی سیاسی ئەم ولاتەیان جێ هیشت یا کۆچیان پێکرا.

هیچ گۆمانی تێدا نیە کە دۆخی سیاسیو ئابوریو سیستمی سیاسی ئێران، بە پلەی یەکەم کاریگەری گەورەی لە سەر دۆخی رۆژهەلاتو کۆچی هاولاتیانی هەیە، بەڵام کۆچی ئەم دواییە، تەنیا کۆچ نیە لە ژێر سایەی کۆماری ئیسلامی، ئەوەندی کۆچیی مرۆڤی رۆژهەڵاتیشە لە ژێر ئیدارەی حکومەتو حیزبی کوردی بە جۆرێک کە حیزبەکانی رۆژهەڵاتیشی گرتوتەوە.

لە پال ئەو کۆچەی کە رۆژانە لە رۆژهەڵاتەوە دریژەی هەیە، رۆژانەش هەمان ئەو رۆژهەڵاتیانەی کە روویان لە باشورو حیزبەکانی رۆژهەڵات کردوە، رەوێکی نوێیان لە کۆچ دەستپێکردوە کە جێگەی لێوردبونەوەیە.

ئەم کۆچە بۆ قسەکردنی زیاتر دەبی بۆ چارەسەرێکی گونجاوو بۆ گەرانەوەی کۆچبەر بۆ شوێنی خۆی، چون ئەوانەی لێرە کۆچ دەکەن چی تر کۆچبەرێکی ئاسایی نین، بەڵکوو کۆچبەرێکی گۆڕانخوازنو کۆچی ئەوان کۆچ نەبووە لە سەر ئاستی شەخسی، بەڵکوو کۆچ بووە بۆ گۆڕانی کۆمەلایەتیو سیاسی گەورە لە ولات.

دیارە ئەمەش ناکری تا قسە لە سەر شوێنی کۆچ، گۆڕانی جیهانبینیو ئەرزشەکانو میکانیزمو ئەو ساختارو دۆخەی نەکەین کە کۆچبەری گورانخواز تێی کەوتووە. دۆخێک کە ئوتوماتیک، تاکی گۆڕانخواز دەکات بە تاکێکی بی کاریگەرو هەموو هەوڵەکانی گۆڕانخوازی ناتوانێ، هەلگری گۆڕان بی لە حەوزەی گشتی کە بوی تێدەکوشی.

لە راستی دا ناکرێت قسە لە سەر کۆچ لەم بازنەیە بکەین بەڵام قسە لە سەر ئەو دۆخە نەکەین کە تاکی گۆڕانخوازی کردووە بە میوانێکی بی بەرهەمو هەموو ئامرازەکانی گۆڕانخوازی روو بە رۆژهەلات لێ وەرگیراوەتەوەو بە دەسکەوتەکانی خوی ناژی بەڵکوو بەو دەستکەوتانە دەژی کە پیش ئەو، گۆڕانخوازان دەستەبەریان کردوە.

ئەوەی مرۆڤی گۆڕانخوازو پێشمەرگەو سیاسی و حیزبی رۆژهەڵاتی تێی کەوتووە، رازی بوونە بە قەدەر، قەدەرێک کە پیش ئەوەی گۆڕانخواز بیگۆڕێ، خۆی دەکەوێتە ژیر تەوژمی قەدەر.

بەڵام رەخنەگرتن لە دۆخی ئێستا، دەکرێت بی کاریگەری بێ، ئەگەر ئێمە نەتوانین ئەم دۆخە بگۆرین، واتە هەوڵی گۆڕانخوازان پیش ئەوەی هەوڵی گۆڕانی گەورەی کۆمەڵایەتیو سیاسی لە حەوزەی گشتی بێ، دەبێ هەوڵی گۆڕان لەو فەزاو پانتاییە بێ کە تێی کەوتوون.

کۆچ دەکریت لە سەر ئاستی شەخسی ژیانی مرۆڤەکان بگۆرێ، بەڵام ئەم کۆچە ناتوانێ خەونی گشتی ئەوان بۆ دونیایەکی باشتر بە حەوزەی گشتی تر بگۆڕیو پیچەوانەکردنەوەی کۆچیش دەبی هاوکات بی لە گەڵ گۆڕانی ئەو پانتاییە کە شۆڕشو شۆڕشگیرانی تێکەوتووە.

کەواتە دەکرێت لێرەوە هەموو گۆڕانو هەموو کۆچێک، گۆڕان لە جیهانبینی ئێمە بۆ شۆڕشو گۆڕانکاریو گۆڕینی مکانیزمەکانی خەباتو بەرەنگاربوونەوە بەرەو رۆژهەڵات بی.

کوردستان
ژمارە: ٦٦٦
١ی خەزەڵوەری ١٣٩٤ _ ٢٣ی ئۆکتۆبر ٢٠١٥

# دوژمنایەتی لەگەڵ ڕۆژئاوا تەنیا خاڵی هاوبەشی ئێران و ڕووسیە



مستەفا مەعروفی

بەشداریی ئێران و ڕووسیە لە شەڕی سووریەدا تا ئێستا لوتکەی هاوکارییەکانی ئەم دوو وڵاتە لە هاوکێشە سیاسی و ململانێکانی ناوچە دایە. هەرکام لەم دوو وڵاتە بە مەبەست و هۆکاری جیا هاتوونەتە نێو شەڕ و کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە. بەڵام لە یەک خاڵدا یەک دەگرنەوە: بەربەرەکانی لەگەڵ ڕۆژئاوا و دژایەتی لەگەڵ حوزووری ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لەم ناوچەیەدا.

پێوەندیی دۆستانەی ئێران و ڕووسیە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی تەمەنی یەکیەتیی سۆڤیەت کە هێشتا ئایەتوڵڵا خومەینی لە ژیاندابوو. ڕەنگە شەڕی ئێران و عێراق کاریگەریی لەسەر کەمڕەنگکردنەوەی دروشمی "نە شەرقی نە غەرب"ی کۆماری ئیسلامی دانابێ کە لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی زۆر پڕڕەنگ بوو. هۆیەکەشی ئەوە بوو کە کۆماری ئیسلامی نەدەکرا لە کاتێکدا شەڕی لە دژی ئەمریکا ڕاگەیاندبوو و ئەمریکای بە "شەیتانی گەورە" لەقەڵەم دەدا و سیاسەتی دژی سۆڤیەتییش بەڕێوە بەرێ و هەر لەو کاتەشدا درێژە بە شەڕ لەگەڵ عێراقیش بدا. بۆیە هەر لەسەرەتاوە دروشمی "نە شەرقی نە غەربی" جێگای خۆی دا بە "خەبات لە دژی ئیستیکباری جیهانی بە ڕێبەرایەتیی ئەمریکا" و ئاسەوارێک لە دروشمی "مەرگ بۆ شووڕەوی" نەما کە لەسەرەتادا هاوکات لەگەڵ دروشمی "مەرگ بۆ ئەمریکا" دەگوترایەوە.

بۆ یەکەتیی سۆڤیەتی ئەوکات و ڕووسیەی ئێستا کە لە مێژووی هاوچەرخدا ئێران مەیدانی تەراتێنی بریتانیا و پاشان ئەمریکا بووە، چ درفەتێک لەوە باشتر کە خۆ لە ڕێژیمێک نزیک بکەنەوە کە ڕق و قینێکی سەیری لە ڕۆژئاوا بە تایبەتی ئەمریکا هەیە. تەنانەت یەکیەتیی سۆڤیەت بۆ ئەم مەبەستە وەفادارترین دۆستی خۆی لە ئێراندا واتە حیزبی توودەی کردە قوربانی. لە کاتێکدا ئەم حیزبە لەوپەڕی بێڕەحمی دا سەرکوت و پرش و بڵاو کرا، یەکیەتیی سۆڤیەت بەردی بناخەی دۆستایەتیی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی دژ بە ئەمریکای داڕشت. ئەم دیپلۆماسییە دوای هەڵوەشانی یەکیەتیی سۆڤیەت بۆ فیدراتیڤی ڕووسیە بە میرات مایەوە و ئێستا لە هەر قۆناغێکی دیکە گەرم و گوڕترە.

ئەگەر دژایەتیی ڕۆژئاوا بە تایبەتی ئەمریکا خاڵی کۆکەرەوەی ئیران و ڕووسیەن، هاوکاری و هاوهەڵوێستییان لە دەستێوەردان لە شەڕ و کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بۆ هەر کامیان ئامانج و مەبەستی جیای لە پشتە.

ڕووسیە سیاسەتێکی بەرزەفڕانەی لە بەربەرەکانی لەگەڵ ڕۆژئاوادا گرتۆتە بەر؛ پێی وایە گەیشتۆتەوە قۆناغی شەڕی سارد یانی ئەوکات کە بلووکی کۆمۆنیستی بە ڕێبەرایەتیی سۆڤیەت و بلووکی سەرمایەداری بە ڕێبەرایەتیی ئەمریکا لە بەرامبەر یەکدا بوون. بەڵام ڕووسیەی ئەو کات جگە لەوەی کە چەندین کۆماری دیکەی لەگەڵ بوون، وڵاتی چین و چەندین وڵاتی کمۆنیستی و سۆسیالیستیی دیکەی لە ئورووپای شەرقی و ناوچەکانی دیکەی جیهان لەگەڵ بوون، هەڵگری ئیدئۆلۆژییەکی بەهێزی وەک مارکسیزم ـ لێنینیزم بوو، بەڵام ئێستا وڵاتێکی لیبراڵی لەسەر بنەمای بازاری ئازادە.



لە هەلومەرجی ئێستادا ڕووسیە دیەوێ ناوچە ژێرنفووزەکانی خۆی پەرەپێبدا. داگیرکردنی دوورگەی کریمە و هێرش بۆ سەر ئۆکراین و دەستێوەردان لە شەڕی سووریەدا لە ریزی ئەو هەوڵانەدان. یارمەتی بە ئێران و پشتیوانی لە ڕێژیمی ئێرانیش هەر ئەم سیاسەتەی لە پشتە.

سیاسەتی دەستێوەردانی ڕووسیە لە شەڕ و کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هاوکات و هەماهەنگ لەگەڵ دەستێوەردانەکانی ئێران لەم ناوچەیەدا بەڕێوە دەچێ. بەڵام ئامانج و مەبەستەکانی ئێران ـ جگە لە سیاسەتە دژە ڕۆژئاواییەکانی ـ جیاوازن لە ئامانج و مەبەستەکانی ڕووسیە.

کۆماری ئیسلامی لە دەستێوەردان لە شەڕو کێشەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ ڕووسیەدا بە دوای چەند ئامانجێکدا دەگەڕێ؛ یەکەم، دیەوێ خۆی وەک زلهێزێکی ناوچە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا نیشان بداو ڕۆڵی ڕێبەرایەتیکردنی جیهانی ئیسلام بگێڕێ. دووەم، لە نفووزی وڵاتانی سوننی مەزهەب لە ناوچەدا کەم بکاتەوە، بە تایبەتی نفووزی عەرەبستانی سعوودی. هەر بۆیەش ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆتە مەیدانی ململانێی نێوان ئەم دوو وڵاتە. سێیەم، بەهێزکردنی گرووپ و لایەنە شیعە مەزهەبەکان لە ناوچەدا. چوارەم و گرنگترین خاڵ، سەرپۆشدانان لەسەر قەیرانە نێوخۆییەکانی؛ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وەک هەر ڕێژیمێکی قەیرانخوڵقێن لە ڕێگای هەڵایساندنی شەڕو کێشە دەرەکییەکانەوە دەرفەتی سەرکوتی ناڕەزایەتی و بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی نێوخۆ بەدەست دێنێ. هەروەها بیانووی پشتگوێخستنی ویست و داخوازەکانی خەڵکی دەست دەکەوێ و لە جیاتی کێشە نێوخۆییەکان سەرنجی خەڵکی بۆ لای "دوژمن"ی دەرەکی ڕادەکێشێ. کەوابوو لە هاوپەیمانەتیی ئێران و ڕووسیەدا و هاوهەڵوێستییان لە شەڕ و کێشەکانی ناوچەدا

جگە لە دژایەتی و ململانێ لەگەڵ ڕۆژئاواو ئەمریکا هەر کامیان ئامانج و مەبەستی جیایان هەیە. ئەم هاوپەیمانەتی و هاوهەڵوێستییە لەگەڵ ڕووسیەدا تەنانەت ئێرانی تا ڕادەی لەدەستدانی سەربەخۆیی سیاسی و ئابووری بردۆتە پێش؛ ئەم هاوپەیمانەتییە وایکردوە کە ئێران بە قازانجی ڕووسیە پاشەکشە لەو سامانە گەورەیە بکا کە لە دەریای خەزەردا هەیە. ئێران لە کاتێکدا خۆی بە ڕێبەری مسوڵمانانی جیهان لە قەڵەم دەدا بەڵام، چاوپۆشی لە سەرکوتی مسوڵمانانی چێچێنی و تاجیکی و ...هتد دەکا. تەنانەت کار گەیشتۆتە جێگایەک کە چەند ڕۆژ لەوە پێش لە کاتی مووشەکبارانی دژبەرانی ڕێژیمی بەشار ئەسەددا لە لایەن ڕووسیەوە 4 مووشەک لە خاکی ئێران کەوتن، ئێران نەک هەر ئیعتیرازێکی نەکرد، بەڵکوو حاشای لێکرد.

ڕێژیمێک کە بە دروشمی "استقلال، آزادی، جمهوری اسلامی" هاتە سەرکار، هەر لەسەرەتاوە پشتی لە "ئازادی"کرد. جۆری هاوپەیمانەتیی لەگەڵ ڕووسیەدا 'استقلال'ەکەشی بردۆتە ژێر پرسیارەوە. ئەو هاوپەیمانەتییە بەستراوەیی ڕێژیمی پێشوو بە ئەمریکاوە وەبیر دێنێتەوە کە گەلێک ئەزموونی تاڵی لە مێژووی ئێراندا تۆمار کردن.

# بزاوتی مەدەنیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شایانی گرنگی پێدانی زیاترە



ئالان بەهرامی

بزاوتە مەدەنی و فەرهەنگییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرەڕای کۆسپە جۆراوجۆرەکانی سەر ڕێگای و تەنانەت ئەو باجە قورسەش کە زۆر جار دەکەوێتە سەر شانی چالاکانی ئەم بوارانە، لە گەشەکردن دایە. ئەزموونەکانی ساڵانی ڕابردوو دەریانخستوە کە ئەم بزاوتە، هەرچەند نەگەیشتۆتە ئاستی بزووتنەوەیەکی مەدەنی، بەڵام دەتوانێ لەلایەک بوونی خۆی بپارێزێ و لەلایەکی دیکەشەوە دەرفەتی نوێ بۆ گەشەی زیاتر وەدەست بێنێ. بەشێک لەم بزاوتە توانیەتی لە چوارچێوەو بەستێنی داخوازە سینفی و مافە فەرهەنگییەکان دا خۆی دەربخا. لەم بەستێنەدا چالاکانی مەدەنی و چالاکییە مەدەنییەکان هەم لە ئاستی ناڕەزایەتییە سینفیەکانی وەک مامۆستایانی قوتابخانەو هەم لە ئاستی هێنانە گۆڕی داخوازە فەرهەنگییەکان ڕوو لە دەسەڵات لە تێکۆشان دایە. ئەم بەشە لە چالاکییە مەدەنییەکان لە زۆر حاڵەت دا لە پشتیوانی و هاوهەنگاویی سەرانسەری یان ناوچە نەتەوەییەکان بەهرەمەندە.

ناڕەزایەتییەکانی مامۆستایانی قوتابخانەکان لە پێناوی مافە زەوتکراوەکانیان و داخوازیی چالاکانی فەرهەنگی و تارادەیەک چالاکانی سیاسی لە پێناوی دابین کردنی مافی خوێندن بە زمانی زگماکی، دەتوانن دوو نموونەی چالاکییەکانی ئەم بەشە لە بزاوتی مەدەنی کوردستان بن. ئەم بەشە لە بزاوتی مەدەنیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ ئەوەدا تێچووی قورسیشی بۆ ژمارەیەکی بەرچاو لە تێکۆشەرانی ئەم بەستێنە بەدواوە بوە، بەڵام هەم لە گەشەکردن دایەو هەم هێندێک دەسکەوتی لێکەوتۆتەوە.

بەشی دووەمی چالاکییەکانی ئەم بزاوتە لە ڕاستی دا بریتییە لە بەستێنسازیی فەرهەنگی و مەدەنی لە نێو کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەک و کارکردن بە ئامانجی پاراستنی زمان و وێژەی کوردی دا. لەم پێوەندییەدا ئامانجی چالاکانی نێو ئەم بزاوتە بریتییە لە جێخستنی کلتوری مۆدێرن و پێشکەوتوانە لە کۆمەڵگەداو بڵاوکردنەوەی وشیاریی مەدەنی و فەرهەنگی. لەم بەستێنەش دا ئەم توانیویەتی هەنگاوی باش بەرەو پێشەوە بهاوێژێ و ببێتە خاوەنی کۆمەڵێک دەسکەوت کە دەکرێ وەک دەسمایەی گۆڕانی فەرهەنگی و پەلوپۆهاویشتنی زیاتری خودی بزاوتەکەش چاو لێبکرێن. تێکۆشان لە پێناوی پاراستنی ژینگەداو برەوپێدان بە فەرهەنگی ژینگەپارێزی، پێکهێنانی کۆڕو کۆمەڵی ژینگەپارێز، ئەدەبی و فەرهەنگی و چالاکییە جۆراوجۆرە وەک کۆڕو کۆبوونەوە ئەدەبییەکان، فستیڤاڵگەلی فۆلکلۆر، منداڵان، شێعرو ئەدەبیات، شانۆ، فیلم و تەنانەت کۆڕو کۆبوونەوە فەرهەنگی و ئەدەبییەکانی نێو




ماڵان و تۆمارکردنی ژمارەیەکی زۆر بەرهەمی گرنگی هونەری و ئەدەبی، بەشێک لەو چالاکییانەن کە هەم بەردەوامن و هەم تا دێ ژمارەیەکی زیاتر لە چالاکان بەشدارییان تێدا دەکەن.

بەم پێشینەیەوە دەکرێ بڵێین کاتی ئەوە هاتوە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان پێویستە بە چاوێکی کراوەترەوە بڕوانێتە ئەم بزاوتە. ئەم بزاوتە مەدەنی و فەرهەنگییە لەگەڵ ئەوەدا پێویستە لە چوارچێوەی شوناسی تایبەت بەخۆی دا هەنگاو هەڵێنێتەوە، بەڵام بەحاڵەش بە هۆی دۆخی بێمافیی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا هەڵگری بارێکی شوناسخوازانەی نەتەوەیی قووڵیشە. تەنانەت ئەم بزاوتە لە هەلومەرجێک دا کە دەرفەتی تێکۆشانی زیاتری هەبێ دەتوانێ نوێنەرایەتیی بەشێکی بەرچاو لە ئامانج و داخوازەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکا.

ئەم بزاوتە بەم نێوەرۆکەوە شایانی ئەوەیە وەک سەرمایەیەکی بەنرخی نەتەوەیی چاوی لێبکرێ، هان بدرێ و پشتگریی لێ بکرێ. چونکە بە پێی ئەم ئامانجانە ئەم بزاوتە گرتوونیەتە بەر هەم دەکرێ وەک هێزێک بۆ هێنانە دی لانیکەمێک لە ئامانجە نەتەوەییەکان و هەم وەک هێزێک کە دەیهەوێ کار لە سەر گۆڕینی فەرهەنگی کۆمەڵگا بکا، لێی بڕوانرێ. لە بەر ئەوە کە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان جگە لە ئامانجە سەرەکییەکانی واتە وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکان، دەبێ خاوەنی ئامانجی دوارۆژیش بێ. دیارە ئەویش جگە لە چوارچێوە سیاسی و ئابوورییەکەی، لە چوارچێوەی بەرنامەکانی گەشەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی دا خۆی دەبینێتەوە.

کوردستان
ژمارە: ٦٦٦
١ی خەزەڵوەری ١٣٩٤ _ ٢٣ی ئۆکتۆبەر ٢٠١٥

# نابەرامبەری لە بەرنامەکانی ئابووری و گەشەییەکانی کۆماری ئیسلامی دا!

## (بەشی ١)



ئاگری باڵەکی

بەشی پارێزگا کوردییەکان و ناوچە دووردەستەکانی تری ئێران لە بەرنامە ئابووری و گەشەییەکانی کۆماری ئیسلامی چ بوو؟ لەو بابەتەدا هەوڵ دەدەین کە وەڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە.

لە سەردەمی پاشایەتی را تا ئێستا واتە سەردەمی کۆماری ئیسلامی، ئێران ١٠ بەرنامەی گەشە پێدانی تاقیکردۆتەوە. لە گرینگترین ئامانجەکانی ئەو بەرنامانە کەمکردنەوەی جیاوازی لە نێوان ناوچەکانی کەمتر گەشەکردوو لەگەڵ ئەوانەی کە بەردەوام لە گەشەکردن دا بوە.

بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لەبەردەستدان، بەرنامەی گەشەپێدانی رێژیمی پەهلەوی نەیتوانیوە کەلێنی نێوان ناوەند و دەوروبەر پڕبکاتەوە. لەدوای شۆرشی گەلانی ئیران و هاتنەسەرکاری حکومەتی ئێسلامی، بەرپرسانی ئەو حکومەتە لە رۆژەکانی سەرەتای شۆرشەوە دەستیان لەسەر ئەو خاڵە دانا کە دەبێ گەشەکردن لە ئێراندا لە هەموو ناوچەکان وەک یەک بێت و حکومەت دەبێ و لەسەرییەتی کە ئەو نابەرانبەرییە کەم بکاتەوە. هەرچەندە شەڕی ئێران و عێراق بەهانەیەکی باش بوو کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بەرنامەی گەشە پێدانی ناوچەیی خۆیان پەرە پێنەدەن و بە بەهانەی شەڕ ئەو دواکەتوویی و بێ ئیمکاناتییەی کە لە پارێزگاکانی پێش شۆرشی ٥٧ هەبوو، هەر وەک خۆی مایەوە و کۆماری ئیسلامی هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی لە شێوە و رەفتاری خۆی سەبارەت بە ناوچە دوورەدەستەکان لە ناوەندەوە نەکرد. لە دوای شەڕ، ئێران بەرنامەیەکی ٥ ساڵەی گەشە پێدانی لە دەستوری کاری خۆیدا دانا، بە درووشمی کەمکردنەوەی هەژاری لە ناوچە بێبەشەکاندا و گەشەپێدانی یەکسان.

ئەگەر بەرنامەی یەکەمی گەشەپێدان تایبەت بوو بە ئاوەدان کردنەوە و نۆژەنکردنەوەی ناوچە زەرەرویکەوتووەکانی شەڕ، ئەوا بەرنامەکانی تری کە بەدوای ئەو داهاتن نەک لە نابەرانبەری لە ئێراندا کەم نەکردوە بەڵکو زۆر زیاتریشیکرد تەنانەت لە چاو سەردەمی ئەوەی پێش شۆرشی ٥٧ ش.

### ناوەندگەرایی لە بەرنامەکانی گەشە پێدان دا

لە کتێبی «ئێران لە نێوان دوو ئینقلاب»دا هاتووە کە لە دەورانی پەهلەوی لە تاران بۆ هەر ٩٧٤ کەس دکتۆرێک هەبوو، بەڵام لە بەرامبەردا لە کوردستان بۆ هەر ٦٤٧٧ کەس یەک پزیشک و لە سیستان و بلوچستان بۆ هەر ٥٣١١ کەس یەک پزیشک هەبووە.

ئەگەر ئەو بەراوردەی سەرەوەی کتێبی «ئێران لە نێوان دوو ئینقلاب»ی یراواند ئابراهامیان بکەینە بنەمایەک بۆ خوێندنەوەی گەشە لە ئێراندا، دەبینین کە لە ساڵی ١٣٥٤ دا تەنیا لە تاران ٦٠٪ لەسەدی پیشەسازی و هەروەها قەرزی بانکی ئێران تایبەت بووە بەو ناوچەیە کە ٢٢٪ هێزی کاری ئیرانی تیدا بووە، ئەوە لە حالێکدایە کە کوردستان و سیستان و بلوچستان کە زیاتر لە ٣٠ ٪ هێزی کاری تێدا بووە، تەنها ٥٪ پیشەسازی و قەرزی بانکی لەو ناوچانەدا چالاک بووە! ئەمە لە لایەکەوە، لەلایەکی ترەوە حکومەتی ئەوکات لە بواری پەروەردە و راهێنان دا ئەوەندەی لە بیری ناوەندا بووە، کەمتر پڕژاوەتە سەر ناوچەکانیتر، تەنها لە تاران دا ٦٢٪ خەڵک خوێندەوار بوون لە بەرامبەردا لە کوردستان ٢٦٪ و سیستان وبلوچستاندا ٢٥٪ی خەڵک خوێندەوار بوون!

بەڵام لە ئێستادا، نەک جیاوازیەکان کەم نەبوونەتەوە، بەڵکو لەهەندێک جێگادا زیاتریش بوون. بەپێ ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەک کە لە ساڵانی ١٣٧٩ تا ١٣٨٨ ئەنجام دراوە و لە ژمارەی ٧ی گۆڤاری ئابوری و گەشەدا بڵاوبۆتەوە، دەبینین کە ناوەندگەرایی روو لە زیادبوونە، ئەویش لەسەر دەستی حکومەتێک کە شیعاری عەدالەت و یەکسانی کردبووە سەرمەشقی کاری خۆی.

ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی تر کە لە لایەن عەلیرەزا بێگزادەوە لەبارەی پیشەسازی پارێزگاکان و ناوچەکانی ئێران دا کراوە دەریدەخات کە پارێزگاکانی تاران، ناوەندی، ئیسفەهان و کرمان بەتەنها ٤٩٪ کارخانە و کەرتی پیشەسازی ئێرانیان تێدا هەڵکەوتوە، هەروەها پارێزگاکانی بوشێهر، هۆرموزگان و خوزستان نزیک بە ٢٠٪ و پارێزگاکانی قەزوین، فارس و ئازەربایجانی شەرقی ١٤٪ لە پیشەسازی ئێرانی تیدا جێگر کراوە. بەڵام جێگای سەرسورمانە کە لە ١٩ پارێزگاکەی تر کە ٤٥٪ خەڵکی ئێرانی تێدا دەژێن (پارێزگا کوردییەکانیش لەو ١٩ دانەیەدا جێگایان گرتووە) تەنها ١٧٪ پیشەسازی و بنکەگەورەکانی ئابووریيان تێدا هەڵکەوتوە. تەنیا لە سێ پارێزگای تاران، ئیسفەهان و خوزستان ٥٠٪ بەرهەم و ناوچە پیشەسازییەکانیان تێدا هەڵکەوتوە. بۆ زانیاری، پارێزگاکانی خوزستان، بوشێهر و هۆرموزگان لە بەر ئەوەی کە ناوچەی نەوتین، ئەگەر داهات و دەرکەوتی نەوتیان لێ کەم بکرێتەوە، ئەوانیش دەچنە پاڵ پارێزگا فەقیرەکانەوە.

بۆ ئەوەی هاوکێشەکان روونتر بینەوە بەرچاومان، ٥ پارێزگای گەشەکردوو، گەشە نەکردوو دەخەینە بەردیدی خوێنەران کە بەراوردێکە لە نێوان ساڵی ١٣٧٩ و ١٣٨٨ هەتاو لە ئێراندا.

| پێرستی پارێزگاکانی گەشەنەکردوو پارێزگاکانی گەشەکردوو | | |
|---|---|---|
| پێنج (٥) پارێزگای گەشەنەکردوو | پێنج (٥) پارێزگای گەشەکردوو | ساڵ |
| کرمانشان، ئیلام، کۆهکیلویە و بویرئەحمەد، پارێزگای سنە، سیستان و بلوچستان | تاران، ناوەوندی، قەزوین، هورموزگان، ئیسفەهان | ١٣٧٩ |
| پارێزگایی ورمێ، لۆرستان، پارێزگای سنە، کۆهکیلویە و بویرئەحمد، سیستان و بلوچستان | تاران، ناوەندی، بوشێر، سمنان، یەزد | ١٣٨٨ |
| سەرچاوە گۆڤاری ئابووری و گەشەی ناوچەیی، نیوەی ساڵی ١٣٩٣ | | |

لە تازەترین ئاماردا رێژەی بێکاری لە پارێزگا کوردییەکان بە رێژەیەکی بەرچاو بەرزبۆتەوە، بەپێ سەرچاوە حکومەتییەکان لە پارێزگای کرماشان ٢٠٪ و لە پارێزگای سنە ١٩٪ و پارێزگایی ورمێ ١٦.٥٪ و لورستان و ئیلامیش هەریەکە ١٩٪ و ٢١ ٪ رێژەی بێکارییان تێدا بەرز بۆتەوە، بەڵام ئەو رێژەیە بەپێی سەرچاوە نا حکومەتییەکان بەرێژەیەکی بەرچاو بەربۆتەوە بۆ نموونە لە پارێزگای کرماشان ٢٨٪ و لە پارێزگای سنە ٢٦٪ و پارێزگایی ورمێ ٢٤٪ و لورستان و ئیلامیش هەریەکە و بە ٢٨٪ و ٢٤ ٪ رێژەی بێکارییان تێدا بەرز بۆتەوە. حکومەتی کۆماری ئیسلامی بە ئانقەست ئامارەکان بەوشێوەیە بلاودەکاتەوە کە دەنگی خەڵکی نارازی کپ کات و هەمیش بە دنیای دەرەوە بلێت کە لەوڵاتەکەی من دا یەکسانی هەیە، ئەگەر ئەو یەکسانییە بێکاریش بێت! ئەو رێژانەی کە لەسەرەوە هاتوون بەشی زۆری بەهۆی نەبوونی بنکە و دامەزراوەی ئابووری لەو ناوچانەدا پەیدا بوون.

لە کوردستان هیچ کارگەیەکی گەورەی بەرهەمهێنان نیە، ئەگەر چاوێکی خێرا بە سەر نەخشەی ئێراندا بخشێنن دەبینن کە زۆربەی کارگەکانی بەرهەمهێنانو هەروەها بناغەکانی ئابووری لە ئێران لە سێگۆشەیەکی فارسنیشنی ناوەندی ئێران کۆبۆتەوەو، هیچ کارگەیەکی گەورەو بەرهەمهێن ناکەوێتە دەرەوەی ئەم سێگۆشەیەوە. ئەو بەرنامەیەی حکوومەتی ناوەندی بەشێوەیەکی بەرنامەبۆدارێژراو، حکوومەت دوای حکوومەت لە ناوچە کوردنشینەکان دووبارە بۆتەوە. لە زۆربەی بنەماڵەکانی ٤ پارێزگای کورد تەنیا یەک کەس کار دەکاو چەند کەسی بێکار لە سەر داهاتی ئەو دەژین. ئەمە وای کردوە کە کێشە کۆمەڵایەتی‌یەکان زیاتر سەر هەڵبدەن. تەڵاق، ئیعتیاد بەمادە هۆشبەرەکان، قاچاغی کەلو پەلو بێکاری، وایکردوە کە کێشەو ئاژاوە زیاد بکا. هەر بۆیە خەڵکێکی زۆر بە هۆی بوونی کێشەوە ڕێگایان کەوتۆتە زیندانەکان. بێکاری وای لە خەڵک کردوە کە بۆ پەیدا کردنی پارووەنانێک بۆ ژیانی خۆیانو بنەماڵەکانیان، پەنا بۆ کاری پرمەترسییش بەرن. بۆیە زۆر لەوانە ئێستا خەریکی کۆڵبەریو کاری قاچاغی کەلو پەل لە سەر سنوورەکانی رۆژئاوای ئێرانن، لەگەڵ ئەوەشدا رێژەی منداڵانی کرێکار زیادی کردوەو زۆربەیان وازیان لە خوێندن هێناوەو روویان کردۆتە ناوەندەکانی کار، چونکە ژمارەیەکی زۆر لەوانەی خوێندنیان تەواو کردوە، کاریان دەست ناکەوێ.

بە چاولێکردنێکی خێرا بە نەخشەی ئابووری ئێران دەتوانین تیبینی چەند خاڵ بکەین هەموو کارگەو ناوەندەکانی بەرهەمهێنان لە ئێراندا کەوتوونەتە سێگۆشەیەکی فارسنشینو سەری سێگۆشەکە لە تارانو لایەکانی دیکە لە شیرازو ئیسفەهانە، ئەمە بە کردەوە وای کردوە کە زۆر لە ناوچەکانی دیکەی ئێران لە بوونی کارگەو ناوەندی بەرهەمهێنان بێ بەش بن. ئەمە لەحالێکدایە کە کەرەستە سەرەتاییەکانی ئەم کارگانە لە ناوچەکانی دەرەوەی ناوچەی فارسنشینەوە دێنو لە کارگەکانی ناوەندی ئێراندا کەرەستە خاوەکانی ناوچە کوردنشینەکان دەکرێن بە کاڵاو خێرو داهاتەکەی بۆ گیرفانی حکوومەتی ناوەندی دەبێو لە کاتی دابەشکردنی داهاتی سەرانەشدا کوردەکان وەک پلە دوو حیسابیان بۆ دەکرێ.

| ستانداره‌کان | ساڵ | پلەی ١ | پلەی ٢ | پلەی ٣ | پلەی ٢٨ | پلەی ٢٩ | پلەی ٣٠ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئومێد بە ژیان | ٨١ | تاران | گێلان | ئیسفەهان | کۆهگیلویە و بویر ئەحمەد | سنە | سیستان و بلوچستان |
| | ٨٨ | تاران | گیلان | ئیسفەهان | کۆهگیلویە و بویر ئەحمەد | ئیلام | سیستان و بلوچستان |
| پەروەردەو فێرکردن | ٨١ | تاران | ئیسفەهان | سمنان | ورمێ | سنە | سیستان و بلوچستان |
| | ٨٨ | تاران | یەزد | سمنان | خوراسانی شەرقی | سنە | سیستان و بلوچستان |
| گەشەی مرۆیی | ٨١ | تاران | ئیسفەهان | قەزوێن | ئەردەبیل | سنە | سیستان و بلوچستان |
| | ٨٨ | تاران | سمنان | ئیسفەهان | ورمێ | سنە | سیستان و بلوچستان |
| سەرانەی داهات | ٨١ | تاران | قەزوێن | ئیسفەهان | ورمێ | سنە | سیستان و بلوچستان |
| | ٨٨ | تاران | ناوەندی | بوشێهر | ورمێ | سنە | سیستان و بلوچستان |

سەرچاوە: راپۆرتی رەسمی (سازمان مدیریت و برنامەریزی)



وەک نموونە دەکرێ ئاماژە بەشی بەرهەمهێنانی شەکر لە چەوەندەری قەند باسی بکەین، بەپێی ئاماری ساڵی ١٣٨٥ پارێزگای ورمێ لە چاندنی چەوەندەری قەندا، بە ٢٩٦٥٠ دۆنم کە دەکاتە ٢٢٪ لەسەر ئاستی ئێران بە پلەی دووهەم دێو، هەروەها پارێزگای کرماشان بە١٣١٤٦ دۆنم کە دەکاتە ١١٪ لەسەر ئاستی ئێرانو پارێزگای ئیلام بە ٥٠٠ دۆنمو پارێزگای کوردستان بە ١٢٠ دۆنم لە بەرهەمهێنانی چەوەندەری قەندا بەشدارن. ئەگەر چاو بەو ئامارانەدا بخشێنین دەبیننین کە ٣٨٪ تا ٤٠٪ (کە دەکاتە ١٦١٩٣٣٥ تۆن) لە چەوەندەری ئێران لە ناوچە کوردنشینەکان بەرهەم دێ، ئەمە لەحالێکدایە کە کوردستان بەوهەموو چەوەندەرەوە تەنیا یەک کارگەی بەرهەمهێنانی قەندو شەکری لێیە، ئەویش کارگەی قەندی میاندواوە، کە هیچ پێوەندییەکی بە کوردەکانەوە نیە. لەم ساڵانەی دواییدا چەندین هەوڵ بۆ دروستکردنی کارگەی شەکر لە پیرانشارو نەغەدە دراوە کە بەهۆی ئەوەی حکوومەت پشتیوانییەکی ئەوتۆی لێ نەکردوە، ئەو هەوڵانە ئەگەر جێ بەجێش کراون، زۆر لاواز بوونو نەتوانراوە وەک کارگەیەکی بەرهەمهێن چاوی لێبکرێ.

ئەو ئامارانەی سەرەوە پێمان دەلێن کە بەرنامەکانی گەشەی ئابووری لە حکومەتی کۆماری ئسیلامی ئێران و هەروەها رێژیمی پەهلەویش دا هیچ کات بە قازانجی کوردەکان و کەمە نەتەوایەتیەکانی تر نەبووە، ئەوەی کە ئێستا لە ئێراندا دەبیبین لە کاتی ئێستادا دیکتاتۆرییەکی نیزامی و ئابووریە کە جلەکەوەی لەتاران بەدەست فارسە شۆنیستەکانەوەیە. ئەوە

لە بواری بناغەکانی ئابووری و پیشەسازیەوە، بەڵام ئەگەر سەیری لایەنەکانی تری ژیانی خەڵکی کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ئێران بکەین دەبین کە بەرنامەکانی گەشەپێدانی پەروەردەو فێرکردنیش هیچ قازانجێکیان بۆ ئەو ناوچانە نەبووە. بە پێی راپۆرتی رەسمی (سازمان نهضت سواد آموزی)، پارێزگاکانی سنە و ورمێ و سیستان و بلوچستان، نەخوێندەوارترین پارێزگاکانی ئێرانن.

لە خشتەی خوارەوەدا هەوڵ دراوە کە هەڵسەنگاندنێک بکرێت لە نێوان پارێزگاکانی ئێران لە ستاندارتەکانی ژیان دا( ئومێد بە ژیان، پەروەردە و گەشەی مرۆڤی و پێوەری داهات) سەرچاوەی ئەو خشتەیە راپۆرتی رەسمی (معاونت مدیریت و برنامەریزی)ە لە نێوان ساڵی ٨١ بۆ ٨٨.

بەرنامەکانی گەشەی ئابووری لە حکومەتی کۆماری ئسیلامی ئێران و هەروەها رێژیمی پەهلەویش دا هیچ کات بە قازانجی کوردەکان و کەمە نەتەوایەتیەکانی تر نەبووە، ئەوەی کە ئێستا لە ئێراندا دەبیبین لە کاتی ئیستادا دیکتاتۆرییەکی نیزامی و ئابووریە کە جلەکەوەی لەتاران بەدەست فارسە شۆنیستەکانەوەیە

وەزعیەتی ئیستا لە ئیراندا راست بەپێچەوانەی ئەو بەرنامە و پلانەیە لە لایەن کۆماری ئسیلامی ئێرانەوە بۆ ناوچە دوورە دەستەکان دانراوە. ئەو نابەرامبەرییەی کە لە حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێراندا هەیە بە نیسبەتی کەمە نەتەوەکانی وەک کورد و بلوچ و ئەوانی تر بە درێژایی ٣٦ ساڵی حکومەتی کۆماری ئێسلامی بەردەوامی هەبووە.

# ئێعدامی کەمینەکان، بەشداری چالاک، بێدەنگی و گومان

نووسەر: شاهید عەلەوی
وەرگێڕان: ڕێبوار مەعرووف زادە

لە وڵاتێک کە ئاماری ورد و بەڵگەمەند بووە بە شتێکی نایاب، ناکرێ چاوەڕوانی ئەوەی بی کە ئامارێکی جێگەی متمانە لە ئێعدامی هاووڵاتیان بە هۆکاری سیاسی و عەقیدەتی دەست بکەوێ. حیزبەکان، گرووپگەلی سیاسی، ڕێکخراوە مەدەنی و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بە پشتبەستن بە هەواڵەکان و سەرچاوە نافەرمی یەکان، ئاماری جیاواز لە ڕێژەی ئێعدامی سیاسی-عەقیدەتی بڵاو دەکەنەوە. لەو بارودۆخەدا دانی ڕاپۆرتێکی ئاماری لە ئێعدامی خەڵکی سیاسی-عەقیدەتی وەک هەنگاوهەڵێنان لە تاریکی دایە.

کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئێعدام لەدایکبووە، لەگەڵ ئێعدام گەورە بووە و ئێستا ئەوەندە خووی بە ئێعدام گرتووە کە زەحمەتە بتوانێ بە ئاسانی دەستبەرداری بێ. قوربانییەکانی ئێعدام، توێژگەلی جۆراوجۆر لە هاووڵاتیانن هەر لە ڕەخنەگران، دژبەران یا ئەوانەی تەنانەت "جیاوازن"، دەگرێتەوە. ئەو سیستمە ئایین تەوەرە، ڕەخنەگران و دژبەران بە دوژمنی لەگەڵ خودا تاوانبار دەکا و دوژمنانی خوداش بە پێی یاساکانی ڕژیم، بە "موحاریب" دەناسرێن، سزای مردنیان بەسەردا دەسەپێ.

دەزگـــای دادوەری و دەزگـــا ئەمنیـەتـی و تەبلیغاتییەکانی کۆماری ئیسلامی تاکوو ئێستا هەزاران کەس لە هاووڵاتیانی ئێرانیان بە موحاریبە بوون تاوانبار کردوە و زۆرێک لە تاوانبارانە ئێعدام کراون.

لەو ڕاپۆرتەدا، بە چاولێکردنێک لە ڕەوتی ئێعدامی هاووڵاتیانی سەر بە کەمینە ئێتنیکی و ئایینییەکان، هەوڵ دەدرێ وێنەیەکی گشتی هەرچەند تاڕادەیەک ناروون لە ڕەوتی ئەو ئێعدامانە نیشان بدرێ.

## شەپۆلی یەکەم، ئێعدامەکان لە ساڵەکانی سەقامگیری

ئێعدامی ئەوانەی لە نێو ڕێژیمی پێشووی پاشایەتی دابوون، لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٣٥٧، تەنیا پێنچ ڕۆژ لە دوای ئەو ڕۆژەی لە ئەدەبیاتی فەرمی ئێران بۆ ڕۆژی سەرکەوتنی شۆڕش دەناسرێ، دەستی پێکرد. تا کۆتایی بەهاری ساڵی ١٣٥٨، سەدان کەس لەوانەی لە بەشی ئیداری و نیزامی ڕێژیمی پەهلەوی‌دا پۆستیان هەبوو، بە تاوانێک کە "مفسد فی الارض" ناوی دەبەن، ئێعدام کران. بەڵام شەپۆلی یەکەمی ئێعدامەکان کە لە ڕێبەندانی١٣٥٧ تا جۆزەردانی ١٣٦٠ بوو، تەنیا تایبەت بە بەرپرسانی ڕێژیمی پاشایەتی نەبوو. لەو قۆناغەدا، جگە هێندێک ئێعدامی کەمی لایەنگران و کادرەکانی گرووپە سیاسییەکانی چەپ، ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامەکانی کەمینە ئێتنیکی و مەزهەبییەکان، چ هاووڵاتیانی ئاسایی و چ کادری حیزبی و کەسایەتییە مەزهەبییەکان، بە تاوانی جۆراوجۆر ئێعدام کران. کوردەکان، تورکمەنەکان و بەهاییەکان، ئەو کەمینانەن کە لەو قۆناغەدا بە توندی سەرکوت کران و ژمارەیەکی بەرچاویان ئێعدام کران.

**بەهاییەکان:** ئەزموونی سەرکوتی بەهاییەکان، ئەزموونێکی تایبەتە، چونکە سەرکوتکردنی کەمینەی عـەرەب، بەلووچ، یەهوودی و ئەرمەنی بە بەراورد لەگەڵ سەرکوتی کوردەکان و تورکمەنەکان ، نیشان دەدا کە لەو قۆناغەدا کەمینەکان (بەدەر لە بەهاییەکان) تەنیا کاتێک سەرکوت کران کە کردەوەگەلێکی سیاسی یا کۆمەڵایەتیان ڕێکدەخست کە لە دژ یا جیاواز لە فەزایەکی گشتی بوو کە جێی ڕەزامەندی دەسەلاتدارانی نوێنەر بوو. بەڵام ئەندامانی کۆمەڵگەی بەهایی ئێران کە سیستمی سیاسی، ئەوانی وەک کەمینەیەکی ئایینی بەفەرمی نەدەناسی، لەو قۆناغەدا تایبەت بوون، چونکە تەنیا بە هۆی بەهایی بوونیان ڕووبـەڕوی ئـازار و سەرکوت بوون و ژمارەیەکیان ئێعدام کران. بەو پێی دەکرێ بڵێین کە تەنیا بەهایی بوون بە واتای نکۆلی و هەڕەشەیەک بوو کە دەسەڵاتداران و زانایانی شیعەی والێدەکرد بۆ لەنێوبردنی بەهاییەکان هەوڵ بدەن.

لـەو قـۆنـاغـەدا، ٤١ هـاووڵاتـی بەهایی بـە فەرمی ئێعدام کران و نزیک ٢٥ بەهایی دیکەش بێسەروشوێن یان تێرور کران کە لە نێو ئەو کەسانەدا جگە لە ٩ ئەندامی گرووپی بەهاییان و دوو ڕاوێژکاری ئەو گرووپە، ئەوانی دیکە هاووڵاتی ئاسایی بەهایی بوون و هیچ بەرپرسیارەتییەکیان لە نێو کۆمەڵگەی ئایینی بەهاییەکان‌دا نـەبـوو. زۆرێـک لە بەهاییەکان ناچار کران بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیندراو لە ڕۆژنامەکانی سەراسەری، بێبەری بوونی خۆیان لە ئایینی بەهاییەت ڕابگەیەنن تا گیان و مالی خـۆیـان لـە دەستدرێژی حکوومەت و هێندێک خەڵکی دەمارگرژ بپارێزن. بێ دەنگییەکی ڕەزامـەندانـە و لـە هێندێک حالەتیش دا هاوکاری هێندێک ڕەوت و حیزبی سکۆلار بە نیسبەت سەرکوتی بەهاییەکان، کـاری سـەرکوتی بۆ ڕێژیمی شۆڕشگێر ئاسانتر کرد.

**عەڕەبەکان:** تاوانی جیایی خـوازی و هاوکاری لەگەڵ ئیدارەی ئەمنیەتی عێراق چەند هەفتە پێش و دوای دەستپێکردنی شەڕی ئێران و عێراق (هەرەک شاهیدەکان لە ناوەندی بەڵگەکانی مافی مرۆڤی ئێران ڕاپۆرتیان داوە) بووە هۆی ئەوەی بەلانیکەم لە دوو حالەتدا ژمارەیەک هاووڵاتی عەڕەب بە شێوەیەکی خێرا و هەرەمەکی لە دێزفوول و سووسەنگرد ئێعدام بکرێن.

خـەرمـانـانی سـاڵی ١٣٥٨، هـەشت شـارۆمـەنـدی عەرەبی شاری دێزفوول دەستبەسەر و دوای تاوانبار بوون بە جیایی خوازی، یەکسەر ئێعدام کران. لە ڕۆژانی دەستپێکی شەڕیش، ١٧ شارۆمەندی عەڕەبی شاری سووسەنگرد دوای گیران لەبەرچاوی هاوشاریانی خۆیان و لە باخی پارێزگاری ئەو شارە، تیرباران کران. قسەی یەکێک لە شاهیدانی ئەو ڕووداوە: خەڵخالی کە لە لایەن خومەینییەوە وەک حاکمی شەرع دیاری کرا و حوکمی ئێعدامی ئەو ١٧ کەسەی دا لە وڵامی داوای پێداچوونەوەی یەکێک لەو ١٧ کەسەدا، وڵامی بەناوبانگی خۆی دا: "ئەگەر بێ تاوان بن، ئەوە شەهید دەبن و ئەگەر تاوانبار بن، ئەوە بە سزای کارەکەتان دەگەن".

**تورکمەنەکان**: دامەزرانی شوورای گەڵی تورکمەن لە کۆتایی ساڵی ١٣٥٧، سـەرەتـای هەستیاربوونی "دەسەڵاتدارانی شۆڕشگێری" تاران لەهەمبەر کەمینەی تورکمـەنـەن لـە ئێراندا بـوو. ڕووبـەڕووبـوونـەوەی هێزەکانی سەر بە ڕێژیمی پێشوو، کۆمیتەکانی شۆڕش و هێزەکانی بەستراوە بە خان و یاخاکانی خۆمالی (کە لە دابەشکردنی زەوییەکانیان لە نێو وەرزێران دا تووڕە بوون) لەگەڵ شوورای گەڵی تورکمەن، لە نەوروزی ساڵی ١٣٥٨ دەستی پێ کرد و بە خێرایی پەرەی سەند. هەیئەتی نێردراوی دەوڵەتی کاتی توانی پێش کۆتایی نەورۆز لە نێو لایەنەکان دا ئاگربەس پێکبێنێ، بـەڵام دواجـار بـەردەوامـی چالاکی شـوورای گەڵی تورکمەن کە بە واتـای چەشنێک لە خۆبەڕێوەبەری جیاواز لە ڕێژیمی دەسەڵاتدار بوو، تەحەمول نەکرا. هێرشی بەرفراوانی ئەرتەش و سپای پاسداران بۆ سەر تورکمەن سەحرا کۆتایی ڕێبەندان ساڵی ١٣٥٨ دەستی پێ کرد و تا کۆتایی مانگی ڕەشەممە، کە تەوای ناوچەکانی تورکمەن سەحرا لە لایەن هێزەکانی ناوەند کونترۆل کرانەوە، بەردەوام بوو.

سادقی خەڵخالی لە تورکمەن سەحرا، بە پێی ئەو قسانەی بۆ خۆی لە وتووێژ لەگەڵ ڕۆژنامەی "صبح" کردنی، ٩٤ هاووڵاتی تورکمەن، لەوانە توماج، واحیدی، مەختووم و جورجانی (لە ڕێبەرانی شـوورای گەڵی تورکمەن)ی ئێعدام کرد. هۆکاری کوشتنی تورکمەنەکان لە زمان خەڵخالی ئەوە بوو: "... من ئێعدامم کرد. ٩٤ کەسم ئێعدام کرد نەک تەنیا کەسێک ... من بە لیبڕاوەیی ئیسلامی تەواو چوومە نێو گونبەد و گەڵی تورکەمەنم لەوێ سەرکوت کرد. دەڵێن کوشتنی ڕێبەرانی تورکمەن بە ئەنقەست بوو، بەڵێ بە ئەنقەست بوو. من توماج، واحیدی، مەختووم و جورجانی زیندوو بێڵمەوە کە چ بێ؟"

**کوردەکان:** چاڵاکبوونی حیزبەکانی کوردستان پاش شۆڕشی ١٣٥٧ و داخوازی کوردەکان بۆ خودموختاری جێی پەسندی شۆڕشگێرانی دەسـەڵاتـدار لـە تـاران نەبوو، هەر بۆیە گرژی نێوان ناوەند و کوردستان زۆر زوو پەرەی سەند. بایکۆتی ڕێفراندۆمی کۆماری ئیسلامی لە لایەن کوردەکان و زیاتربوونی نفووزی حیزبە کوردییەکان لە کوردستان و دانیشتوانی کوردی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و دواجار ئەوەی خومەینی "بە ترس لە یاساکانی ئیسلام" و ئەوەی کە "لە سەر بابەتی ئیسلام و بەرژەوەندی موسلمانان سازان ناکەن" ناوی دەبرد، بووە هۆی دەرکردنی فتوای جیهاد کە خومەینی لە کۆتایی گەلاوێژی ١٣٥٨ دەریکرد و شەری فەرمی حکوومەتی ناوەندی لەگەڵ کوردستان کە ماوەیەک پێشتر بە کردەوە دەستی پێکردبوو، چووە نێو قۆناغێکی نوێ. لە کۆتایی گەلاوێژ و چەند هەفتەی یەکەمی مانگی خەرمانانی ١٣٥٨، ئێعدامەکانی سادقی خەڵخالی دەستی پێکرد و لە زۆربەی شارەکانی کوردستان خەڵکانێک ئێعدام کـران. ڕاپۆرتێکی تێروتەسەل لـە نـاوەنـدی بەڵگەنامەکانی مافی مرۆڤی ئێران نیشان دەدا کە لە ماوەی سێ هەفتەدا، بە لانیکەم ٨٠ کەس لە کوردستان ئێعدام کران. ئەو ئێعدامانە لە پاوە دەستی پێکرد و لە کرمانشان، مەریوان، سنە، سەقز، بانە و مەهاباد درێژەی کێشا. دادگایی خێرای چەند سەعاتی، ئێعدامی مندالان (لەوانە دوو منداڵی ١٢ و ١٥ ساڵان لە سەقز)، ژنـان و هاووڵاتیانی مەدەنی و ئێعدام بە کۆمەڵ لە تایبەتمەندییەکانی ئەو شەپۆلە لە ئێعدامەکانی خەلخالی لە کوردستان‌دا بوون.

ئێعدامەکان تەنانەت دوای لابردنی خەڵخالی و لە نەبوونی ئەویش دا لە تەواوی ساڵەکانی ١٣٥٨، ١٣٥٩ و بەهاری ساڵی ١٣٦٠ هەر بەردەوام بوو. بەڵام پاش سەردەمی خەڵخالی زۆربەی ئێعدام کراوەکان تایبەت بە ئەندام و کادرەکانی دوو حیزبی دێموکرات و کۆمەلە یا کەسانێک بوو کە بە ئەندامی حیزبە کوردییەکان وەک خەبات تاوانبار دەکران. لەسەر یەک لە ڕەزبەری ١٣٥٨ تا بەهاری ١٣٦٠، زیاتر لە ١٠٠ کەسی دیکەش لە گرتووخانەکانی سنە، مەهاباد، سەقز، بانە، کامیاران، دیواندەرە، قوروە و چەند شارێکی دیکەی کوردستان ئێعدام کران. جگە لەو ئێعدامانە، پاسدار و بەسیجەکانی سەر بە دەوڵەتی ناوەندیش لەو بەینەدا بە شێوەی تایبەت بە خۆیان، هاووڵاتیانی مەدەنیان لە دێهاتەکانی کوردستان دەکوشتو کۆمەڵکۆژیان دەکرد.

لە سالەکانی ٥٨ و ٥٩، هەر وەک لە ڕاپۆرتی "٣٠ ساڵ کوشتن و ئێعدامی سیاسی لە کوردستان" لە نووسینی شەهابەددینی شێخی‌دا هاتووە، ٦٨ کەس لە گوندی قارنا، ٣٥ کەس لە گوندی ئیندرقاش، ١٣ کەس لە گوند سوفیان و ١٣ کەس لە گوند قەڵاتان کۆمەڵکوژ کران. هەموو کۆژراوەکان خەڵکی مەدەنی بوون. هەڵبەت ئەو کۆمەڵ کوژییانە دوای ئەو قۆناغەش هەر بەردەوام بوو.

## شەپۆلی دووهەمی ئێعدامەکان، ٣٠ی جۆزەردانی ١٣٦٠ تا سەرەتای دەیەی ٧٠

ڕووداوەکانی ڕۆژی ٣٠ی جۆزەردانی ١٣٦٠ کە دەستپێکی تۆڵەسەندنەوەی بەرفراوان و خوێناوی کۆماری ئسلامی لە ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی بوو، قۆناخێکی نوێی لە سەرکوت و ئێعدام پێکهێنا. ئاکامی ڕووبەڕووبوونەی نیزامی موجاهیدینی خەڵق لەگەڵ کۆماری ئیسلامی تەنیا سەرکوتی موجاهیدین نەبوو. لە هەفتەکان، مانگەکان و ساڵەکانی دوای ٣٠ی جۆزەردانەوە بەرەبەرە و بە نۆرە هەموو ئۆپۆزیسۆن لە چەپەوە هەتا ڕاست لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامی بە دوژمن لەقەڵەم دران. بە پێی لیستێک کە ئێران تریبۆنال بڵاوی کردەوە، لە دەیەی ٦٠ وە هەتا پێش کۆمەڵکۆژی ساڵی ١٣٦٧، نزیک بە ١١ هەزار کەس لە ئێران ئێعدام کران و لە کۆمەڵکۆژی ساڵی ١٣٦٧ نزیکەی ٥ هەزار کەس تەنیا لە ماوەی دوو مانگ دا ئێعدام کران. سەرکوتی کەمینەکانیش لەو قۆناغەدا زیاتر بوو و ئێعدامی کوردەکان و بەهاییەکانیش ڕەوتێکی خێراتری پەیدا کرد، بەڵام هیچ ئامارێکی ورد لە ژمارەی زیندانییە ئێعدامییەکانی عەرەب، بەلووچ، تورکمەن و کەمینە ئایینییەکانی ئەندامی هێزە سیاسییە سەرانسەرییەکان لەبەردەست دا نیە.

**بەهاییەکان:** لەو قۆناغەدا (٣٠ی جۆزەردانی ٦٠ هەتا سەرەتای دەیەی ٧٠)، ١٤١ هاووڵاتی بەهایی ئێعدام و شەش کەسی دیکەش تیرۆر کران. ئەو بەهاییانە زۆرتر بە سیخۆری بۆ ئیسرائیل، "افساد فی الارض" یا داهێنان لە ئایین تاوانبار کران و هەروەک قۆناخی پێشوو، تەنیا بە هۆی بەهایی بوون ئێعدام کران یان کۆژران. بەڵام بە کۆتایی ئەو قۆناغە، کوشتن و ئێعدامی بەرفراوانی بەهاییەکان جگە لە چەند حالەتدا (دوو نموونەی ئێعدام و کوشتنی هەشت کەس) ڕاوەستا. هەڵبەت گۆشاری سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ سەر کۆمەڵگەی بەهاییەکان بەردەوامە و زیندانی کردنی ڕێبەران و چاڵاکانی بەهایی، ڕێگریی لە خوێندن، زەوتکردنی مال و خرابکردنی خانوو و گۆڕستانی ئەوان هەروا درێژەی هەیە.

**کوردەکان:** بە گشتی توندتربوونی سەرکوتی هێزە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە ئێران و بەردەوامی خۆڕاگری چەکدارانە لە کوردستان بووبە هۆی ئەوە کە ڕەوتی ئێعدامەکان و کوشتنەکان لە کوردستانی ئێران لەو قۆناغەدا زیاتر بێ. کۆشتنی بە کۆمەڵی خەڵکی گووندەکان لە لایەن پاسدار و بەسیجەکان لەو قۆناغەدا بە کوشتنی ١٢ کەس لە خەڵکی گوندی بابیزئاوا لە نەغەدە لە خەزەڵوەری ساڵی ٦٠ دەستی پێکرد و بە کوشتنی ١٨ کەس لە کرێکارانی کوورەخانەی سارووقامیشی مهاباد، ١٨ کەس لە گوندی قەرەگولی مەهاباد، ٩ کەس لە دێی سەوزی مەهاباد، ٤٠ کەس لە گووندەکانی کۆیکان، دیلانچەرخ، حەڵبێ، کەرێزەی شکاکان و یونسڵیانی نەغەدە، ٩ کەس لە دێهاتەکانی دێمەسوور، جەعفەرئاوا و مەرجان ئاوێی مەهاباد، ١٣ کەس لە دێهاتەکانی هەڵقووش و گێجەی ورمێ، ٢١ کەس لە دێهاتەکانی چەقەڵ مستەفا، خەلیفەلیان و گوورخانە و ٦ کەس لە گووندەکانی سریل‌ئاوا، گوندەوێلە و دوانی شنۆیە لە خەرمانانی ساڵی ١٣٦٢ هەر بەردەوام بوو (بە پێی ڕاپۆرتێک لە نووسینی شەهابەددینی شێخی کە لە "روز آنلاین" بڵاوی کردۆتەوە).

لـەو قـۆنـاغـەدا بـە گشتی نزیک بـە ٧٠٠ کـەس لە هاووڵاتیانی کورد ئێعدام کران کە نزیک بە ٣٥٠ کەسیان وەک لایەنگر یا کادری حیزبی دێموکرات و ٢٠٠ کەسیان وەک لایەنگر یا کادری کۆمەڵە ناسران و ١٥٠ کەسەکەی دیکەش لایەنگری حیزبەکانی دیکە یان هاووڵاتیانی بێ لایەن و ناحیزبی بوون.

تەنیا لـە سـاڵی ١٣٦٢، زیـاتـر لـە ١٦٠ کـەس لە زیندانیانی سیاسی کـورد ئێعدام کـران. ئێعدامی ٥٩ هاووڵاتی مەهابادی لە ١٢ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٢ دا ڕوویدا. ئەو ٥٩ کەسە کە لە مانگەکانی خاکەلێوە و گوڵانی ساڵی ٦٢ لە سەردەمێک دا کە محەممەدڕەزا جەلایی پوور فەرمانداری مەهاباد بوو دەسبەسەر کرابوون، بۆ تەورێز بەرێ کران و دوای دادگاییەکی کۆرت هەموویان تیرباران کران.

لە ڕەوتـی ڕەشـەکـۆژی زیندانیانی سیاسی لە ساڵی ٦٧دا جگە لە ژمارەیەکی نادیار لە کوردەکانی زیندانی سەربەخۆ یا تاوانبار بە ئەندامەتی لە هێزە سیاسییە سەرانسەرییەکان، بەگشتی زیاتر لە ٦٠ کەس لە زیندانیانی سەر بە حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە لە گرتووخانەکانی شارەکانی کوردستان ئێعدام کران.

لـە سـاڵی ١٣٦٩ هـەشت زینـدانـی سیاسی کـورد کە لانیکەم ٣ کەسیان تاوانبار بە ئەندامەتی حیزبی دێموکرات بـوون، لە زیندانەکانی کوردستان ئێعدام کران.

## شەپۆلی سێهەمی ئێعدامەکان، لە سەرەتای دەیەی ٧٠ وە تا ئێستا

لە سەرەتای دەیەی ٧٠ تا سەرەتای دەیەی ٨٠، بەو پاکسازییەی لە دژبەرانی سیاسی لە ڕەوتی کۆمەلکۆژی ساڵی ١٢٦٧ ڕوویـدا، جگە لە ئێعدامی چەند زیندانی سیاسی کورد بە شێوەیەکی گشتی ئێعدامی سیاسی رووی نـەدا. بـەڵام لە ساڵی ١٣٧٠ نزیک ٢٥ زیندانی سیاسی کورد ئێعدام کران کە تەنیا ٣ کەسیان زانراوە کە سـەر بە کۆمەڵە بن. جگە لە چوار حالەتی دیکە لە ئێعدامی زیندانیانی نزیک لە کۆمەڵە لە چەند ساڵی سەرەتای دەیەی ٧٠، تا ساڵی ١٣٨٣ هیچ ئێعدامێکی سیاسی یان ڕانەگەیەندراوە کە بە واتـای ڕاگرتنی ئێعدامی سیاسی لە نێو کۆماری ئیسلامی لەو سەردەمە دایە یان ئەوە کە ئێعدامی سیاسی بە شێوەیەکی نهێنی ڕووی داوە.

لە ساڵی ١٣٨٣ بەملاوە دیسان ژمارەیەکی بەرچاو ئێعدام کران کە جگە لە چەند کەسێکی سەر بە چاڵاکانی سەلتەنەت خواز، موجاهیدینی خەڵق یا تاوانباران بە سیخۆری، ئێعدام کراوەکان سەر بە کەمینەکانی کورد، بەلووچ و عەرەب بوون.

**بەلووچەکان:** ئێعدامی بەلووچەکان ساڵانێکە کە بە تاوانی بەشداری لە قاچاخی مـادده سڕکەرەکان بەڕێوە دەچی. جگە لە دادپەروەرانە نەبوونی ڕەوتی بـەڕێوەچوونی دادگـای تـاوانبـارانی قاچاخی مـادده سڕکەرەکان، کەسانێک لە چاڵاکانی سیاسی دژبەر یا کەسانێک کە سەر بە هێزە چەکدارە ئیسلامی‌یەکانی بەلووچ بوون، لە ژێر ناوی قاچاخچی مادده سڕکەر ئێعدام کران.

بـەڵام لە ساڵی ١٣٨٨ بەملاوە ئێعدامی چاڵاکانی سیاسی بـەلـووچ بە ئاشکرا و بە تـاوانـی هـاوکـاری/ ئەندامەتی لە هێزە چەکدارەکانی بەلووچ، زیاتر بووە و هەروا بەردەوامە. بەگشتی لە ساڵی ١٣٨٨ دا نزیک بە ٥٠ چالاکی سیاسی بەلووچ لەوانە وێبلاگ‌نووسێکی ناسراو لە بەڵووچستان، بە تاوانی ئەندامەتی یا هاوکاری لەگەڵ هێزە چەکدارەکانی بەڵووچ ئێعدام کراون.

**عەڕەبەکان:** لە قۆناغی دووهـەمـی ئێعدامەکان دا، عەڕەبەکانی باشووری ئێران لە ئێعدام بـەدوور بوون، بەڵام بە ڕوودانـی چەند تەقینەوە کە بە وتەی هێندێک لـە چـاوەدێـران بـە ئامانجی دروستکردنی پاساو بۆ سەرکوتی چاڵاکانی بەشدار لە خۆپێشاندانی بەرفراوانی عەرەبەکان لە خاکەلێوەی ساڵی ١٣٨٤ ئەنجام درا، سەرکوت و ئێعدامی چالاکانی عـەڕەب دەستی پێکرد. هێندێک لەو کەسانە لە زیندان و لەژێر ئەشکەنجە ناچار کران لە دژی خۆیان قسە بکەن و دواتر لەبەرچاوی خەڵک یان بە نهێنی ئێعدام کران. تا ساڵی ١٣٨٦ نزیک بە ١٩ کەس لە چاڵاکانی عەڕەبی دەسبەسەرکراو، بە ئێعدام مەحکووم کران. لە ساڵی ١٣٨٦ بـەمـلاوەش هەموو ساڵێک هێندێک چالاکوان ئێعدام کراون کە لەوانە دەکرێ ئاماژە بە ئێعدامی پێنچ کەس لە دامەزرێنەرانی "مؤسسە الحوار" کە گرووپێکی کولتووری عەڕەبە بکەین. لەو قۆناغەدا بەگشتی نزیک بە ٦٠ کەس لە عەڕەبەکانی ئەهواز بە تاوانی هاوشێوە و پێوەندیدار بە تەقینەوە، ئێعدام کران.

**کوردەکان:** کرانەوەیەکی ڕێژەیی لەسەردەمی ڕێفورمخوازان و مەیلی دەسـەڵات بـۆ کۆنترۆلی دووبارەی کاروبارەکان، لە تەنیشت چالاکی چەکداری پڕش‌وبڵاوی پەژاک، کوشتنی کوردەکان بۆ ترساندنی چـالاکـان لـە ناوچەکانی دیکە، بـووە هـۆی ئـەوە کە شەپۆلێکی تـازە لـە ئێعدامی کـوردەکـان دەسـت پێ بکاتەوە.

ئێعدامی کوردەکان لەو قۆناغەدا لە خاکەلێوەی ٨٣ و بە ئێعدامی شەش کەس لە زیندانیانی گرتووخانەی سەقز کە سەر بە حیزبی دێموکرات لەقەڵەم دەدران دەستی پێکرد و بە ئێعدامی دوو زیندانی دیکە لە ساڵی ١٣٨٤ لە زیندانەکانی ورمـێ و سنە، زیندانی یەک لە ساڵی ١٣٨٦ و دوو زیندانی دیکە لە ساڵی ١٣٨٨ درێژەی کێشا.

ئەو ئێعدامانە لە سێ زیندانی سەقز، سنە و ورمێ ڕوویاندا، بەڵام لووتکەی ئەو ئێعدامانە کە نارەزایەتی بەرینی خەڵکی کوردستانی لێکەوتەوە، ئێعدامی فەرزادی کەمانگەر و هاورێیانی لە بانەمەڕی ١٣٨٩ بوو.

بەرەبەیانی ١٩ی بانەمەڕی ساڵی ١٣٨٩، دوای بڕینی خەتی تەلەیفون و دیداری گرتووخانەی ئەوین، پێنچ زیندانی سیاسی بە ناوەکانی فـەرزاد کەمانگەر، فەرهاد وەکیلی، عەلی حەیدەریان، شیرین عەلەم هولی و مەهدی ئیسلامیان لەسێدارە دران.

بـەڵام ئێعدامی کـوردەکـان لـە دوای نـارەزایـەتی بەرفراوانیش هەر بـەردەوام بوو. سێ کەس لە ساڵی ٩٢، شـەش زیندانی کـوردی سوننی لە ساڵی ٩٣ و شەش زیندانی لە ساڵی ٩٤ ئێعدام کران و واپێدەچی ئەو ڕەوتە هەر بەردەوام بێ.

**وەرگیراو لە سایتی رادیۆ زەمانە:** http:// www.radiozamaneh.com/240767

کوردستان
ئەدەب و هونەر
ژمارە: ٦٦٦
١ی خەزەڵوەری ١٣٩٤
٢٣ی ئۆکتۆبری ٢٠١٥

# وەرزی پاییز و گەشەی فەرهەنگ و ئەدەب لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان



**عەلی لەیلاخ**

لە مانگی یەکەمی پاییزی ئەمساڵ واتە ٩٤ی هەتاوی کۆمەڵێک کارو چالاکی فەرهەنگی وئەدەبی لە ڕۆژهەڵات دەستی پێکردووە و هێشتاکەش درێژەی هەیە، لەم بابەتەدا هەوڵ دەدەین هەم ئاوڕێکی خێرا بدەینەوە لە ڕەوتی گەشەی بواری فەرهەنگ وئەدەب لە ڕۆژهەڵات و، هەمیش چالاکییەکانی ئەم دواییانە زیاتربخەینە بەرباس.

ئەگەر ئەمڕۆکە چالاکییە فەرهەنگیی‌و مەدەنییەکانی ڕۆژهەڵات قەبارەی خەباتێکی نەرم‌و پڕداهاتی بە خۆیەوە گرتووە بەرانبەر بە سیاسەتی کەتمان‌و، وەلاخستنی سیاسی ناوەندو سانتڕالیزمێکی هەمەلایەنە بووە کە لە مێژە بۆتە بەربەستی سەر ڕێی بواری فەرهەنگ‌و هونەر لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی وئەم زەخت وبەربەستە زیاتر کوردستانی گرتووتەوە. بەڵام لە دەیەی حەفتا بەملاوە بە هۆکارگەلی سیاسیی ناوخۆیی وئاڵوگۆری ناوچە بەتایبەت بە دەسەڵات گەیشتنی کورد لە باشووری کوردستان گیانێکی تازەترو جموجۆڵی باشتر لە بواری فەرهەنگ‌و ئەدەب بەتایبەتی ئەدەبی زگماکی ونەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتدا دەبیندرێت. ئەم ڕەوتە هەرچەند لە دوای هاتنە سەرکاری دەوڵەتی بناژۆخوازان تا ڕادەیەکی زۆر کز دەبێ، بەڵام وەکوو خەباتێکی ئێعترازی بەرانبەر بە دەسەڵاتی باڵا بە تەواوی لە گەڕ ناکەوێ و کۆمەڵی چالاکان‌و خەمخۆرانی بواری فەرهەنگ لە کەمترین و بەرتەسکترین دەرفەت بەباشی کەڵک وەردەگرن بۆ پەرەپێدان بە زمان‌و ئەدەب‌و کلتووری نەتەوەیی. بە سەرنجدان بە کۆی ئەو ڕێورەسمانە دەردەکەوێ کە لە چەند خاڵدا هاوبەشن:

یەکەم، هەڵگری باگراوەندی نەتەوەیین بەتایبەت لە بواری زماندا، دووهەم لەسەر دەستی کۆمەڵێک هەڵسوورو چالاکی مەدەنی‌و فەرهەنگی بەڕێوەدەچن و لە لایەن خەڵکەوە باشترین پێشوازییان لێدەکرێ. هەروەها لە سایەی ساباتی ئەم چەشنە چالاکی گەلە، ناوچە جیاجیاکانی ڕۆژهەڵات تێکەڵاوی‌و پێوەندییان زیاتر بووە؛ باشتر لەگەڵ جیاوازی‌و فرەچەشنی زاراوەیی‌و کلتووری یەک ئاشنا بوونە‌و بۆتە هۆی پتەوبوونی پێوەندی فەرهەنگی‌و نەتەوەیی. خاڵی گرینگتر بووژانەوەو بە جۆرێک زیندووبوونی هەستی شوناسخوازی لەو ناوچانەیە کە بە هۆی پانتایی جوغرافیاو سیاسەتی دەسەڵاتداران‌و شۆڕنەبوونەوەی دیالۆگی میللی - دێمۆکراتیکی کورد بۆ ئەو ناوچانە وەکوو کرماشان‌و ئیلام‌و ... لە دەیەی٧٠ی هەتاوی بەملاوە شێوەی بەربڵاو بەخۆیەوە دەگرێ‌و، هەربۆیە ڕۆژبەڕۆژ شاهیدی گەشایی زیاترین و سیاسەتی چەندین‌و چەند ساڵەی حکومەتی ناوەندی روو لە هەرەس هێنانە. بۆ نموونە لە ڕۆژانی ١٤و ١٥ی ڕەزبەری ئەمساڵ لە شاری(گیلانغرب)ی پارێزگای ئیلام کە چەند ساڵێکە بۆتە یەک لە ناوەندە گرینگەکانی ئەدەب‌و زمانی کوردی لەو پارێزگایەو کاریگەری ئەوتۆی هەبوو بەسەر شاروگۆندەکانی دەوروبەری خۆی، دووهەمین فستیڤاڵی «مندال‌و مەلوچگ» بەرێوەچوو کە هەر ناوەکەی نیشانەی بایەخدانێکی بنەڕەتی‌و زانستییە بە زمانی زگماکی‌و ئەدەبی زارەکی لەو ناوچەیە و گشتگیر کردنی لەنێو بنەماڵەو منداڵاندا، کە چیتر وەکوو بەرەی ڕابردوو تووشی مەسخی فەرهەنگی نەبن کە ئەمە بۆ خۆی خەباتێکی ژێرخانی و داهاتوودارە.

دەتوانین بیژین: سەرەڕای نەبوونی دەسەڵاتی کوردی‌و دێموکراتیک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و توتالیتەریی کۆماری ئیسلامی کە وەکوو پاییزێک سێبەرێکی ساردو درێژی کشاوە بەسەر خواست‌و ویستی نەتەوەیی، چالاکان، نووسەران، هۆگران‌و خەمخۆرانی بیاڤی فەرهەنگ‌و ئەدەب هیچکات خەمساردنەبوونەو لەوپەڕی هەبوونی بەربەستی ماددی‌و مەعنەوەی درێژە بە تێکۆشانی خۆیان دەدەن کە جێگەی سەرنج و پێزانینە.

پاییزی ئەمساڵ لە شارەکانی ڕۆژهەڵات بە هەوڵ‌و ماندووبوونی خۆیان بەهارێکیان نەخشاند لە باخی خەزان لێدراوی فەرهەنگ‌و ئەدەبی کوردی‌و ئەم کاروانە گوڵرێژە هێشتاکەش درێژەی هەیە. چەند ڕێورەسمی ئەم دواییانە بریتین لە:

١- بەرێوەچوونی دەیەمین فستیڤاڵی نێونەتەوەیی شانۆی سەرشەقامی شاری مەریوان لە ڕۆژانی ٦ هەتا ٩ی ڕەزبەر. شانۆی سەرشەقامی مەریوان کە دەساڵە لەو شارەدا بەرێوە دەچێ، ئێستاکە بۆتە بوونێکی فەرهەنگی گرینگ و نازناوی نێونەتەوەیی هەیە. ئەم فستیڤاڵە ئەمساڵ بە چەخت کردن لەسەر داب‌و نەریتی گەلان‌و هەروەها نواندنی شێوەی نوێی لە شانۆی سەرشەقام و بە دروشمی «ئاشتی، دۆستی و بەرگری کردن لە هەژاران لە ئاستی نێونەتەوەیی‌و بە بەشداری دەیان گرووپی شانۆی کوردستانی‌و بیانی لە شاری مەریوان بەرێوەچوو.



٢- دووهەمین فستیڤاڵی ئەدەبی »منداڵ‌ومەلوچگ» لە شاری گیلانغەربی پارێزگای ئیلام، لە ڕۆژانی ٦ تا ٧ی ڕەزبەر. ئەم فستیڤاڵە یەکەمجار لەسالی ٩٢ی هەتاوی لە شاری «ئەیوان» بەرێوەچوو.




٣- بەرێوەچوونی سێهەمین «پاییزە شێعری لەیلاخ» لە شاری دێولان بەهاوکاری ئەنجومەنی ئەدەبی ئەو شارەو ڕیکخراوی فەرهەنگی ڕچەی لەیلاخ.

٤- ڕۆژی پێنج شەممە ٢٣ ڕەزبەر لە شاری شنۆ بە هیمەتی بنکەی›› پرشنگی گەڵاوێژی» ئەوشارەو بەشێکی زۆر لە فەرهەنگ دۆستانی ڕۆژهەڵاتی یەکەمین کۆنگرەی ڕێزگرتن‌و ناسینی شاعیرعارفی کورد»شێخ ئەحمەدی کۆر» بەرێوەچوو کە لەو ڕێورەسمەدا ١٩بابەت‌و پانێلێکی زانستی لە لایەن بەشداربووانەوە پێشکەش کراو قەرارە کۆی بابەتەکان لە دووتۆی کتێبێک بخرێتە بەردیدەی خوێنەران.




٥- پاییزی ئەمساڵ دوابەدوای بڵاوکردنەوەی بانگەوازێک لە لایەن هێندێک لە ڕێکخراوە مەدەنییەکانی شاری سنەو چەند شارێکی دیکەی ڕۆژهەڵات ڕۆژی ٢٣ڕەزبەریان بە ڕۆژی گرینگی‌دان بە جل‌وبەرگی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دیاری کردو هەر بو ئەم مەبەستەش داوایان لە خەڵکی ڕۆژهەڵات کرد کە بۆ زیندوومانەوەو بایخدان بە کەلەپووری ڕەسەنی کوردی، لەو ڕۆژەدا بە سیمایەکی نەتەوەیی لە شارو بازارو شوێنی کارو خوێندنگەو زانکۆکان دەرکەون، کە ئەم بانگەوازە بە جوانی‌و لە ئاستێکی بەربەرین‌دا لەلایەن خەڵکی ڕۆژهەڵات بەتایبەت شارەکانی سنەو سەقز پێشوازی لێکراو، وەکوو خەباتێکی نەرم‌و کەم تێچوو دەنگدانەوەی باشی هەبوو.

ئەم چەند ڕێورەسمە لە سەرەتای پاییزەوە هەتا ئێستا لە ڕۆژهەڵات بەریوەچوون. هەروەها لە ڕۆژانی داهاتوو لە شاری پیرانشار پێنجەمین فستیڤاڵی فۆلکلۆری کوردی لە ژێر ناوی «هەوارگەی سۆز» لە ڕێکەوتی ١٠ی خەزەڵوەر بەرێوە دەچێ.

٦- دەسپێکردنی یەکەمین خەڵاتی ئەدەبیی کتێبی کورد بە ناوی «خەڵاتی ئەدەبیی د.برایم یوونسی» لە شاری بانە کە قەرارە ئەم خەڵاتە لە مانگی ڕێبەندانی ئەمساڵ لە چەند بەشی »ڕۆمان، چیرۆک، ڕەخنەو لێکۆڵینەوەو وهرگێڕانی ئەدەبی» پێشکەش بکرێت.




بە لەبەرچاو گرتنی کۆی ئەم ڕووداوە فەرهەنگیانەی ڕۆژهەڵات دەتوانین بڵێین: خەباتی نەرم ونیانی فەرهەنگی لە ڕۆژهەڵات لە ناخی پاییزدا لە گەشە کردن دایەو موژدەی بەهارێکی بەرینی پێیە.

**تەنیا جلجتائێکی نوێ و خاچێکی نوێ بێت**

**ئەی چارەنووس! ڕێگام بۆ ئاوەڵاکەوە ،**
**تاکوو بۆ کۆمەڵگای مرۆڤ هەنگاوێک هەڵگرم ،**
**تاکوو ئەم ئاگرە پاکە کە دەم ورووژێنێت**
**بە خۆڕایی لە نێو نەچێت .**

**من گڕێکم لە دڵ دایە،**
**هەر دڵۆپە خوێنک لە دەمارەکانمدا دەکوڵێنێت.**
**هەر لێدانێکی دڵ نزایەکە ،**
**بۆ بەختەوەری جیهان.**

**دەمەوێ ڕۆژێک بتوانم هیواکانم بڵێم**
**نەک تەنیا بە قسەی نێوان پووچەڵ، بەڵکوو بە کار و کردەوە،**
**ئەگەرچی خەڵاتی کارم**

**مردن لە بەر ئاسوودەیی هەموو خەڵکان،**
**چەند خۆش و چەندە جوانە.**
**خۆشتر و جوانتر لە هەموو چێژبردنەکان لە هەموو تەمەنی بێ‌ئاکام و بێ کەڵک.**
**بڵێ!ئەی چارەنووس بڵێ!**
**کە مەرگێکی وام هەیە ،**
**مردنێکی پیرۆز .**
**لەو کاتەدا من بە دەستانی خۆم ساز دەکەم**
**خاچێک کە لە سەری بزمارڕێژ دەکرێم**
**.................................**
**شیعر: شاندره پتۆڤی**
**وەرگێر: ساراهەورامی**

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO:666 23 Oct 2015

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11642
polarization: horezental-SR: 27500 - FEc : 3/4
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Tashkilat.kdp92@gmail.com

## بەر لە ماڵاوایی

## بزووتنەوەی ئیسلامی و پەڵەیەکی شوورەیی نەسڕاوە

١٩ ساڵ لەمەوبەر، شەوی ١٩ لەسەر ٢٠ی ئۆکتۆبری ١٩٩٦ (٢٨له سەر٢٩ی ڕەزبەری ١٣٧٥ی هەتاوی)، حەوت تێکۆشەری حیزبی دێموکڕات بە ناوەکانی ١. ئەرشەد ڕەزایی ٢. محەممەد عەزیز قادری ٣. داریووش ئیسلامدووست ٤. یوونس محەممەد پوور ٥. عەدنان ئیسماعیلی ٦. موزەففەر کازمی ٧. مەعرووف سۆهرابی، لە نزیک شاری هەڵەبجەی باشووری کوردستان ، لە لایەن چەکدارەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستانی عێراقەوە بەدیل گیران و تەحویلی کۆماری ئیسلامیی ئێران درانەوە.

بۆ ماوەی چەند ساڵ، حیزبی دێموکرات و بنەماڵەکانی ئەو تێکۆشەرانە، سەرەڕای هەموو هەوڵێکیان، نەیانتوانی هیچ زانیارییەک لەبارەی چارەنووسی ئەو پۆلە تێکۆشەرە دوای تەحویلدرانەوەیان بە ڕێژیمی ئێران، بە دەست بێنن. تەنیا یەکێک لە تەحویلدراوەکان بەناوی داریووش ئیسلامدووست، لە کاتێکدا دەزگای تیرۆر و جاسووسیی کۆماری ئیسلامی دەیەویست بۆ بەڕێوەبردنی پیلانێک لە دژی حیزبی دێموکرات لە خاکی کوردستانی عێراق دا بەکاری بێنێ، لە دەرفەت کەڵکی وەرگرت و گەڕایەوە نێو هاوسەنگەرانی. ناوبراو لە چەند وتووێژی ڕۆژنامەنووسی و ڕادیۆیی دا، پەردەی لەسەر پیلانی شەرماویی هاوبەشی بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستانی عێراق و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەدژی خۆیان لادا و چۆنیەتیی بەدیلگیران و تەحویلدرانەوە بە دەزگای ئیتلاعاتی ئەو ڕێژیمەی لەقاو دا.

بەدوای هەوڵێکی بەرینی حیزبی دیموکرات لە ڕادەی نێونەتەوەیی‌دا و پاش گوشاری ڕێکخراو و کەسایەتییە سیاسییەکان و ناوەندە مرۆڤدۆستەکان بۆ سەر ڕێژیمی ئێران بە مەبەستی ئاشکرا کردنی چارەنووسی ٦ پێشمەرگەی سەر بەو حیزبە، سەرئەنجام مورتەزا سەرمەدی باڵوێزی ئەوکاتی کۆماری ئیسلامی لە بریتانیا، ڕۆژی ٢٩ی مارسی ٢٠٠٤، لە وڵامی نامەی بەڕێز جێرمی کۆربین، جێگری سەرۆکی گرووپی مافی مرۆڤ لە پارڵمانی بریتانیا، دانی بە کوژرانی ئەو ٦ کەسەدا نا. لە نامەی ناوبراودا کوژرانی ئەو ٦ کەسە درابووە پاڵ «بزووتنەوەی ئیسلامی» و هاتبوو کە ئەو ٦ کەسە هەر ئەوکات کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە گەڕاونەوە، لە تێکهەڵچوون لەگەڵ «بزووتنەوەی ئیسلامی» لە خاکی هەرێمی کوردستاندا، کوژراون.

سەران ودەمراستەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی هەموو جارێ کە لە لایەن میدیاکانەوە بەرەوڕووی پرسیار لە بارەی ئەم تاوانە پڕشوورەییە کراونەوە، لە لایەکەوە هەوڵیان داوە حاشا لە ئەنجامدانی ئەو تاوانە لە لایەن ئەم ڕێکخراوە بکەن و بڵێن لە شەوێک دا کە کۆنترۆڵی شاری هەلەبجە نەک بە دەست ئەوان بەڵکوو بە دەست هیزەکانی یەکیەتیی نیشتمانییەوە بووە، ئەم تاوانە ڕووی داوە. لە لایەکی دیکەوە دەڵێن با حیزبی دیموکرات لە دادگاکانی هەرێم سکاڵا لە سەر بزووتنەوە تۆمار بکا و ئەوان لە دادگا بەرەوڕووی ئەو تاوانبار کردنە دەبنەوە. دوا نموونە لە دووپاتکردنەوەی ئەم قسە سواوانە، لە وتووێژەکەی ئەم دوایانەی عیرفان مەلا عەلی ڕابەری گشتی بزووتنەوەی ئیسلامی لە گەڵ کاوە ئەمین لە بەرنامەی»پەنجەمۆر«ی تەلەڤیزیۆنی «ڕووداو» دا بوو. خاڵی سەرنجڕاکێش و هەر لەو کاتە دا زۆر تاڵیش لەم پێوەندییە دا ئەوەیە هێندیک جار ئاماژە بەو تاوانە تیرۆریستیانەی دیکە دەکەن کە لە ناوچەی ژێر دەسەلاتی هێزەکانی دیکەی هەرێم دا لە دژی حیزبی دیموکرات و تێکۆشەرانی ئەم حیزبە ڕوویان داوە و دەڵێن بۆچی باسی ئەوانی دیکە ناکەن و هەر تەنیا ئەم تاوانە وەبیر دێننەوە!! هەر وا بزانە ئەنجامدانی تاوان دژی حیزبی دیموکرات و تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی بۆ هەموو لایەنەکان موباح و ئاسایی بووە و ڕەوا نییە مەسئولییەتی ئەم یەکەیان بە چاوی بەڕێوەبەرانی دا بدرێتەوە!

بەڕێوەبەرانی ڕێکخراوی بزووتنەوە ئیسلامی بارودۆخی تایبەتی ناوچەی هەڵەبجە لە پاییزی ساڵی ١٩٩٦یان بۆ تەحویلدانەوەی ئەو پۆلە تێکۆشەرەی حیزبی دیموکرات قۆستەوە. ئەو کات بە خەیاڵی خۆیان پییان وابوو دەتوانن ئاڵۆزییەکانی ئەو ناوچەیە بکەنە سەرپۆشێکی باش بۆ شوێنەونکە و خۆدەرهاویشتن لە بەرپرسایەتیی ئەنجامدانی وەها تاوانێک. بەڵام دوای لە ئیعدام ڕزگاربوونی یەکێک لەو ٧ کەسە و شایەدیدانی لە سەر چۆنیەتیی ڕووداوەکە لە میدیاکان دا، حاشاکردن و خۆدزینەوە نەیتوانیوە بەرۆکی بەڕێوەبەرانی ئەم ڕێکخراوەیە لە چنگ مەسئولییەتی تاوانەکەیان، ڕزگار بکا. ئەگەر چی بە بێ شایەدیدانی داریووشی ئیسلامدوستیش، دەرکەوتبوو کە ڕووداوەکە نەک لە نێو شاری هەڵەبجە کە ئەو شەوە لە کۆنترۆڵی هێزەکانی یەکیەتیی نیشتمانی دابوو، بەڵکوو لە دەرەوەی ئەو شارە و لە سەیتەرەی بزووتنەوەی ئیسلامی، ڕووی دابوو.

سەران و بەڕێوەبەرانی بزووتنەوە، وەک دەبینن نە بە تێپەڕینی زەمان و نە بەو جۆرە پاساوو بەرگرییانە نەیانتوانیوە پەڵەی ئەم تاوانە پڕشوورەییە لە نێوچاوانی خۆیان و ڕێکخراوەکەیان بسڕنەوە، بە دڵنیاییەوە بە حەواڵەدانی کەیسی ئەم ڕووداوەش بۆ لای دادگاکانی هەرێم، ناتوانن ئاوێک بەم ئاگرە دا بکەن و خۆیان وەک بێتاوان نیشان بدەن. دیارە ئەگەر دادگا و مەحکەمە و دادوەری ئەوتۆ لە هەرێم پەیدا ببن کە بەرپرسایەتیی لێکۆڵینەوە لەم کەیسە بگرنە ئەستۆ و بێ سڵەمینەوە لە ئاکامە سیاسییەکانی، بڕیاری خۆیان لە سەر تاوانبارانی ڕووداوەکە بدەن، بە دڵنیاییەوە حیزبی دیموکرات و بنەماڵەی قوربانییەکان پێشوازیی لێ دەکەن. هەر دادگایەکی سەربەخۆ و بێلایەن و هەر دادوەرێکی بوێر بیهەوێ بێ وەبەرچاوگرتنی ئاکام و تێبینیی سیاسی و ئەمنیەتیی پێوەندیدار بە ئاکامی بڕیاردانێکی شەففاف و دادپەروەرانە لە سەر کەیسی ئەم تاوانە بێتە مەیدان، دەبنە جێگەی ڕێز و ستایشی خەڵکی خاوەن ویژدان.

حیزبی دیموکراتی کوردستان لە نۆزدەیەمین ساڵی ئەو تاوانە پڕشوورەیی‌یەدا، لە کاتێکدا بە ڕێزەوە یادی قوربانییەکان دەکاتەوە، داواکارە لایەنگران و خوازیارانی حەق و عەدالەت لە هەرێمی کوردستان و لە هەر شوێنێکی جیهان، ئەرکی ئینسانی، نیشتمانی و ئەخلاقیی خۆتان بەرامبەر بەخوێنی بە ناحەقرژاوی قوربانییەکانی ئەو تاوانە، جێبەجێ بکەن. داوامان ئەوەیە ڕێبەرانی کۆن و ئێستا، بڕیاربەدەستانی ئەوکاتی بزووتنەوەی ئیسلامی و کەسانی تاوانبارکراو بە بەڕێوەبردنی ئەو تاوانە بخەنە ژێر گوشار بۆ ئەوەی بە پێی بەرپرسایەتیی ئەوکاتی خۆیان و ڕۆڵیان لە ئەنجامدانی ئەو تاوانە و لێنەپرسینەوە لە تاوانباران لە بەرامبەر بیروڕای گشتی دا وەڵامدەر بن.

بۆ جارێکی دیکەش دووپاتی دەکەینەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەتا ئەوکاتەی حوکمی عەدالەت لە بارەی بەڕێوەبەرانی ئەو تاوانە بەڕێوە نەچووە، لەسەر دادخوازی و پێویستیی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لە تاوانی بە دیلگرتن و تەحویلدانەوەی ئەو پۆلە تێکۆشەرەی دێموکرات، بەردەوام دەبێ.

## کێشانەوەی نەققاشییەکی ٤٠٠ میتری لەلایەن ٦٠٠ قوتابیی بۆکانی



قوتابییەکان کە باشترین وێنەکانیان کێشابۆوە خەڵات کران.

زیاتر لە ٦٠٠ قوتابیی بۆکان بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی منداڵان لە فستیڤاڵێکی نمادین‌دا درێژترین نەققاشیی ئێرانیان کێشاوە.

لەو فستیڤاڵی وێنەییەدا قوتابیانی سەرەتایی قوتابخانەی خەدیجەی بۆکان ئەو نەققاشییە ٤٠٠ میترییەیان بەبەشداریی شۆڕش نەسیری، بە دەستوبردترین شێوەکاری ئاسیا کێشاوەتەوە.

شۆڕش نەسیری لە پەراوێزی ئەو فستیڤاڵەدا گوتی ئەو چالاکییە بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی منداڵو بە مەبەستی ڕێزگرتن لە منداڵان‌و پێکهێنانی کەشێکی شادو خۆشی بۆ ئەوان پێکهاتوە.

ئەو گوتی بۆ ئەو نەققاشییە گەورەیە بۆ هەر قوتابییەک میترو نیوێک کاغەز لەبەرچاو گیرابوو، قوتابییەکانیش بە کەلکوەرگرتن لە میدادڕەنگی، گواش، میداد شەمعی‌و ماژیک وێنەی دڵخوازی خۆیان کێشاوە.

لە کۆتایی ئەو ڕێوڕەسمەدا کە لە ساڵۆنی وەرزشیی دەبیرستانی سەعادەتی میراوای بۆکان بەڕێوەچوو، ٣٠ کەس لە

## بەڕێوەچوونی فستیڤاڵی " لایەلایە"ی کوردی لە کامیاران

یەکەمین فستیڤاڵی فەرهەنگیی "لایە لایە"ی کوردی لە شاری کامیاران بەڕێوەچوو.

بەڕێوەبەرانی ئەم فستیڤاڵە دەڵێن مەبەست لە بەڕێوەبردنی ئەم فستیڤاڵە پاراستن‌و پەرەپێدانی لایەلایەی ناوچەیی‌و فۆلکلۆری کوردییە؛ هەروەها ئامانجێکی دیکەش لە بەڕێوەبردنی فستیڤاڵێکی لەم چەشنە کۆکردنەوەو ڕێگری کردنی لە بیرچوونەوەی لایەلایەی کوردی‌و ڕێزگرتن لە چالاکانی بواری فەرهەنگ‌و هونەر بووە.


بەپێی ڕاپۆرتی سایتی ناوچەیی «هاژە« لەم فستیڤاڵەدا کە ماوەی ڕۆژێکی خایاند، چەندین بەرهەم لە پارێزگا جۆراوجۆرەکانی وەک ئیلام، کرماشان، سنەو تاران لە بەشە جیاجیاکان بە تایبەت بە وتار نووسین بەشدارییان کردبوو، لە نێو زیاتر لە ١١٠ بەرهەم کە بۆ ئەم فستیڤاڵە نێردرابوون، ٣٥ بەرهەمی لایەلایەی کوردی، ١٧ وتار، ٢ کورتە فیلم‌و ٧ گرووپی مووسیقی گەیشتنە قۆناغی پێشبڕکی.

لەم فستیڤاڵەدا ڕێز لە حیکمەت باتمانی هونەرمەندی شاری کامیاران گیرا کە لە بەشی مووسیقی، ژەنیاریی جۆرەکانی ساز بە تایبەت دەف، چیرۆک، شێعر و وتارنوسین‌دا چالاکییەکی زۆری بووە.

لەم فستیڤاڵەدا خەڵات‌و لەوحی ڕێزلێنان پێشکەش بە ١٢ کەسی سەرکەوتوو لە بوارەکانی مووسیقی، وتارو خوێندنی لایەلایە کرا.



## بەڕێوەچوونی کۆڕێکی شیعری بۆ قاسم موئەیدزادە



کۆڕێکی شیعری بۆ شاعیری کورد قاسم موئەیدزادە ناسراو بە «هەڵۆ» لەشاری سەقز بەڕێوەچوو.

زانکۆی ئازادی ئیسلامی لە شاری سەقز، بە هاوکاری ئەنجومەنی مەولەوی کورد و ئەنجومەنی پەیڤ، ئێوارە شێعرێکیان بۆ شاعیری کورد قاسم موئەیدزادە سازکرد.

لەو کۆڕەشیعرییەدا هەڵۆ، بەخوێندنەوەی هەڵبەست و بەرهەمە شیعرییەکانی خۆی ئامادەبووانی هێنایەجۆش و خرۆش.

کەسایەتییە کەلتووری و چالاکانی زانستی و هونەری و قوتابیانی ناوچەی سەقز پێشوازییەکی گەرمیان لەو ئێوارە شیعرە کرد، هەڵۆ لەسەر بانگهێشتی زانکۆی ئازادی ئیسلامی یەکەی سەقز لەهۆڵی کۆبوونەوەکانی دکتۆر محەمەد فازلی چەندین پارچە شیعری بەهەر دوو زمانی کوردی و فارسی خویندەوە.

هەڵبەست و بەرهەمە شیعرییەکانی ئەو شاعیرە بە زمانەکانی کوردی و فارسی و بە شێوازەکانی کلاسیک و عەرووزی و ئازاد هۆنراوەتەوە و لە کتێبی کۆمەڵە شیعری «برووسکە« چاپ و بڵاوکراوەتەوە کە بەرهەمی چەندین دەیە هەوڵ و داهێنان و خزمەت و چالاکیی ئەو لەبواری فەرهەنگ و زمان و ئەدەبیات و شیعری کوردی دایە.

هەڵۆ لەماوەی ساڵانی کار و چالاکیی ئەدەبیی خۆیدا چەندین کۆڕ و کۆبوونەوەی شیعری سازکردووە، پارچە شیعری «یارە ژیکەڵانەکەم» یەکێکە لە بەرهەمە جوان و هەرە ناسراوەکانی ئەو شاعیرە مەهابادییە کە لە ساڵانی ڕابردوودا کەوتەسەر زاری خەڵکی کوردستان و چەندین جار لەلایەن هونەرمەندان و گۆرانیبێژانی کورد بە مەقام و گۆرانی ئاراستەکراوە.

## هونەرمەندانی کورد خەڵاتەکانی جەژنی ساڵانەی موسیقیی ئێرانیان وەدەست هێنا




ئەم بەشەی لەڕوانگەی کارناسانەوە وەدەستهێنا. سێهەمین جەژنی ساڵانەی موزیکی ئێمە بەدروشمی «جەژنی هاودڵیی چالاکانی موزیکی ئێران» و بەئامانجی قەدرناسی‌و پێزانین لەیەک ساڵ چالاکیی هونەرمەندانی بواری موسیقی بەڕێوەچوو.

هونەرمەندان‌و موسیقاژەنەکانی کورد خەڵاتەکانی بەشە جۆراوجۆرەکانی سێیەمین جەژنی ساڵانەی «موزیکی ئێمە» لەئێرانیان وەدەستهێنا.

لە کۆتایی ڕێوڕەسمی سێیەمین جەژنی ساڵانەی ماڵپەڕی هەواڵ و لێکدانەوەی موزیکی ئێمە بۆ ناساندنی باشترینەکانی موزیکی ساڵی ڕابردووی ئێران کە لە تەلاری وەحدەت لەشاری تاران بەڕێوەچوو، ئاوازدانەری‌و ژەنیاری ناوداری کورد «کەیهان کەلهوڕ»، خەڵاتی تەندیسی زێڕینی باشترین ئەلبومی موزیکی مۆدێرن، نەتەوەکان و کلاسیکی بەهەڵبژاردنی کارناسان بۆ ئەلبومی «لایەکانی تاریکی» پێبەخشرا.

هەروەها لەبەشی باشترین ئەلبومی موزیکی هاوچەرخ، ڕەسەن و کلاسیکی ئێرانی بەهەڵبژاردنی کارناسان ئەلبومی «تنۆکەکانی باران» بەرهەمی کەیخوسرەو پوورنازری، تەهمورس و سۆهراب پوورنازری و بەدەنگی عەلیرەزا قوربانی هەڵبژێردرا.

لە بەشی خەڵاتی باشترین ئەلبومی موزیکی تێکەڵاو و ئەزموونیدا خەڵاتی بەرهەمی هەڵبژاردەی خەڵکی بە هومایوون شەجەریان و سۆهراب پوورنازری بۆ ئەلبومی «سووراوی خەست» پێشکەش کرا.

هەروەها ئەلبومی «نەفریشتەم، نەشەیتان» بەرهەمی تەهمورس پوورنازری وەکوو پڕفرۆشترین ئەلبومی مەجازی هەڵبژێردراو لەبەشی باشترین پارچەموزیکی تێکەڵاو بەستەی «لەگەڵ من ئەی پەیکەر» بەرهەمی سۆهراب پوورنازری خەڵاتی